# وریای شەهرستانی بن
# لە حکومەتی نوێی عێراقدا



خالید ساڵح
بۆ گوڵان نووسیویەتی *

لە ڕۆژی دووشەممەی ڕێککەوتی ٢٥ی ئاب، دادگایەکی تێکساس بڕیاری ئازادکردنی کەشتییە دەستبەسەردا گیراوەکەی کەنداوی مەکسیکی دەرکرد، کە یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی کوردستانی هەڵگرتبوو. لە کۆتایی مانگی تەممووزەوە دەست بەسەر ئەم کەشتییەدا گیرابوو، ئەویش لەسەر داوایەکی فەرمیی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵی کە بانگەشەی ئەوەی کرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەفتارێکی نایاسایی کردووە لە ڕێی فرۆشتنی «نەوتی عێراق»ـەوە بە کڕیارە نێودەوڵەتییەکان بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا وەربگرێت.

حوکمەکەی دادگای تێکساس جێی بایەخپێدانێکی تایبەتییە: «هەناردەکردنی نەوتی ڕێگەپێنەدراوی کوردستان لە ڕێی زەمینییەوە - دواتر لە ڕێی دەریاوە - ڕەنگە یاسای عێراق پێشێل بکات، بەڵام یاسای دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشێل ناکات.» ئەمە قسەی دادوەرەکەیە. دەکرێت هەناردەکردنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە «ڕێگەپێنەدراو» لێکبدرێتەوە، بەڵام ئەمە «نایاسایی» نییە، هەروەك ئەوەی حکومەتی بەغدا - کە شیعەکان باڵادەستن بەسەریدا - ئەم بەرگە بە بەر هەر هەوڵێکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکات کە بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەیدات.

ڕەنگە ئەمە وەك بڕیارێکی بچووك لێك بدرێتەوە لە شەڕێکی دوور و درێژ و درێژخایەنی دەستووری نێوان هەرێمی کوردستان و باقی عێراقدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هەنگاوێکی دیکەیە بەرەو هەوڵ و کۆششە سیستماتیکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دەستوورییەکانی. بە هەمان شێوە، پێش ئەم بڕیارەی دادگای تێکساسیش، دادگای باڵای عێراقی فیدراڵ لە بەغدا هەوڵێکی هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی عێراقی ڕەتکردەوە بۆ ڕێگەگرتن لە هەرێمی کوردستان بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەی لە کێڵگە نوێیەکانەوە.

ئەگەر لە سیاقی گونجاوی خۆیاندا بیانخوێنینەوە، ئەوا هەردوو بڕیارە بەڵگەنامەیەکی ڕوونن و دراونەتە وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵی و جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی، حوسێن شەهرستانی و سەرۆك وەزیرانی ماوە کۆتاهاتوو، نوری مالیکی، لەبارەی شکستهێنانیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی فیدراڵیزم لە عێراقدا و دەستووری فیدراڵی. هەروەها ئەمە بەڵگەنامەیەکە دراوەتە هەرێمی کوردستان و دووپاتی ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە بە ئاراستەی ڕاست و دروستدا هەنگاو هەڵدەگرێت.

بەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، بەدەستهێنانی هەر دەستکەوتێك بە تێکۆشان بووە و لە ئایندەشدا هەروا دەبێت. کاتێك هێزی کوردیی بەرهەڵستی ڕژێمە ناسیۆنالیستییە عەرەبییە جیاوازەکانیان لە بەغدا کرد، ناچار بوون شەڕ بۆ مافە بنەڕەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی کەمینە بکەن. سەرکردەی کورد ناچاربوون قەناعەت بە عەرەبە سۆشیالیست و لیبراڵ و ئیسلامییە میانڕەوەکان و کۆمۆنیستەکان بهێنن کە پێدانی ئەم مافە بە کوردەکان و کەمینەی دیکەی وڵاتەکە خزمەت بە بەرژەوەندی سەرجەم عێراق دەکات.

تەنانەت لە نێو جەرگەی شەڕدا دژی ڕژێمە سەرکوتکارەکان لە بەغدا، هەرگیز سەرکردایەتی کورد دەستی لە باسکردن لە دیموکراسی بۆ سەرجەم عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان هەڵنەگرت. هەروەك خالید ئەلقەشتینی، کە ستوونووسی (شەرقوئەلئەوسەت)ە، چەند ڕۆژێك پێش ئێستا نووسیویەتی، کە هێزی پێشمەرگەی کورد هەرگیز عەرەبە مەدەنییەکانیان نەکردۆتە ئامانج لە خەبات و تێکۆشانی سیاسیاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە بنەڕەتییەکانیان.

لە ماوەی خراپترین ڕۆژگارەکان ژیانی کورد لە عێراقدا لە ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێك ڕژێمی سەددام حوسێن جینۆسایدی دژی کوردەکان ئەنجام دا و چەکی کیمیایی و بایەلۆژی بەکارهێنا، بزووتنەوەی بەرگری کورد لە ڕەفتاری جوامێرانەی خۆی لای نەدا و هێرشی نەکردە سەر عەرەبە مەدەنییەکان.

لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، سەرکردایەتی کورد بە شێوەیەکی سیستماتیکی کاریان کرد بۆ خستنەڕووی بیرۆکەی فیدراڵیزم بۆ سەرکردەی موعارەزەی عێراقی بە ئامانجی ئەوەی ژیان لە عێراقی دوای سەددامدا لەسەر بنەمای دەستوور بەڕێوەبچێت، دەستوورێك کە ڕەنگدانەوەی فرەیی ئایینی و ئیتنی و جوگرافییەکەی عێراق بێت. سەرکردایەتی کورد ئاواتەخواز بوون، فرەیی و فیدراڵیزم و دیموکراسی لەلایەن نەوەی نوێیەوە و لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا مومارەسە بکرێت، بۆ ئەوەی گرووپ و ئایدیا و ڕێگە جیاوازەکانی ژیان پێکەوە هەڵبکەن لە نێو ئەوەی دەبووە «عێراقێکی نوێ.»

بە ماوەیەکی کەم دوای پەسەندکردنی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق، کە لە ڕاپرسییەکەدا و لە کۆی پێنج دەنگدەر چوار دەنگدەر پەسەندیان کرد، «عێراقی نوێ» گۆڕا بۆ مۆتەکەیەك، ئەویش لەسەر دەستی هەندێ سیاسەتمەداری عەرەبی شیعە کە خۆیان بەشێك بوون لەو ڕێککەوتنەکە کە بۆ دەستی پێکردنی سەرەتایەکی نوێ هاتەئاراوە. ئەوەی پەیوەندی بە پرسی دابەشکردنی داهاتی نەوتەوە هەبێت، حوسێن شەهرستانی و نوری مالیکی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە و تێکدەرانەیان تیا بینی.

سەرەڕای بوونی لێکتێگەیشتنی سیاسی، ڕێککەوتنی واژۆکراو، ئیلیتیزامی ئاشکرا لەلایەن حکومەتەوە بە پابەندبوون بە دەستوورە نوێیەکەوە، ئەوان بەشێوەیەکی سیستماتیکی کار و کۆششیان کرد بۆ لاوازکردنی دەستووری نوێی عێراق، ئەمەشیان بە شێوەیەکی چڕ و پڕتر کرد، لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوو لە سایەی سەرۆك وەزیرانی مالیکیدا.

بە دڵنیاییەوە، ئەو دوو بڕیارەی دادگا کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، دەرفەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدەن، بۆ ئەوەی درێژە بە سیاسەتی نەوتی خۆی بدات، بەڵام ڕووداوە دراماتیکییەکانی دوو مانگی ڕابردوو ڕەهەندێکی نوێ دەخەنە سەر پرسی ئاڵۆزی دەستوورگەرایی لە عێراقدا.

ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕفاندنی دەستووری عێراق لەلایەن (شەهرستانی-مالیکی)یەوە ڕابگیرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، لە موسڵ و هەرەسهێنانی یەکەکانی سوپای عێراقی و دڕندەیی تیرۆریستانی داعش و هێرشی سەرسوڕهێنەرەکەیان بۆ سەر کوردستان سەریان کێشا بۆ داواکارییەکی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ لابردنی نوری مالیکی.

هەرچۆنێك بێت، تارمایی و مەترسیی بەرچاوی دووبارەکردنەوەی پرسە وێرانکارییەکانی نەوت و داهاتی ڕابردوو لێمانەوە دوور نییە. یەکێك لە ئاماژە زۆر ڕوونەکانی سیاسەتە کارەساتبارەکانی ڕابردوو، دیار و بەرچاو بوو، کاتێك سەرۆکی نوێی عێراق، فوئاد مەعسوم، حەیدەر عەبادی وەك سەرۆك وەزیران دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی حکومەتی نوێ پێکبهێنێت.

لە نێو چەند کەسێکی کەمدا لە ژوورەکەدا، حوسێن شەهرستانی هەبوو، کە بە زەردەخەنەیەکەوە ئامادەگی خۆی دووپات کردەوە، کە جاری پێشووی بیر خستمەوە کاتێك بەڵێنی دا ڕێز لە دەستووری عێراق بگرێت، بەڵام یاساکانی سەددام حوسێنی بەکار هێنا بۆ لاوازکردنی کوردستان. ئایا بە چەشنی ڕابردوو ڕەفتارەکانی دووبارە ناکاتەوە؟ ئایا هاوپەیمانێتیەکی دیکە پێکناهێنێت لەگەڵ (عەبادی)دا بۆ ڕێگەگرتن لە هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی سیاسەتی نەوتی خۆی؟ ئایا قەناعەت بە سەرۆك وەزیرانی نوێ ناکات بە چەشنی ڕابردوو پتر دەستووری عێراق پێچەوانە بکاتەوە؟

لە خراپترین حاڵەتدا، هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لەسەر درێژەدان بە گەشتەکەی خۆی، پشت ئەستوور بە دوو بڕیارەکەی دادگا. لە باشترین حاڵەتیشدا، تەواوی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی زیاتر هەڵدەگرن: داوای ئەوەی دەکەن بە شێوەیەکی بنەڕەتی چاکسازی لە سیستمی شکستخواردووی فیدراڵیدا بکرێت، بەو ناوەڕۆك و زمان و میکانیزمانەی جێبەجێکردنی ئێستایەوە.

لە باری میسالیدا، ئەوان پێشنیاری ئەوە دەکەن هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی کۆنفیدراڵی هەبێت لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقی بە مەرکەزی کراودا، کە تێیدا کوردستان قەوارەیەکی خاوەن سەروەری بێت و بەرپرس بێت لە ئاسایش و سیاسەتی نەوت و کۆکردنەوەی داهات و پەیوەندیی نێودەوڵەتی خۆی و ... هتد. بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی کۆنفیدراڵی خۆی بڕیار لە دوا چارەنووسی خۆی دەدات لە بەرامبەر باقی عێراقدا، ئەویش لە ڕاپرسییەکدا کە لە ماوەی سێ، یان پێنج ساڵدا ئەنجام بدرێت، (ئەویش بۆ مانەوە لە عێراقی کۆنفیدراڵی، یان سەربەخۆیی تەواو).

ئەگەر ئەم میکانیزمانە دابنرێن، شەهرستانی و عەبادی و پارتی دەعوە، یان هاوپەیمانێتی دژ بە کوردستان(نەك تەنها شیعە، بگرە شیعە -سوننەش) دەبێتە دەرئەنجامەکانی هەر سیاسەتێکی وێرانکار لە ئەستۆ بگرن. لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا، سەرکردە سیاسییەکانی عێراق دەیانتوانی ئەوەندەی خوازیار بوون وێرانکاری بکەن و هەستیشیان دەکرد هێشتا دەتوانن بۆ ماوەیەکی دیکە لە دەسەڵاتدا بن، یاخود هەمان ڕەفتار دووبارە بکەنەوە. پێویستە ئەمجارە بەرپرسیارێتی بە تاکەکەسی بکرێت، هەروەك ئەوەی بەسەر نوری مالیکیدا هات. کەواتە وریای شەهرستانی بن لە حکومەتە نوێیەکەدا.

**● گوڵان کردوویەتی بە کوردی**

# دانوستاندنەکانی بەغدا بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێیە یان دەوڵەتێکی تازە؟



د. شێرزاد نەجاڕ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**عیراق لە قەیرانێکی قووڵدایە کە پەیوەستە بە پرۆسەیەکی جووت ئاست: ئاستی یەکەم پەیوەستە بە سەر لەنوێ بنیادنانەوەی دەوڵەت، دووەم ئاستیش بنیادنانی نەتەوەیە.**

**بنیادنانی نەتەوە مانای وایە کە ئەو دەوڵەتە ئەرکی زۆری هەیە و پێویستە جێبەجێیان بکات، کە بریتین لە: دابین کردنی ئاساییش و سیستەم و حوکمی یاسا، ئایا عیراق توانیویەتی لەوەتەی ٢٠٠٣ وە ئەم ئەرکانە بەجێ بێنێت؟**

**کۆتایی شەڕی سارد کۆمەڵێك دەوڵەتی لاوازی فاشیلی لێکەوتەوە( لە بەلکان تا قەفقاس و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ئاسیای باشوورو ناوەڕاست). هەوڵدانی ئەو دەوڵەتانە بۆ بنیادنانی نەتەوە، بووە هۆی داخورانی توانای دامودەزگاکانیان و دواتر شکستی هێنانی هەردوو پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت و بنیادنانی نەتەوە.**

هەمیشە کە هەڵبژاردن لە هەر وڵاتێکدا ئەنجام دەدرێت، ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە چۆنێتی و جۆریی حکومەتی داهاتوو دیاری دەکات، ئایا حکومەتێکی زۆرینەی حزبێك دەبێت کە زۆرینەی رەهای دەنگەکانی هێناوە یان ئیئتیلافی چەند حزبێکە کە زۆرینە پێکدێنن یاخود حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی دەبێت(ئەوەی دواییان هەمیشە لە سەروبەندو بارودۆخی مەترسیداردا دادەمەزرێت کە وڵاتێکی تێکەوتبێت).

بەڵام ئەو شتەی لە ئێستادا لە عیراق دەگوزەرێت شێوەی لە هیچ لەو بژاردەو ئەگەرانەی سەرەوە ناچێت، شتێکی تایبەتە: ئەو شتەش پەیوەستە بە وەهمی بنیادنانی دەوڵەتێکی تازە، هەر ئەو وەهمەشە کە رووبەڕووی عیراقییەکان بووەتەوە کە ئەمریکییەکان بۆیانیان هێناوە، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جۆرج بۆشی کوڕ، لە شوباتی ٢٠٠٣ رایگەیاند کە (ئێمە ئەمڕۆ لێرەدا کۆبووینەتەوە لە سەروبەندێکی هەستیاری مێژووی نەتەوەکەمان و جیهانی شارستانیداین، کەسانێك بەشێکی ئەو مێژووەیان نووسییەوە، ئێمەش بەشەکەی دیکەی دەنووسینەوە) بۆش لەم وتارەیدا ئەجندایەکی جیاوازی داڕشت، هەروەك فۆکۆیاما لە کتێبەکەی-(بنیادنانی دەوڵەت)دا نووسیویەتی «لە پێناو دیموکراتیزەکردنی عیراق و ئەنجامدانی گۆڕانکاریی

ریشەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا» بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم ئامانجانەی وەدی نەهێنا، بەڵکو رووبەڕووی دۆخێکی تازە بووەوە ئەویش: دۆخی دەوڵەتی فاشیلە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کێشەی گەورەی بۆخۆیان و دەوڵەتانی دیکە دروستکردووە، کە ئەمەش دواتر ئەگەری ئەوەی بەدوادادێت، ئەو دەوڵەتانە دەست وەربدەنە کاروباری ناوخۆیان و دژی ویستەکانیان بوەستنەوە، لاوازیی ئەو دەوڵەتانەش لە لاوازیی توانا دامەزراوەییەکانیان لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیاندا دەردەکەوێت، ئەم بارودۆخەش بۆ زنجیرەیەك قەیران دەگەڕێتەوە کە ئەو دەوڵەتانە پێوەی دەناڵن، گرنگترینیان قەیرانی شەرعییەتە( کە مانای ئاست و چۆنێتیی رازی بوونی هاووڵاتیان بەرامبەر ئەدای سیاسیی دەگەیەنێت کە ئەمەش تەنیا پشت بە پێوەرەکانی هەڵبژاردن نابەستێت، بەڵکو پشت بە پێوەری دیکە دەبەستێت کە پێویستە دابین بکرێن لەوانە: حوکمی یاسا، دەستەبەربوونی سیماکانی دەوڵەتی یاسایی، کاریگەریی دەستوور کە دیموکراسییەت پەیڕەو بکات، مافەکانی مرۆڤ،...) لە هەمان کاتدا پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت لەگەڵ ئەم پرۆسەیە یەکانگیر دەبێت تاکو دەوڵەت پێك بێت، ئەم یەکانگیربوونەش لەوەدا دەردەکەوێت کە بنیادنانی دەوڵەت پەیوەستە بە دامەزراندنی دامەزراوەی بەهێز، لە کاتێکدا بنیادنانی نەتەوە پەیوەستە بە هێنانەکایەی کۆمەڵگایەك کە تاکەکانی خاوەن مێژوو و کلتوورێکی هاوبەش بن، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خزایە نێو ئەم پرۆسەیەی بنیادنانی نەتەوەوە لە ئەفغانستان وعیراق، بەڵام بە ئاشکرا شکستی هێنا.

کەواتە، عیراق لە قەیرانێکی قووڵدایە کە پەیوەستە بە پرۆسەیەکی جووت ئاست: ئاستی یەکەم پەیوەستە بە سەر لەنوێ بنیادنانەوەی دەوڵەت، دووەم ئاستیش بنیادنانی نەتەوەیە.

بنیادنانی نەتەوە مانای وایە کە ئەو دەوڵەتە ئەرکی زۆری هەیە و پێویستە جێبەجێیان بکات، کە بریتین لە: دابین کردنی ئاساییش و سیستەم و حوکمی یاسا، ئایا عیراق توانیویەتی لەوەتەی ٢٠٠٣ وە ئەم ئەرکانە بەجێ بێنێت؟

کۆتایی شەڕی سارد کۆمەڵێك دەوڵەتی لاوازی فاشیلی لێکەوتەوە( لە بەلکان تا قەفقاس و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ئاسیای باشوورو ناوەڕاست). هەوڵدانی ئەو دەوڵەتانە بۆ بنیادنانی نەتەوە، بووە هۆی داخورانی توانای دامودەزگاکانیان و دواتر شکستی هێنانی هەردوو پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت و بنیادنانی نەتەوە.

ئیدارەی بۆش لە پرسی سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشوو شکستی هێنا کاتێ رژێمی پێشووی لە عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ رووخاند، هەروەها شکستی هێنا لە ئامادەکردنی توانای دامەزراوەییدا تایبەت بە رێکخستنی هەردوو پرۆسەی بنیادنانی نەتەوەو بنیادنانی دەوڵەتدا، کە لە بنەڕەتدا هەردووکیان زۆر ئاڵۆزن، ئەو زیاتر پابەندبوو بە پێوەری هەڵبژاردنەکان وەك بەڵگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت لە عیراقدا.

ئەمەیان لەگەڵ واقیعی عیراقدا کۆك نییە چونکە هەڵبژاردنەکان بوونە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێکی زۆری تایفەگەریی و نەتەوەیی سەرسەخت کە لە هەمان کاتدا کێشەیەکی ئاڵۆزی خستە سەر کێشەکانی دیکەی عیراق کە لە بنەڕەتدا ئاڵۆز بوون.

ئەم شکستە کاریگەریی کردە سەر بارودۆخی عیراق هەر لەوەتەی حوکمی برێمەر بۆ ماوەی ١٣ مانگ، بەشداریی عیراقییەکان لە حوکمداو دواتر گواستنەوەی سەروەریی بۆ عیراقییەکان لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ و پێکهێنانی حکومەتکان کە ئەرکی ئەنجامدانی پرۆسەی گۆڕانکاریی دامەزراوەیی و دیموکراسیان لەئەستۆگرت کە بە ئاستێکی زۆر شکستیان هێنا، لە جیاتی ئەوەی ئامانجەکانی ئەو گۆڕانکارییانە و گۆڕینی ریشەیی بەدی بهێنێت، بینیمان کە عیراق لە ساڵی ٢٠٠٦ رووبەڕووی ململانێی شەڕی ناوخۆ بووەوەو لە ٢٠١٣ زیاتر تێوەگلا کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، کەواتە لە سایەی ئەم بارودۆخەدا ئایا دەکرێت قسە بکرێت لەسەر وتوێژەکانی پێکهێنانی حکومەتێکی تازە لە عیراقدا؟ وەڵامەکە بە دڵنیاییەوە نەخێرە، ئەویش بە پشت بەستن بەو دەرهاویشتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن، بۆیە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتێکی تازە پرۆسەیەکە لە جۆری تایبەت کە هیچ هاوتای نییە تەنیا لەو دەوڵەتانەی هەرەسیان هێناوە..

دواتر دەوڵەتی نوێیان لێ پێکهات، یان دەوڵەتانێك کە تازە لە ناو جەنگە وێرانکارەکانەوە هاتبوونە دەرەوە(چ جەنگی جیهانی وەك وڵاتانی ئەڵمانیا و ژاپۆن و نەمسا چ شەڕی ناوخۆیی وەك وڵاتانی بەڵکان).

عیراق لەمانەدا جیاوازو ناوازەیە، چونکە تا ئێستاش بە لێکەوتەکانی سیستمێکی دارماو و شەڕێکی ئەهلی بەستراوەتەوە کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو شەڕە هەر نیمچە بەردەوامە، بەڵام لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ فاکتەرێکی مەترسیداری نوێ هاتۆتە پێشەوە ئەویش: دەستبەسەرداگرتنی سێیەکی خاکی عیراقە لە لایەن

**ئەوەی لە ئێستادا لە عیراق دەگوزەرێت شتێکی تایبەتە: ئەو شتەش پەیوەستە بە وەهمی بنیادنانی دەوڵەتێکی تازە، هەر ئەو وەهمەشە کە رووبەڕووی عیراقییەکان بووەتەوە کە ئەمریکییەکان بۆیانیان هێناوە**

**عیراق لە قەیرانێکی قووڵدایە کە پەیوەستە بە پرۆسەیەکی جووت ئاست: ئاستی یەکەم پەیوەستە بە سەر لەنوێ بنیادنانەوەی دەوڵەت، دووەم ئاستیش بنیادنانی نەتەوەیە**

**پێویست ناکات شاندی کوردستان خۆی بە نوێنەری ئەو پارتە سیاسیانە بزانێت کە هەڵیانبژاردون بۆ بوون بە ئەندام لە شاندەکەدا، بەڵکو پێویستە بابەتەکە بە رەهەندێکی گشتگیرانەی نیشتمانییەوە وەربگرن و بۆ خستنەڕووی دۆزە چارەنووسسازەکانی کە رای گشتی کوردیان پێوە سەرقاڵە کاربکەن**

**لەم قۆناغە ناسک و سامناکەدا ئەوەندە پێویستیمان بە مەسەلەیەکی ئاساییانەی وەک دامەزراندنی حکومەت نییە، هێندەی عیراق پێویستی بە سەرلەنوێ بونیادنانەوەیە: بونیادنانەوەی نەتەوە و بونیادنانەوەی دەوڵەت، پێویستە ئەم خاڵە ببێتە دەریچە بۆ وتووێژەکانی ئێستای بەغدا**

**ئەم بۆچوونەی کە پێی وایە پێویستە داخوازییەکانی دانوستاندن مەعقول بێت، ئەوەیان لە بیرخۆبردۆتەوە کە عیراق لە قۆناغێکی زۆر ناسک و هەستەوەردایەو پێویستی بە ڕوانینێکی شیکارییانەی قووڵە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی ئێستا**

کۆمەڵێ چەکدارەوە کە دواتر توانییان کۆنترۆڵی شاری موسڵ و دەوروبەری بکەن و هەوڵیشیاندا بێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە..

بەم شێوەیە سێ دەرهاویشتەی گرنگ و مەترسیداری کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداون، حوکمی خۆیان بەسەر بارودۆخی عیراقدا دەسەپێنن و وا لە دانوستانەکانی تایبەت بە پێکهێنانی حکومەت دەکەن، ببنە پرۆسەیەك بۆ بونیادنانی نەتەوە و بونیادنانی دەوڵەت..

کەشوهەوای ئەم دانوستاندنە ئاسایی نابێت، بەڵکو تژی دەبێت بە دیالۆگ و ڕاوبۆچوونی جیاوازو ناکۆك بە یەکتر، ڕەنگە بگاتە ئاستی گرژبوونەوە و گۆڕینەوەی داخوازییە سەختە بەربەست ئاساکان لەبەردەم پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا، لەوانەشە بگاتە لێواری نەگەیشتن بە دەرئەنجامێك لەو ڕاسپاردنەی بۆ تەواوبوونی ئەرکی دامەزراندنی حکومەت ئەسپێردراوە، یان داوای درێژکردنەوەی ماوەی دیاریکراوی دەستووری بۆ دامەزراندنی حکومەت بکرێت..

شاندی هاوپەیمانی کوردستانی ئێستا لەبەردەم ئەرکێکی قورسدایە کە پابەندە بەم پرسیارەی خوارەوە: ئایا شاندەکە لە وتووێژەکانیدا پێ دادەگرن لەسەر جۆرو چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت(بەرنامەی حکومەت، دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان و دیاریکردنی بەشی هاوپەیمانی کوردستانی...)یان پێ دادەگرێت لەسەر دۆزە ستراتیژییە پێوەندیدارەکانی تایبەت بە پایەی کوردو هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتیدا..


ئەمەریکا سەرپەرشتیاری مەسەلەی پێکهاتنەوەی حکومەتە بە جۆرێك نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە و تەوژمەکان بکات و هیچ لایەنێك و کەسێکی تێدا پەراوێز نەخرێت، هاوکات وای ڕاگەیاندوە کە ئەو بابەتەی بۆ خودی عیراقیەکان خۆیان بەجێهێشتووە تا بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی شێوازی حکومەتەکەی داهاتوویان چۆن چۆنی دەبێت، ئەمەش جەختکردنەوەیەك بوو کە لە لایەن ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکاوە چەندین جارە لەم دواییانەدا ئاماژەی پێدراوەتەوە، بەڵام هاوکات جۆبایدنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا هەمان ئەو شتەی دووپات کردەوە کە لەساڵی ٢٠٠٦ نووسیبووی سەبارەت بە دامەزراندنی سێ کانتۆنی فیدراڵی لە عیراقدا، لەو بارەیەشەوە هەفتەی ڕابردوو ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز ئەوەی ڕوون کردەوە بەوەی هێشتا جۆبایدن لەو بڕوایەدایە کە هێشتا لە توانای جەمسەرە پێکناکۆکەکاندایە بە مەبەستی دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو لە دەوری یەك مێز کۆببنەوە..

وتووێژەکانی نێوان جەمسەرە پێکناکۆکەکان زەحمەت بوون و ئاستی داخوازیەکانیشیان زۆر بەرز بوونەتەوەو مەرجەعیەتە ئاینیەکان و حزبە شیعیەکانیش داواکارن لێیان، داخوازییەکان لە ئاستێکی مەعقول و واقیعیدا بمێننەوە، بەڵام وا دەردەکەوێت ئەم بۆچوونەی کە پێی وایە پێویستە داخوازییەکانی دانوستاندن مەعقول بێت، ئەوەی تێدا لە بیرچۆتەوە کە عیراق ئێستا لە قۆناغێکی زۆر ناسك و هەستەوەردایەو پێویستی بە ڕوانینێکی شیکارییانەی قووڵە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی وڵات(سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و فیکری) هەروەها خستنەڕووی چەند چارەسازییەك کە بگونجێت لەگەڵ ئەو قەبارە گەورەیەی گرفتە ئاڵۆزو تازەکان و هەروەها پاشماوەکانی کێشەکانی ڕابردوو دروستیان کردووە..

لە بەردەم ئەم ئەرکە مێژووییەدا شاندی کوردستانی پێویستە هەڵوێست و داخوازی و ڕوانینەکانی بەرچاوڕوونانە بن، پێویستە ئەوە ڕوون بکەنەوە کە عیراق لەم قۆناغە ناسك و سامناکەدا پێویستی بە مەسەلەیەکی ئاساییانەی وەك دامەزراندنی حکومەت نییە، بەڵکو عیراق پێویستی بە سەرلەنوێ بونیادنانەوەیە: بونیادنانەوەی نەتەوە و بونیادنانەوەی دەوڵەت، پێویستە ئەم خاڵە ببێتە دەریچە بۆ وتووێژەکانی ئێستای بەغدا، دۆخەکە نەبەسترێتەوە بە چۆنیەتی تێهەڵکێشکردن و زیادکردنی دۆزو چەند مەسەلەیەك بۆ بەرنامەی حکومی، بەڵکو بابەتەکە لەوە قووڵترە: مەسەلەیەکی پێوەندیدارە بە بونیادنانی عیراقی نوێ لەسەر بنەمای تازە کە تێیدا مافی هەموو نەتەوەو پێکهاتەکان زامن بکرێت و بەرەو بەرجەستەکردنەوەی چەمکی هاووڵاتیبوون وەرچەرخێت..

شاندی کوردستانی پێویستە تەنیا بە ڕیزبەندکردنی داخوازییەکانی ناو پێڕەویی داهاتووی وەزارەتەکانەوە خۆی نەبەستێتەوە، چونکە ئێستا ئەگەر ئەم حکومەتە پابەندە پێوەی، بەڵام خۆ ئەم پابەندبوونە ئۆتۆماتیکیانە ناگواسترێتەوە بۆ حکومەتی پاش خۆی، کەواتە زۆر پێویستە دۆزە سەرەکیەکانی داخوازییەکانی کوردستان بەسترابێتنەوە بە ڕێکەوتنێکی گشتگیرانەی نیشتمانیەوەو بخرێتە بەردەم پەرلەمان دواتر تا ببێتە بەشێك لەو هەموارکردنەوە گرنگ و خێرایانەی دەستوورو بە پێی ئەرکە دەستووریەکان جێبەجێ بکرێن ئینجا ببنە هەوێن بۆ هەموو حکومەتە عیراقیەکانی لە داهاتووشدا دەبنە فەرمانڕەوا..

هەنگاوەکانی شاندی کوردستانی بە یەکدەنگانە و هاوڕا لەگەڵ لایەنە سونیەکاندا هەنگاوێکی ئەرێیانەیە



لە پێناوی دیاریکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتن کە پێوەندییان بە بەرنامەی وەزاری حکومەتی داهاتووە هەیە کە پێویستیشە شاند کار بکات بۆ وەدیهاتنی ئاشتەواییەکی نیشتمانی و هەموارکردنی یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەری بۆ ڕیشەکێشکردنی بەعس و وەدیهێنانی شەراکەتی ڕاستەقینە و دەستێوەرنەدانی سوپا لە ناکۆکیە سیاسیەکان و دەرچواندنی یاسای دادگای فیدراڵی و لێبوردنی گشتی..


کەواتە، ئەرکی شاندەکە ئەرکێکی سانا نییە بەڵکو ئەرکێکی سیاسیانەی نیشتمانی هستەوەرو مەترسیدارەو پێوەندی هەیە بە دیاریکردنی پێگەی کوردەوە لە عیراقدا، ئەو عیراقەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە بونیاد دەنرێتەوەو تا ئێستا لەم بارەیەوە شکستی هێناوە، ئەم شاندە پێویست ناکات خۆی بە نوێنەری ئەو پارتە سیاسیانە بزانێت کە هەڵیانبژاردون بۆ بوون بە ئەندام لە شاندەکەدا، بەڵکو پێویستە بابەتەکە بە ڕەهەندێکی گشتگیرانەی نیشتمانییەوە وەربگرن و کاربکەن بۆ خستنەڕووی دۆزە چارەنووسسازەکانی کە ڕای گشتی کوردیان پێوە سەرقاڵە، کەواتە شاندەکە ئەرکی سەرشانێتی لە بیروڕاکانیدا ڕەنگدانەوەی دۆزە بنەڕەتییەکانی نەتەوە هەبێت، شاندی کوردستانی پێویست بوو بەرجەستەبووی حکومەتی هەرێم بێت، ئەو حکومەتەی ڕاسپێردراوە بۆ دەستپێکردنی وتووێژ بە ناوی هەرێمەوە لەبەر ئەوەی لایەنێکی پێوەندیداری فەرمییە لەم ڕووەوە..

**کەشوهەوای ئەم دانوستاندنە ئاسایی نابێت، بەڵکو تژی دەبێت بە دیالۆگ و ڕاوبۆچوونی جیاوازو ناکۆک بە یەکتر، ڕەنگە بگاتە ئاستی گرژبوونەوە و گۆڕینەوەی داخوازیی سەختی بەربەستئاسا لەبەردەم پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا**



# کێشەکانی عێراق لە وتووێژەکانی گرین زۆن گەورەترە

## تیرۆر و دیکتاتۆریەت دووڕووی یەک دراون



ماوەی هەشت ساڵی حوکمڕانیی نوری مالیکی ئەوەی دەرخست کە تیرۆر و دیکتاتۆریەت دووڕووی یەك دراون و، ئەو تیرۆرەی ئەمڕۆ لە عێراق و ناوچەکە دەبینرێت، بەرهەمی دیکتاتۆریەتی ئەسەد و مالیکین، دیارە لەخۆڕا نییە پێکهاتەیەکی گرنگی وەك عەرەبی سوننە لە هەردوو دیوی سوریا و عێراق، تیرۆریستانی دەوڵەتی داعش لە ڕژێمەکەی ئەسەد و حوکمڕانییەکەی مالیکی بە باشتر بزانن.

پسپۆرانی شەڕی ناوخۆ ئەو ڕاستییەیان بەدیار خستووە کە شەڕوانانی سەر بەلایەنە پێکناکۆکەکانی شەڕی ناوخۆ لەو ناوچانە دەتوانن سەرکەوتوو بن کە پشتیوانییەکی ناوخۆییان هەیە و خەڵکانی ئەو ناوچانە پشتگیرییان لێدەکەن. ئەگەر سەیری ئەو جوگرافیایە بکەین کە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی تێدا دامەزراوە و تیرۆریستانی داعش دەتوانن سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنن، دەبینین ئەو ناوچانەن کە دانیشتووانە لۆکاڵەکەی، یان لانیکەم بەشێکی دیاری دانیشتووانی ئەو ناوچانە پشتگیرییان دەکەن، هەر بۆیە ئەگەر تیرۆریستانی داعش شەڕگەی خۆیان بگوازنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانە لۆکاڵەکەی پشتگیرییان ناکات، ئەوا ناتوانن هیچ پێشڕەوی و سەرکەوتنێك بە دەست بهێنن. ئەم دیاردەیە بە تەواوەتی لە پێشڕەوییەکانی داعش بۆسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرکەوت، تیرۆریستانی داعش تەنها توانییان لەو ناوچانە پێشڕەوی بکەن، کە ناوچەی تێکەڵن و

بەشـێکی ئەو ناوچانە گوندی عەرەبنشـینن، ئەوان سـوودیان لە لێبوردەیی کوردستان وەرگرت و توانییان بۆشـاییەك دروست بکەن و پێشـڕەوی خۆیان بکەن، بەڵام دوای ئەوەی پێشمەرگە خۆی ڕێکخستەوە و ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە، ئەوا وەك ئێستا دەبینین، دەرکەوت تیرۆریسـتانی داعش ئەو هێزە نین کە بتوانن خۆیان لە بەر زەبری پێشمەرگە بگرن.

## ● خەلافەتـی ئیسـلامی داعـش بەرهەمـی دیکتاتۆریەتی مالیکی یە

راسـتەوخۆ دوای ئەوەی لە کۆتایی سـاڵی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پاشەکشـەیان کرد، نوری مالیکی سـەرۆك وەزیـران بە بیانـووی تێوەگلان لە کاری تیرۆریسـتی سـەرکردە دیارەکانی پێکهاتەی عەرەبی سوننەی لە پرۆسـەی سیاسی دوور خستەوە و فەرمانی دەستگیرکردن و لەسێدارەدانی بۆ دەرکردن، زیاد لەمەش هەموو ئەوانەی لە شارە سوننەنشینەکانی عێـراق نارەزاییان دەردەبڕی، بەشـی هـەرە زۆریان گیران و لە سـەربازگەی شەرەف لە ناو (گرین زۆن) لە ژێر ئەشـکەنجەی زۆردا بە تیرۆریسـت دادەنران و وێنەکانیان لە شاشـەی تەلەفزیۆنـەوە بڵاو دەکرایەوە، دوای ئەوەی نارەزاییەکانی عەرەبی سوننەش گەیشتە ئەوەی خۆپیشـاندان بکەن، دیسـان نـوری مالیکی خۆپیشـاندانەکانی بە پەردەی تیرۆر پەردەپۆش کرد و، هەموو خۆپیشاندانەکانی بە زەبری هێز سەرکوت کرد. ئەمانە هەمـووی بوونە هۆکاری ئەوەی لە تێڕوانینی عەرەبی سوننەی عێراقەوە بەو شێوەیە سەیری حکومەتی بەغدا بکرێت، بـەوەی حکومەتێکی مەزهەبگەرایە و ئامانجی لێدانی عەرەبی سوننەیە.

لەلایەکی دیکەوە مالیکی بۆ کاڵکردنەوەی کێشەی مەزهەبگەرایی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە، کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردسـتاندا زەقتـر کردەوە و هەوڵیدا ئاراسـتەی کێشەکە لە کێشـەی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شـیعە بگۆڕێت بۆ کێشـەی نێوان کوردو عەرەب، بۆ ئەمـەش هەموو بنەما دەسـتوورییەکانی پێشـێلکرد تا گەیشـتە ئەوەی کە بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان ببڕێت.

بۆ ئەوەی هەموو ئەم کارانەشـی بۆ بچێتەسـەر و هەموو سـەرەداوەکان لەدەستی خۆی کۆبکاتەوە، لەناو ئەنجوومەنـی وەزیرانـدا، ئەنجوومەنێکی راوێژکاری دامەزراندبوو کە راسـتەوخۆ سـەر بە نووسـینگەی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، ئەم ئەنجوومەنە راوێژکارییە کە هەموو ئەندامەکانی سـەربەخۆی بوون، بە کردەیی جێگـەی ئەنجوومەنی وەزیرانی گرتبۆوە، خۆیشـی وەك سـەرۆك وەزیران راستەوخۆ سەرپەرشتی وەزارەتی بەرگـری و ناوخـۆ و هێزەکانی ئاسایشـی عێراقی دەکرد.

ئـەم رەفتارانەی مالیکی وایکـرد لە عێراقدا هیچ دامەرزاوەیەك بوونـی نەمێنێت و هەموو دامەزراوەکان لە شەخسی سـەرۆك وەزیراندا بچووك بکرێنەوە، هەر بۆیـە کاردانەوەی ئەم حاڵەتە بەتایبەتی لەناو عەرەبی سـوننە وایکرد، لەناو ماڵی عەرەبی سوننە جۆرە رقێك بەرامبەر بە حکومەتەکەی نوری مالیکی دروست بێت و ناچار بن دەست بۆ شەیتان درێژ بکەن، بۆ ئەوەی لە زوڵم و دیکتاتۆریەتی نوری مالیکی و حکومەتەکەی رزگاریان بێت.

دیـارە گومانی تێـدا نییە، پێشـتریش ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە لە ساڵانی ٢٠٠٦ -٢٠٠٨ نفوزێکی گەورەی لەناو عەرەبی سـوننە دروسـتکرد بوو، بەڵام دوای ئەوەی ئەمریکا بەپەلە هێزی رەوانەی عێراق کرد و سەرۆك هۆزەکانی سوننەی لە چوارچێوەی هێزەکانی سـەحوە کۆکردەوە، توانییـان تیرۆریسـتانی قاعیدە تێکبشکێنن، بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، مالیکی لە ترسـی ئـەوەی هێزەکانی سـەحوە نەبنە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی، ئەو هێزەی پشتگوێ خسـت، ئەمەش بـەو مانایە دێت کە تیرۆریسـتانی داعش کە درێژکراوەی هەمان تیرۆریسـتانی قاعیدەن، باشـتر تۆڕەکانی خۆیان بڵاوە پێبکەن و باشتر لە ناو پێکهاتەی عەرەبی سـوننە جێگـەی خۆیان بکەنەوە، ئەمەش تا ئەو رادەیەی کـە رۆژی ١٠ی حوزەیرانی رابردوو چەند هەزار چەکدارێکی تیرۆریستانی داعش هێرشـیان کرد بۆ موسڵ و پاشـان تکریت و بەشێکی دیالە، شەش یەکەی سەربازی عێراقیش شەڕیان نەکرد و تەواوی چەك و تەقەمەنی و کەل و پەلی سەربازییان بۆ تیرۆریستانی داعش بەجێهێشت و ئەوانیش توانییان لەسەر میراتی سیاسەتە فاشیلەکەی مالیکی دەوڵەتی تیرۆریسـتی خەلافەتی ئیسلامی دابمەزرێنن کە بۆتە ئەو مەترسـییەی هەمـوو جیهان پێکـەوە دەیانەوێت رووبەڕووی ببنەوە.

## ● راسـتکردنەوەی هەڵەکانی مالیکی دانپێدانێکی بوێرانەی ماڵی شیعەی دەوێت

رووداوەکانـی دوای داگیرکردنی موسـڵ لەلایەن تیرۆریسـتانی داعشەوە کۆمەڵێك راستی زۆر گرنگی لە واقیعی سیاسـیی عێراقدا بەدیار خسـتووە، بەڵام هێشـتا دانپێدانان بەو واقیعە راستانە وەك پێویست لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا رەنگدانەوەی نییە، لەوانە:

١- لەسـەر ئاستی ناوخۆ دوای رووداوەکانی موسڵ

**پێویستە ئەو میکانیزمەی بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستان و بەغدا پیادە دەکرێت، جیاواز بێت لەو میکانیزمەی کێشەکانی عەرەبی عێراقی پێ چارەسەر دەکرێت**

**ئێستا واقیعێکی تازە هاتۆتە پێشەوە و جیاوازە لە ساڵی ٢٠٠٣یش، ئێستا دەوڵەتی عێراق نەک هەر پێویستی بەوەیە دووبارە بونیاد بنرێتەوە، بەڵکو پێویستی بەوەیە دووبارە لە دەستی تیرۆریستان رزگار بکرێتەوە**

ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی داوای لە شیعەکان کرد، خۆبەخشانە بچنە ریزەکانی سوپا و هێزەکانی ئاسایش بۆ ئەوەی بەرگری لە شوێنە پیرۆزەکان بکەن، ئەم داوایەی مەرجەعی باڵای شیعە ئەو راستییە لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە، بەوەی سەماحەتی سیستانی لەو راستییە تێگەیشتووە کە ئەم شەڕەی تیرۆریستانی داعش تەنها شەڕی گروپێکی تیرۆریستی نییە دژی حکومەت، بەڵکو رەهەندێکی مەزهەبی هەیە و بەرەو شەڕی نێوان سوننە و شیعە ملدەنێت.

٢- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی دەرکەوت هاوکاری ئەمریکا بۆ عێراق بەندە بە نەمانی ئەو هۆکارەی کە ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی لە عێراق دروستکردووە، ئەویش رێگەگرتن بوو لە سێبارە خۆکاندیدکردنەوەی مالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران.

ئەم دوو خاڵە لەگەڵ ئەوەی دانپێدانانێکی زمنین بۆ دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخەی دوای داگیرکردنی موسڵ، بەڵام هێشتا پێویستی بە هەنگاونان و دانپێدانانێکی دیکەی بوێرانە هەیە، بۆ ئەوەی تەواوی ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆکاری ئەم بارودۆخە دەستنیشان بکرێن و لە پرۆسەی سیاسیی داهاتووی عێراقدا دووبارە نەکرێنەوە. لەمەش گرنگتر دەبێت عێراقی (٢٠١٤) جیاواز لە هەر قۆناخێکی تر بە عێراقی (٢٠٠٣)شەوە سەیر بکرێت، بۆ ئەوەی رێگەی راست بگیرێتەبەر و ئەم قۆناخە بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنرێت. لەوانە:

١- هیچ کاتێك عێراق بە درێژایی مێژوو لە بارودۆخێکی لەم شێوەیە نەبووە، ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع لەناو عێراقدا دەوڵەتێکی تیرۆریستی هەیە، ئەم دەوڵەتە تیرۆریستیە درێژ بۆتەوە بۆ ناو خاکی سوریا و بڕوای بە سنوور و هیچ بەهایەکی مرۆیی و نێودەوڵەتی نییە.

٢- لەناو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد، شیعە و سوننە)، بێ متمانەیی تا ئەو پەڕی زاڵە بەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان، بەتایبەتیش لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە کە ئێستا بە کردەیی لە نێوان شیعە و سوننە شەڕێکی پاکتاوی مەزهەبگەرایی بەڕێوە دەچێت و هیچ لایەکیان رەحم بەوی دیکەیان ناکات.

٣- لەناو پێکهاتەی عەرەبی سوننە کە کۆڵەگەی سەرەکین بۆ شەڕی تیرۆریستانی داعش هیچ یەکڕیزییەك نییە، لەمەش خراپتر هیچ سەرکردەیەکیش لە ئێستادا بوونی نییە کە بتوانێت عەرەبی سوننە لە ژێر یەك دروشم و یەك داواکاری یەکبخات.

٤- لەناو هاوپەیمانی شیعەکانیش لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا بەهۆی فەتواکانی مەرجەعیەتی باڵای شیعە جۆرێك لە هاودەنگی و یەکڕیزی هەستی پێدەکرێت، بەڵام ئەم یەکدەنگی و یەکڕیزییە شلۆقە و ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، لەوانەیە ئەم شلۆقییە لەبەر کەوتەی وەزارەتەکان و چۆنیەتی دابەشکردنی لەنێو لایەنەکانی هاوپەیمانی شیعە راشکاوانەتر دەربکەوێت.

٥- گرنگە لایەنی ئەمریکی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا مەسەلەی کۆمپرۆمایز، یان نەرمی نواندنی لایەنەکان بەرامبەر یەکتری لە چوارچێوە تەقلیدییەکەی دەربهێنن و کۆمپرۆمایز، یان نەرمی نواندن گرێبداتەوە بە چوارچێوەی دەستووری عێراقەوە، ئەمەش رێگە لە پشتگوێخستن و هەڵواستنی کێشەکان بە چارەسەرنەکراوی دەگرێت و باشتر تواناکان کۆدەکرێنەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و یەکخستنەوەی عێراق.

**● هاوکێشەیەکی نوێ لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا**

پێش ئەوەی ئەمریکا بڕیار بدات کە هاوکاری سەربازی پێشمەرگە بکات و یارمەتی مرۆیی بگەیەنێتە ئاوارە ئێزیدی و کریستیانەکان، لەناو کۆنگرێسدا گۆڕانکارییەك لە تێڕوانینیان بۆ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق هاتەئاراوە، ئەو گۆڕانکارییەش ئەوە بوو: ئایا دەکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکرێت و لە نێوەندا تووڕەبوونی بەغدا بە هەند وەرنەگیرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەیەکەم گوتاری سەرۆك ئۆباما رەنگیدایەوە، بەوەی بەڵێ دەکرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بکرێت، لەبەر ئەوەی، ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع پێویستە بکرێت، ئەو سنوورانە دەبەزێنێت کە پێویست بوو پێشتر پێوەی پابەند بێت. بە مانایەکی دیکە ناکرێت چاوەڕێی رەزامەندی بەغدا بکرێت و هەڕەشەی تیرۆریستیش هەرێمێکی دیموکراتی و سەقامگیر بخاتە مەترسییەوە، ئەمە وایکرد دەوڵەتانی دیکەش لەسەرووی هەموویانەوە فەرەنسا و پاشان دەوڵەتانی دیکەی ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا راستەوخۆ لەگەڵ هەولێر مامەڵە بکەن، نەك لە رێی بەغداوە مامەڵە لەگەڵ هەولێر بکەن. وەك ئێستاش لە میانەی سەردانی سەرۆك وەزیران و وەزیرانی دەرەوەی وڵاتان دەیبینین، رۆژانە هەولێر پێشوازییان لێدەکات و راستەوخۆ لەگەڵ سەرۆکی کوردستان کۆدەبنەوە و کۆنگرەی رۆژنامەوانی هاوبەش گرێدەدەن.

کەواتە ئەم واقیعە تازەیە پێمان دەڵێت: ئێستا لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکێشەیەکی سیاسیی

**بە بڕینی مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستان هەر چۆنێک لەلایەن بەغداوە تەفسیری بۆ بکرێت، ئەوا ئەمە خزمەتێکی بەلاشە و بەغدا پێشکەشی تیرۆریستانی دەکات**

**لە کاتێکدا هەموو جیهان سەرقاڵی ئەوەیە لە شەڕی دژە تیرۆردا یارمەتی هەرێمی کوردستان بدات کە پێشوازیی لە زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو ئاوارە کردووە، حکومەتی عێراق درێژە بە بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان دەدات، ئایا ئەمە گوشار خستنە سەر کوردستان نییە بۆ ئەوەی لە بەرەی شەڕی دژبە تیرۆریستانی داعش لاوازی بکات**



**ئێستا لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکێشەیەکی سیاسیی تازە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق و پێکهاتە سەرەکییەکانی هاتۆتەئاراوە، بەتایبەتیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە جیا لەوەی هەرێمێکە هەنگاوی گەورەی بەرەو دیموکراتی هەڵگرتووە، لە هەمانکاتدا سەنگەری پێشەوەی لەبری هەموو جیهانیش لەبەرامبەر تیرۆریستان گرت**

تازە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق و پێکهاتە سەرەکییەکانی هاتۆتەئاراوە، بەتایبەتیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە جیا لەوەی هەرێمێکە هەنگاوی گەورەی بەرەو دیموکراتی هەڵگرتووە، لە هەمانکاتدا سەنگەری پێشەوەی لەبری هەموو جیهانیش لەبەرامبەر تیرۆریستان گرتووە.

لەم بارودۆخە تازەیەدا کە هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمان لە شەڕی تیرۆردا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك تەنیا هێز لە بەرەی شەڕی دژە تیرۆر پێناسە دەکەن و رۆژانە هەموو میدیاکانی جیهان باسی قارەمانیەتی و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن، جێگەی پرسیار و تێڕامانە لە وتوێژەکانی (گرین زۆن)دا بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، هەتا ئێستاش باس لەوە دەکرێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێك بێت لە مەنزوومەی بەرگری عێراق، یان وەك هێزێکی لۆکاڵ سەیر بکرێت، ئەم جۆرە وتوێژانەی لەسەر پرسی پێشمەرگە دەکرێت، خۆ لادانە لەو راستییەی هاتۆتەئاراوە، بەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆتە بەشێك لە هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە سەر ئاستی جیهان و سەرکردایەتی بەرەی شەڕی تیرۆریستان لەسەر ئاستی جیهان دەکات و لەمەش زیاتر جارێکی دیکە جیهان قبوڵ ناکات، باشترین هاوپەیمان لە شەڕی دژەتیرۆردا گەمارۆی ئابووری و گەمارۆی چەکی بخرێتەسەر، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا گرنگە ئەم هاوکێشە تازەیە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا رەنگبداتەوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە ئێستاش سیاسەتمەدارەکانی گرین زۆن هەر بەو ئەقڵە کۆنە بیردەکەنەوە و دەخوازن درێژە بە سیاسەتی داگیرکردنی کوردستان بدەن، ئەویش مەسەلەی گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە کە بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق پێویستە ئەو ناوچانە بە فەرمی بگەڕێنەوە ژێر ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بەم ناوچانە دیارە ماوەیەك پێش ئێستا یەکێك لە ئەندام پەرلەمانەکانی لیستەکەی مالیکی شانازی بەوە دەکرد، بەوەی چەند ساڵە رێگر بووە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق ، بەڵام لە ئێستادا و دوای ئەوەی سوپای عێراق نەیتوانی بەرگری بکات، ئێستا ئەو ناوچانە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەپارێزرێت و ئەو پرسە وەك لایەنی پراکتیکی بۆ گەڕانەوەیان بۆسەر هەرێمی کوردستان کۆتایی هاتووە، بۆیە کاتێك ئەم پرسە لە وتوێژەکاندا باس دەکرێت، مەسەلەکە بۆ ئەوە نییە کە ئەو ناوچانە گەڕاونەتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یان نا، بەڵکو پرسەکە بۆ ئەوەیە چۆن لە رووی دەستوورییەوە رێوشوێنی پێویست دەگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا وەك بەشێك لە عێراق مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام دیارە لە نێو وتوێژەکانی (گرین زۆن)دا هەتا ئێستاش

ئاراستەی بیرکردنەوە بەو جۆرەیە ئەو ناوچانەی ئێستا پێشمەرگە وەك بەشێك لە خاکی کوردستان دەیانپارێزێت، باشتر بوو لەلایەن تیرۆریستانەوە داگیر بکرێن، ئەم جۆرە ئەقڵییەتە کە ئێستا لە نێو سیاسەتمەدارانی عێراق هەستی پێدەکرێت، کێشەیەکە زەحمەتە بەئاسانی چارەسەر بکرێت.

کێشەیەکی دیکەی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق مەسەلەی بڕینی مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستانە، دیارە لەم بارودۆخەدا ناکرێت و ناشێت مەسەلەی گێڕانەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان وەك خاڵێکی دانوستاندن لە پرۆسەی سیاسیی بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق سەیر بکرێت، دەبوو بۆ پیشاندانی نیەتپاکی و جەختکرنەوە لە دروستبوونی گۆڕانکاری لە ئەقڵییەتی سیاسی سیاسەتمەدارانی عێراق، ئەم پرسە پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکان یەکلایی بکرێتەوە، چونکە لە کاتێکدا هەموو جیهان سەرقاڵی ئەوەیە لە شەڕی دژە تیرۆردا یارمەتی هەرێمی کوردستان بدات کە پێشوازیی لە زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو ئاوارە کردووە، حکومەتی عێراق درێژە بە بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان دەدات، ئایا ئەمە گوشار خستنە سەر کوردستان نییە بۆ ئەوەی لە بەرەی شەڕی دژبە تیرۆریستانی داعش لاوازی بکات؟ بێگومان لەم حاڵەتە درێژەدان بە بڕینی مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستان هەر چۆنێك لەلایەن بەغداوە تەفسیری بۆ بکرێت، ئەوا ئەمە خزمەتێکی بەلاشە و بەغدا پێشکەشی تیرۆریستانی دەکات.

## • میکانزمێکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان عێراق و کوردستان

کوردستان نزیکەی چارەکە سەدەیەکە پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ بەغدا هەیە، لەماوەی ساڵانی ١٩٩١ - ٢٠٠٣ هەر بەتەواوەتی لە بەغدا سەربەخۆ بووەو تەنانەت ئەو بڕە پارەیەشی لە چوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە پرۆسەی (نەوت بەرامبەر خۆراك) بە ڕێژەی ١٣٪ بۆ کوردستان تەرخان کرابوو، لە حکومەتی ئەو کاتی عێراق وەرگیرابۆوە و راستەوخۆ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ کوردستان خەرج دەکرا، ئەمەش مانای ئەوەیە هیچ پەیوەندییەك بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لەنێوان کوردستان و عێراق نەبووە.

دوای ساڵی ٢٠٠٣ و رزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت و بوونی عێراق بە وڵاتێکی داگیرکراو، بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کوردستان نەك هەر بەشێك نەبووە لە وڵاتی داگیرکراوی عێراق، بەڵکو بەشێك بووە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ رزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت.

بەداخەوە دوای ئەوەی عێراقی تازە بونیاد نرایەوە، تایبەتمەندی کوردستان وەك بەشێك لە هاوپەیمانی بۆ رزگارکردنی عێراق لە پرۆسەی پێکهاتنەوەی دەوڵەتی تازەی عێراقدا لەبەر چاو نەگیرا، بەڵام هەرێمی کوردستان و دامەزراوە شەرعییەکانی لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا دانی پێدانرا. لە هەمانکاتدا چەندین کێشەی دیکەش وەك پرسی نەوت و پێشمەرگە و ماددەی ١٤٠ بەجێهێڵران بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکرێن. بەڵام ئەوەی لەم پرسەدا بووە ئاڵۆزی و گرێکوێرە بۆ گەیشتن بە بنبەست لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا، ئەوە بوو لە چوارچێوەی دەستووردا، ئەم کێشانە گرێدرابوونەوە بە تەواوی کێشەکانی عێراقەوە، نەك چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان لەگەڵ عێراقدا، سەرەنجامیش گەیشتە ئەوەی بە بیانووی جۆراوجۆر کێشەکان دوابکەون و چارەسەر نەکرێن.

لە ئێستادا کە واقیعێکی تازە هاتۆتەپێشەوە و جیاوازە لە ساڵی ٢٠٠٣یش، ئێستا دەوڵەتی عێراق نەك هەر پێویستی بەوەیە دووبارە بونیاد بنرێتەوە، بەڵکو پێویستی بەوەیە دووبارە لە دەستی تیرۆریستان رزگار بکرێتەوە، ئاشکراشە شەڕی تیرۆریستان تەنها شەڕێکی سەربازی نییە، بەڵکو شەڕێکی هەمەلایەنەی سەربازی و سیاسی و ئابوورییشە، بۆیە پێویستە لەسەر هەر سێ ئاستی ئابووری و سیاسی و سەربازی تایبەتمەندی کوردستان لەبەر چاو بگیرێت و کێشەکانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی کۆی کێشەکانی عێراق بهێنرێتەدەرەوە. راشکاوانەتر زۆر گرنگە کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق بە میکانیزمێکی جیاواز لە کێشەکانی بەشە عەرەبییەکەی چارەسەر بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو شێواز و میکانیزمەی کە کوردستان هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، تێگەیشتن و پیادەکردنی جیاوازە لەوەی کە لەسەر ناوچەکانی دیکەی عێراق تاقی بکرێتەوە، یان پیادە بکرێتەوە، لەمەش زیاتر کێشەی نێوان کوردستان و عێراق، کێشەی نێوان دوو نەتەوەی جیاوازی کورد و عەرەبە، ئەم کێشەیە لەوانەیە لەنێوان مەزهەبی شیعە و سوننە ئاراستەیەکی دیکە وەربگرێت، بەڵام لەگەڵ کوردستان هەر لایەك لە بەغدا حوکمڕانی بکات، ئەوا لایەنی کوردستانی هەر یەك گوتار و یەك دواکاری هەیە، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەو میکانیزمەی بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستان و بەغدا پیادە دەکرێت، جیاواز بێت لەو میکانیزمەی کێشەکانی عەرەبی عێراقی پێ چارەسەر دەکرێت.

**هیچ کاتێک عێراق بە درێژایی مێژوو لە بارودۆخێکی لەم شێوەیە نەبووە، ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع لەناو عێراقدا دەوڵەتێکی تیرۆریستی هەیە، ئەم دەوڵەتە تیرۆریستیە درێژ بۆتەوە بۆ ناو خاکی سوریا و برِوای بە سنوور و هیچ بەهایەکی مرۆیی و نێودەوڵەتی نییە**

**ئێستا بە کردەیی لە نێوان شیعە و سوننە شەڕێکی پاکتاوی مەزهەبگەرایی بەڕێوە دەچێت و هیچ لایەکیان رەحم بەوی دیکەیان ناکات**

**پسپۆرانی شەڕی ناوخۆ ئەو راستییەیان بەدیار خستووە کە شەڕوانانی سەر بەلایەنە پێکناکۆکەکانی شەڕی ناوخۆ لەو ناوچانە دەتوانن سەرکەتوو بن کە پشتیوانییەکی ناوخۆییان هەیە**



**پیتەر کراوس**

**تایبەتمەند لەسەر ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# ئەگەر حەیدەر عەبادی نەتوانێت هەڵەکانی مالیکی راست بکاتەوە عێراق وەک دەوڵەت بوونی نامێنێت

**پرۆفیسۆر پیتەر کراوس ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی بۆستن و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان. بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی نالەباری عێراق و ناوچەکە و شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ پشتگیریی هێزی پێشمەرگەو هەرێمی کوردستان لەم شەڕەداو ئەگەری فراوانبوونی ئەم شەڕە و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لە سوریا و عێراق، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر پیتەر کراوس ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**داعش گروپێکی سەد هەزار کەسی نییە، بەڵام بە سەدان هەزار کەس هەن کە ئەوان کۆنترۆڵیان کردوون و بە ڕاددەی جیاواز پشتیوانییان لێدەکەن**

**لە ئێستادا ئەمریکا و هێزە دەرەکییەکان باسی بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری هێزی زەمینی ناکەن بۆ شەڕکردن لە دژی داعش. بەڵام ڕەنگە هێرشی ئاسمانی چڕتر بکرێتەوە**

*** شەڕکردن لەگەڵ تیرۆریستانی داعش سوریا و عێراقی گرتۆتەوە و لە ئێستادا لە نێوان هەولێر و بەغدا هاوکاری هەیە بۆ ئەوەی شەڕی داعش لە عێراقدا بکەن، بەڵام ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی ئەوە دەدات کە هاوکاری لەگەڵ ڕژێمەکەی (دیمەشق)دا بکات بۆ ئەوەی بەرەنگاری داعش ببنەوە؟**

- ئاشکرایە ئەنجومەنی ئاسایش پێشتر هەوڵیدا دەستێوەردان لە سوریا بکات، بەڵام تا ڕاددەیەك چین و هەروەها بە ڕاددەیەکی گەورەتریش ڕووسیا ڕێگرییان لێکرد، لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە هەبوو ڕژێمەکەی ئەسەد بکاتە ئامانج. ئەوەی پەیوەندی بە پرسیارەکەی ئێوەوە هەبێت دەربارەی بەدواداچوونی داعش، ئەوا لە لایەکەوە ئەگەرێکی زۆر هەیە، لەبەر ئەوەی داعش دوژمنی ئەسەدە، ئەگەرچی ئەو ڕاستەوخۆ نەکەوتۆتە ڕووبەڕووبوونەوەیان بە چەشنی گروپەکانی دیکە، بەڵام بە دڵنیاییەوە نیگەرانە لەبارەی داعشەوە، چونکە داعش دەست بەسەر بنکەیەکی ئاسمانیدا گرت لە سوریا، بۆیە پێموایە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئەگەر هاتوو ئەمریکا و ڕووسیا و هێزە مەزنەکانی دیکە لە نێو ئەنجومەنی ئاسایشدا بیانەوێت کارێك بکەن، ئەوا بۆی هەیە بتوانن بگەنە بڕیارێك لەبارەی داعشەوە لە سوریا. بەربەستی سەرەکی ئەوە نییە ئایا وڵاتان ڤیتۆی دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەمریکا و هێزە ڕۆژئاواییەکان دەتوانن متمانە بە کارکردن لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسەد بکەن، ئیدی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ؟ مەرج نییە ئەمە لە مەودای کورتدا ڕووبدات. بەڵام پێموایە ئەمە پرسێکە لە سەر ئاستە باڵاکان لە ئەمریکا و لە ئیدارەی ئۆباما و لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا باسی لێوە کراوە. چونکە دەزانن ئەگەر تەنانەت بتوانن بە هاوکاری پێشمەرگە و سوپای عێراق داعش لە عێراقدا پاشەکشە پێبکەن، ئەوا ناتوانن لە ماوەیەکی کورتدا داعش لە ناو ببەن، ئەگەر کار لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسەد نەکەن و هاوکاری لەگەڵدا نەکەن.

*** چاودێران پێیانوایە شکستهێنان بە داعش تەنها بە ڕێکاری سەربازی نایێت، بەڵکو مامەڵەکردن لەگەڵ گرووپە جیاوازەکانی عێراق و سوریاش دەگرێتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ عەرەبە سوننەکاندا کە ڕاستەوخۆ هاوکاری داعش دەکەن، ئایا پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ داعشدا بکەن، یان لانیکەم پاڵپشتییان نەکەن؟**

- ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، بە داخەوە داهات و چەك و ژمارەی داعش ئەوەندە زیادی کردووە کە ئەگەر بخوازرێت ئەم ڕێکخراوە لاواز بکرێت، ئەوا پێویستە

ولاتان شــەڕی داعش بکەن و توانای سەربازییان لاواز بکەن و لە شــارەکانی وەك موسڵ و رقە و شوێنەکانی دیکــە دەریان بکــەن، بۆ ئەوەی لە کۆتاییــدا لەناویان ببــەن. ئەوەی دەقاودەق گرنگترە، هەروەك ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، داعش گروپێکی سەد هەزار کەسی نییە، بەڵام بە سەدان هەزار کەس هەن کە ئەوان کۆنترۆڵیان کردوون و بە رادەی جیاواز پشتیوانییان لێدەکەن، هەر بۆنموونە لە کۆنتڕۆڵکردنی رقە لە رۆژهەڵاتی ســوریا بینیمان. هۆکاری ئــەوەش دەقاودەق ئەوەیە کە خەڵکی ســوننە هەست دەکەن پەراوێز خراون لەلایەن حکومەتەوە لە سوریا بێت، یان لە عێراق و پێیانوایە نە مافی یەکسانیان هەیە و نە دەسەڵاتی یەکسانیشیان هەیە، ئەگەرچی عەرەبی ســوننە زۆرینەن لە سوریا، بەڵام ئاشکرایە دەسەڵاتێکی زۆریان نییە لە رژێمەکەی ئەسەددا. لە عێراقدا سوننەکان بە دڵنیاییەوە زۆرینە نین، بەڵام کەمینەیەکی گرنگن و لە سەردەمی ســەددام ولاتیان بەڕێوە دەبرد، لە سایەی مالیکیدا دەسەڵاتێکی سیاســیی زۆر، یان سەنگێکی ئابووری زۆریان نەبووە. لەبەر ئەوە تا رادەیەك پشتیوانی نەرمیان لە داعــش، یان بەلای کەمەوە بەرهەڵســتی نەکردنی سەرسەختانەیان بۆ ئەو پەراوێزکردنە سیاسییە و تووڕەیی لە حکومەت دەگەڕێتەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە رێگەی رووبەڕووبوونەوەیان لە عێراقدا لە ئێســتادا، ئــەوا گرنگترین چیرۆك بریتییە لــە حەیدەر عەبادی کە راســپێردراوە بــۆ پێکهێنانی حکومەت و پێویســتە کاری ســەخت بکات بۆ ئەوەی وا لە عەرەبی ســوننە بکات کە هەســت بکەن بەشــێکن لە ولاتەکە، نەك بە شــێوەیەکی رواڵەتی، بەڵکو بە شێوەیەکی گرنگ، بە چەشــنێك بتوانن بەشێکی ســەرەکی بن لە دەسەڵاتی سیاســی و ئابووری لە حکومەتی عێراقی، کەی ئەمە روودەدات؟ دیار نییە و کارێکی زەحمەتە، بەڵام پێموایە دەکرێــت روو بدات، ئەمە دەبێتــە ئاماژەیەك بۆ زۆرێك لە عەرەبە ســوننەکان کە بزانن بە چەشــنی سەردەمی مالیکی پەراوێز نەخراون و ســوننە شوێنی خۆی هەیە و بەرژەوەندییــان لە بەرەوپێشــچوونی حکومەتدا هەیە، ئــەوکات پەنا نابەنە بــەر گرووپێکی وەك داعش، بۆیە پێویســتە بەدیلێك هەبێت بۆ ئەوەی خەڵك هەســت بە ئومێدێك بکات بــۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی دەیەوێت بیانکات، وەك پەروەردەکردنی خێزانەکەی لە کەشــێکی سەلامەت و گەشــەکردوودا، بەڵام نەك بە شێوەیەك کە هەست بکەن جیاکارییان دژ دەکرێت. باوەڕم وایە دەکرێت ئەمــە لە عێراق رووبدات، بەڵام زەحمەتترە لە ســوریادا رووبدات. ئەگەر بمانەوێت بە شــێوەیەکی ئاشــتییانە و دادپەروەرانە شەڕی ناوخۆی سوریا کۆتایی پێبێت، ئەوا دەبێت حکومەت عەرەبی سوننە لە خۆبگرێت. کەواتە بە بۆچوونی من چارەسەرەکە بۆ هەر دوو لایان یەك شتە. بەڵام لــە عێراقدا بەلای کەمــەوە دەکرێت لە مەودای کورتدا هەنگاوی گرنگ هەڵبگیرێت، بەڵام لە ســوریا پێناچێت رژێمەکەی ئەسەد لە مەودای کورتدا هەنگاوێك بنێت و ئاشکرایە کە ئامادە نییە سازش بۆ دانیشتووانی سوننە بکات، لەبەر ئەوە باوەڕم وا نییە بەم نزیکانە ئەمە لە ئاسۆدا دەرکەوێت .

**پێشمەرگە لە هەفتەکانی رابردوودا ئیرادە و توانای خۆی پیشاندا بۆ شەڕکردن لە دژی داعش و پاشەکشەپێکردنیان لە هەندێ ناوچە**

**عێراق پێویستی بە بنیاتنانی ئایندەیەکی سیاسی سەقامگیرتر هەیە کە خەڵکی بەرژەوەندییان تێیدا هەبێت، ئەو کاتە سارێژبوونەوە و ئاشتەوایی لە نێوان پێکهاتەکاندا دروست دەبێت**

*** گرنگتریــن هاوپەیمانی ئەمریکا لەســەر ئەرزی واقیــع بــۆ شــەڕکردن لــە دژی داعــش بریتییە لە هێزەکانی پێشــمەرگەی کوردستان، ئەویش لە رێی ئەو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشانەوە بوو کە بەم دواییە ئەنجام دران و ئەمریکاش درکی بەوە کرد کە پێشــمەرگە ئەو هێزەیە کە دەتوانێت داعش تێکبشــکێنێت، پرســیارەکە ئەوەیە: تا چ رادەیەك پێویســتە جیهان پشــتیوانی پێشمەرگە بکات؟ ئایا پێویســت ناکات بۆ سنووردارکردنی داعش لە رووی چەکەوە هاوکاری پێشمەرگە بن، چونکە ئێمە دەزانین چەندەها کەســی هەڵگری پاسپۆرتی ئەورووپی و ئەمریکی لە ڕیزەکانی داعشــدا هەن و ئەگەری ئەوە هەیە بگەڕێنــەوە بۆ ولاتەکانیان و ئەمنییەتی ولاتانی خۆیشیان تێکبدەن؟**

- داعش ئەوەندە بەهێز بووە و ئەوەندە خاکی کۆنترۆڵ کــردووە، کە پێویســتی بە ژمارەیەك ســەربازی باش راهێنراو هەیە بۆ ئەوەی پاشەکشــەیان پێبکات. بەلای کەمەوە لە ئێســتادا ئەمریکا و هێزە دەرەکییەکان باسی بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری هێزی زەمینی ناکەن بۆ شەڕکردن لە دژی داعش. بەڵام رەنگە هێرشی ئاسمانی چڕتر بکرێتەوە، لە مەودایەکی سنووورداردا رەنگە هێزی ئەمریکــی رەوانــە بکرێت و ئینجا شــەراکەت بکرێت لەگــەڵ هێزەکانی زەمیندا کە دوو هێــزی پەیوەندیدار لەم رووەوە بریتین لە هێزەکانی پێشــمەرگە و ســوپای عێراق. نیگەرانییەکە ئەوەیە ئایا پێشمەرگە وەك پێویست راهێنانیان پێکراوە و وەك پێویست ئەزموونیان هەیە، یان بە چەشنی سالانی هەشتاکان و نەوەتەکان لە شەڕکردنیان لە دژی رژێمەکەی سەددام بەردەوامن؟ رەنگە هۆکاری ئەوەی کە لە سەرەتادا داعش ئەو ناوچانەی لە دەستی پێشــمەرگە دەرهێنا، ئەوە بوو ئەم شــەڕە بۆ پێشمەرگە تازە بوو، بەڵام دوای ماوەیەك کە داعش هێرشــی کرد، ئەوا پێشمەرگە ئەدایەکی زۆر باشتری هەبوو. هەروەها هەندێ کەس پێیانوایە کــە روون نییە دەقاودەق چەکی پێشــمەرگە چۆنە، چونکە ســەرکردەکانیان داوای لە ئەمریــکا و ولاتانــی دیکە کرد کە زەخیــرەی زیاتر و چەکی قورســتریان پێبدەن، بە دڵنیاییەوە داعش چەکی

قورستری هەیە کە لە سوپای عێراقەوە دەستی کەوتووە، وەك رۆکێت و تۆپ و هەمڤی، روونە پێشمەرگە لە هەفتەکانی رابردوودا ئیرادە و توانای خۆی پیشاندا بۆ شەڕکردن لە دژی داعش و پاشەکشەپێکردنیان لە هەندێ ناوچە، لەم رووەوە بۆ من جێی سەرسوڕمان نابێت کە ئەمریکا و هێزە رۆژئاواییەکانی دیکە بە شێوەیەکی چڕتر پێشمەرگە پڕچەك بکەن.

*** جگە لە کوردستان، شەڕی داعش لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا مۆرکێکی تایفەگەری وەرگرتووە، چونکە شیعەکان پاڵپشتی حکومەت دەکەن و سوننەکانیش پشتیوانی داعش دەکەن، ئەمەش مایەی نیگەرانییە و بە هەزاران خەڵکی مەدەنییان لە یەکتری کوشتووە، ئایا چۆن دەکرێت ئەم شەڕە خوێناویە بگۆڕێت بە هاوپەیمانێتی و بەرەنگاربوونەوەی داعش؟ ئایا پێتوایە ئەمە شتێکی مومکینە؟**

- دەکرێت، بەڵام دەبێت جەمسەرگیرییەکە بگۆڕێت بۆ ئەوەی هاوکاری خەڵکەکە بکەیت، تاوەکو گرووپە ئیتنییەکانی دیکە لەبەرچاو بگرن، بەداخەوە کاتێك شەڕێکی خوێناوی ئاوا لەئارادا بێت کە خەڵکانی رادیکاڵ لەسەر بنەمای ئیتنی و تایفەگەری شەڕ دەکەن، ئەوا ئەو شەڕە خەڵکەکە لێك دوورتر دەخاتەوە و بەداخەوە ئەو جیاوازییانەش قووڵتر دەکاتەوە. ئەگەر لە نەخشەی ساڵی ٢٠٠٣ی بەغدا بڕوانن، دەبینن ئەوا سوننە و شیعەکان پێکەوە دەژیان و هاوسەرگیریان لەگەڵ یەکدا دەکرد و مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە بە هەزاران ساڵ ئەو خەڵکانە رۆژانە رقیان لە یەکتری بووە، بەدڵنیاییەوە هەندێ گرژی ئیتنی هەبووە، بەڵام مەسەلەکە هەر ئەوە نەبوو کە هەمووان رقیان لە یەکتر بێت. ئەوەی روودەدات ئەوەیە کە داعش بە چەشنی رێکخراوی پێش خۆی واتە ئەلقاعیدە هێرش دەکات و هەندێ گرووپی شیعەش هەن کە لە سەر بنەمای ئیتنی هێرش دەکەنە سەر خەڵکانی سوننە و بۆردومانیان دەکەن، بۆیە خەڵکی روودەکەنە ئەو ناوچانەی کە هەمەڕەنگن کە هەموویان سوننە، یان هەموویان شیعەن، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە هەر یەکەیان رقیان لەوی دیکەیانە، بەڵکو بۆ پاراستنی سەلامەتی خۆیانە لەبەر ئەوەی خەڵکانی دیکە لەسەر ئەو بنەمایە کوشتار دەکەن. کێشەکە ئەوەیە تاوەکو ئەم رەوشە خراپتر بێت، ئەوا زیاتر خزم و باوك و خوشك لە دەست دەدەن و لەلایەن گرووپە ئیتنییەکانی دیکە دەکوژرێن، ئەمەش گرژی و رق و قین قووڵتر دەکاتەوە. ئەگەر بخوازن لە ئایندەدا عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت کورد و شیعە و سوننە بتوانن شان بە شانی یەکتر بژین. روودانی ئەمەش کارێکی زەحمەتە، لە کاتێکدا ئەم شەڕە دڵڕەقییە لەئارادایە و لە سەر ئەم ئاستەش کوشتار بەربڵاوە. لە کۆتاییدا ئەوەی پێویستە ئەوەیە رزگار بن لەو گروپە تیرۆریستییە کە داعشە، عێراق پێویستی بە بنیاتنانی ئایندەیەکی سیاسی سەقامگیرتر هەیە کە خەڵکی بەرژەوەندییان تێیدا هەبێت، ئەو کاتە سارێژبوونەوە و ئاشتەوایی لە نێوان پێکهاتەکاندا دروست دەبێت، هەرچەندە زۆر زەحمەتە ئەمەش بە رادەیەکی گەورە روو بدات، لە کاتێکدا شەڕێکی دڵڕەقانە هەیە و هەست و سۆزەکان جۆش دراون و رۆژانەش خەڵك دەکوژرێت.


*** سەرتاسەری جیهان چاوەڕوانی ئەوەیە حکومەتی هاوپەیمانێتی لەلایەن (حەیدەر عەبادی)یەوە پێکبهێنرێت، ئێمە دەزانین ئەم دۆخەی ئێستای عێراق دەرئەنجامی سیاسەتە خراپەکانی مالیکیە لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا تا چ رادەیەك پێویستە فشار بخرێتەسەر حکومەتی عێراق، یان حەیدەر عەبادی کە راسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت بۆ ئەوەی بەدەم داواکارییەکانی کورد و سوننەکانەوە بێت؟**

- بەڵێ زۆر گرنگە فشار بخرێتە سەر عەبادی بۆ ئەوەی بەم ئاراستەیەدا کاربکات، بەڵام روونترین و کاریگەرترین فشار لە ئەمریکاوە، یان هێزە دەرەکیەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەسەر ئەرزی واقیعەوە دێت. من ئومێد دەکەم عەبادی ئەو بارودۆخەی چەند ساڵی رابردوو بەتایبەتی چەند مانگی رابردوو وەك من ببینێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە عێراق پارچە پارچە بێت، ئەوەش بە زۆری هۆکارەکەی بۆ سیاسەتی رەق و پەراوێزخستنی سوننە لە لایەن کەسی پێش عەبادی واتە مالیکی دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویستە عەبادی بە بێ فشاری دەرەکی حکومەتێك پێکبهێنێت کە سوننەکان و کوردیش بەرژەوەندییان تێیدا هەبێت و لەگەڵ گروپە ئیتنییە جیاوازەکاندا لە حکومەتی بەغدا پەیوەندی باشی هەبێت، ئەمە ئەگەر بیەوێ عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و ببێتە وڵاتێکی سەقامگیر و گەشەکردوو کە بەرەوپێشەوە بچێت. ئومێدەکە ئەوەیە پێویستی بە هێزی دەرەکی نەبێت بۆ ئەوەی ئەو رێگەیەی پیشان بدات، دەنا دەکرێ ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزەکانی دیکە پاڵنەری ئەوە بۆ عێراق دروست بکەن کە دارایی دابین بکرێت بۆ ئاوارەکان لە کوردستان و شوێنەکانی دیکە بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەن و هاوکار بن لە مەشقپێکردنی سوپای عێراق و هێزە تایبەتییەکان، پێموایە ئەو پاڵنەرانە دەتوانن فشاری لەسەر دروست بکەن، بۆ ئەوەی بە ئاراستەی راست و دروستدا هەنگاو بنێت، ئەگەر درك بە ئەمانە نەکات، ئەوا بەداخەوە بارودۆخەکە باشتر نابێت.

**پێویستە عەبادی بە بێ فشاری دەرەکی حکومەتێک پێکبهێنێت کە سوننەکان و کوردیش بەرژەوەندییان تێیدا هەبێت و لەگەڵ گروپە ئیتنییە جیاوازەکاندا لە حکومەتی بەغدا پەیوەندی باشی هەبێت**

**دەکرێ ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزەکانی دیکە پاڵنەری ئەوە بۆ عێراق دروست بکەن کە دارایی دابین بکرێت بۆ ئاوارەکان لە کوردستان و شوێنەکانی دیکە بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەن**

# بۆ مانەوەی كوردستان پێویستمان بە ڕوانگەیەكی ستراتیژیی نوێ هەیە



سەرۆ قادر

بەشی دووەم

**حكومەتی كوردستان، دەبێ زیاتر لە پێشوو، تاو بە پرۆسەی سەربەخۆیی بدات و ئەم تەجربە تاڵەمان بكاتە بەڵگەیەكی واقیعی بۆ جیابوونەوەی خێرامان لە عێراق. پێویستە هەوڵبدەین، سەربەخۆیی وەك پرۆژەی ڕزگاری و مانەوەمان، پەسەند و تێگەیشتنی گشتی وەربگرێت و بكریتە خواستی هەنوكەیی هەموو كوردستان. با تێر موناقەشەی پرۆژەی سەربەخۆیی بكەین و بە دەنگی بەرز بیروڕا بگۆڕینەوە، تا هیچ گرێیەكی شەخسی و حزبی و ناوچەییمان نەمێنێت. پێویستە ڕوانگەی نوێ بۆ مانەوەمان، لە سیستەمی پەروەردەدا جێگیر بكرێ و نەوەكانی داهاتومانی پێ گۆش بكرێت. بۆ؟ چونكە هەڕەشە بەردەوامە.**

هێرشی دەوڵەتی خەلافەت(داعش)، بۆ سەر كوردستان، تەنیا شەڕێكی قورس نییە لە بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی خۆی تا بخرێتە ناو مێژووی زنجیرە بەرەنگارییەكانی. پێویستە چاومان بكەینەوە و مێشكمان بەكار بێخین تا تێی بگەین؛ ئەو بەڵایە - دوای بەڵای ئەنفال - بۆ ڕووی لە ئێمە كردەوە؟! ئایا هەڵەی خۆمانی تێدایە؟ ئەرێ سیاسەتی هەرێمایەتی حكوومەتی كوردستان، ڕێخۆشكەری ئەو هێرشە ئەنفالییەی ئەمساڵ بوو؟

ئەگەر ڕێگە بە خۆمان بدەین، جارێكی دیكە بە ستراتیژیی پاراستنماندا بچینەوە، پێویستە هەڵسەنگاندنێكی سەرلەنوێ، بۆ پەیوەندی و بەرژەوەندی، تاكە میللەتی دراوسێی (عێراق) باشووری كوردستان بكەین. ئێمە لەم پارچەیەی كوردستاندا، تەنیا دراوسێی عێراقی عەرەبین. لە سێ لای دیكەوە، سێ پارچەی كوردستان، لە تەنیشتمانن. درێژبوونەوە و قووڵایی نەتەوەیی - كولتووری، ڕۆڵێكی چارەنووسسازی لە پەیوەندی و پاراستنی میللەتاندا هەیە. كوردستانی باشوور، جیرانی كولتوورێكی خاوەن مێژووی هەزار و پێنج سەد ساڵەیە لە جیهانگیریی و دروستكردنی دین و سەپاندنی داب و نەریت و ڕوانگەی خۆی،

بەســـەر هەموو جیهاندا، لە تواندنـــەوە و لەناو بردنی پێکهاتەکانی نزیکی، دەستێکی باڵای هەیە، ئەویش کولتووری عەرەبی- بەدەوی- ئیسلامییە.

فتوحاتی عەرەبی -بەدەوی، هەڵگری ئایینی ئیسلام بووە، بەڵام لە کردەوە داگیرکردن و تواندنەوەی میللەتان و فەرهەنگەکەیـــان ئامانج بوو. لـــەو کاتەدا، جیا لە دوورگەی عەرەب، هیـــچ وڵاتێکی دیکە، عەرەب و بەدەوی لێ نەبووە. لەگەڵ فتوحاتدا، عێراقی ئێســـتا، میســـر، شـــام، بەری باکووری ئەفریقا، لە میللەت و فەرهەنگی بـــەدودا توێندرانەوە. دوایی هێدی هێدی، هۆزەکانـــی بەدو خشـــان و ناوچەکانیان داگیرکردن. لە ئەنجامدا، کولتووری بەدویان بەســـەر ناوچەکەدا ســـەپاند، ئەو ڕەفتـــارە، بووەتە ڕوانگەیـــان بۆ ژیان (د.عەلی وەردی).

دینـــی ئیســـلام، لـــە ناوەڕۆكـــی ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتییانەیـــدا، کاتێک عەرەبی بەدو هەڵگری ئاڵاکەی بوو، ئایدیۆلۆژیای پەرەسەندن و داگیرکاری ئەوان بووە. هەر بۆیەش لـــە لێکدانەوە و پەرەپێدانیدا، دەگەڕێنەوە بۆ ســـەلەفەکانی ســـەرەتا کە لە ژیان و باوەڕەکانیاندا، بەدەوی بوون. هەڵبەت ئەو ســـەلەفانە ڕوانگـــەو نەریتێکیان لێنەدەکەوتـــەوە، جیا لە داب و نەریتـــی بەدەوی، لێ هەرکاتێک دینی ئیســـلام، بە دەســـتی غەیری عەرەب پـــەرەی پێدرابێت( فتوحاتی ناعەرەبییانـــە)، ئـــەوە ناوەڕۆکی ڕوانگـــە دینییەکە وەرگیراوەو لەگەڵ کولتووری خۆجێیی هەر میللەتێک گونجێندراوە. وەک دیارە فتوحاتی ئیسلام، بەدەستی ئێرانییـــەکان، لە مۆرکی بەدەوییـــەت دوور خرایەوە و شـــەقڵێکی ئێرانی وەرگـــرت. لەوێ بەمـــلاوە، هەر میللەتێـــک دەبووە موســـوڵمان، تەعریـــب نەدەکراو دەمایەوە. بەشێک لە باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئاسیای ناوەڕاست، نیشاندەری ئەم ڕاستییەن. هەروەها کاتێک تورکە عوســـمانییەکان، بوونە ئاڵاهەڵگری پەرەپێدانـــی دینی ئیســـلام، لەوێشـــدا بەدەوییەت و تواندنەوە وەستێندرا، هەر بۆیە وەک ئیسلامی ئێرانی، ئەوە ئیســـلامی ڕۆمیش مۆرکی ناوچە فراوانەکەی خۆی پێوەیە.

مەزهەبی جەعفەری، ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی ئێرانییە، هەروەک مەزهەبی حەنەفی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی (ڕۆمی- عوســـمانی)یە. لەو دوو جۆرە ئیسلامەدا، نە تواندنـــەوە هەبووە و نە ئەنفالکردنـــی میللەتان. لێرەدا مەبەستم کەمکردنەوە لە سەرسەختی و زبری فتوحات بەرامبەر بە ئەوروپاییەکان نییە، ناشمەوێ لەم باسەدا بچمە سەر ئەوێ.

دراوسێیەتی باشووری کوردستان، لەگەڵ کولتووری بەدەویی- عەرەبی، بۆ ئێمە هەڵگری هەڕەشـــەیەکی بەردەوامـــی مان و نەمان بـــووە. فتوحاتی بەدەوی - ئیســـلامی لە ســـەدەی یەکەمی هیجریـــدا، ڕەقی و ئیبادەکردنێکی زۆری بۆ ناوچەی کوردستان تێدا بوو. داستانەکانی ئەوکات و شوێنەوارەکانی (قەبرستانەکان)، لە زاکیرەی کوردستاندا ماوەتەوە. لەوانەیە جوگرافیای کوردستان، هۆکاری هەرە سەرەکی مانەوەی میللەت و کولتووری کورد بێت. دیارە ئێمە دواسنووری تەعریبی بەدەوین. هەر بۆیە مانەوەمان بووەتە گرێیەکی کوڵ بۆ ناوەندە دینییە بەدەوییە عەرەبەکان، پرسیاری مێژوویان ئەوەیە: کـــورد بۆچی لـــەم بنەوپاڵەیـــان ماوەتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرســـیارەیان، کەنگیـــن بۆیان لوابێت، هێرشـــیان کردوەتە ســـەرمان و هەوڵی لەناوبردنمانیان داوە. بەدەوییەتـــی عەرەبی، جوو و ســـریان و کلدان و ئاشـــووری و فەنیقی و قبتییان، تا سەر لێواری نەمان پاڵ پێوەنان. ئێســـتاش بەردەوام شەڕی پاشماوەکانیان دەکەن.

دینی ئیســـلام لە کوردســـتاندا، لەگەڵ مۆرک و تایبەتمەندییەکانی ژیان و مێژووی کۆمەڵایەتییەکەی گونجاوە. ئەگەر سەلەفییەت، ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی عەرەبی- بەدەوییە، مەزهەبی جەعفەری ئایدیۆلۆژیای ئیســـلامی ئێرانیـــە، حەنەفییـــەت ئایدیۆلۆژیـــای ئیسلامی ڕۆمییە، ئەوە دیارە تەسەوف ئایدیۆلۆژیای ئیســـلامی کوردســـتانی بووە. هەر بۆیـــە ڕوانگەی دینی لە کولتووری کوردســـتاندا، هێمـــن و لێبوردە و بە تەســـاموحە. ئیســـلامی کوردســـتانی، دین و پێکهاتەکانی دیکە ناسڕێتەوە. بەڵکو دانوستاندنیشیان لەگەڵ دەکات و لەم ڕۆژگارەدا بەرەو بەرابەری ماف و عەقیدەکان دەچێت. ئەو هۆکارەیە نایەڵێت توندڕۆیی سەلەفییانە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا پەرەبستێنێت. هێمنیـــی کۆمەڵگەی کوردســـتان، لـــەڕووی دینی و کۆمەڵایەتییـــەوە، بۆ ئـــەو مێـــژووە دەگەڕێتەوە. لەوەڕایـــە دینی میللەتی ئێمە لە موسڵمان(ســـوننە و شـــیعە)، ئێزیدی، کاکەیی، مەسیحی (جاران جوو - کە عێراق قڕ و ئـــاوارەی کردن) پێکدێت. زەرووڕەتی ژیان و مانەوەمان، وادەخوازێت ســـەرچاوەکانی باوەڕە کۆمەڵایەتییەکانمان، ســـەرلەنوێ تاریف بکەینەوە و ناسنامەی میللەتەکەمانی پێی پتەوتر بکەین. لەوەوە تێبگەین کە هیچ کاتێک لە هەڕەشەی ئایدیۆلۆژیای بـــەدوی عەرەبـــی غافڵ نەبیـــن، پێویســـتییەکانی خۆپاراستنمان دەســـتەبەر بکەین و کۆمەڵگەکەمانی پێ تەییـــار بکەین. لەو ڕووەوە هـــەر بیانوویەک بۆ

**پێویستە فکری هەمووان بخەینە سەر خەرمانی نیشتمانی و مانەوەمان بخەینە سەرووی ئایدیۆلۆژیا و حزبایەتی، حزبایەتی پێویستە بەڵام بە مەرجێک لە سەروەری نیشتمان نەخوات، بە پێچەوانەوە پێی پابەند بێت**

**لە لێقەومانەکانماندا، هیچ وڵاتێکی ئیسلامی بەهانامانەوە نەهاتن. ئەوە جیهانی پێشکەوتووی دەرەوەی جیهانی ئیسلامییە، هاوکاریمان دەکەن تا بمێنین. چونکە کوردستان وەک میللەتێک دەبینن کە ڕێزی یەکدی دەگرن و یەکدی قبووڵ دەکەن و لە دیموکراسی و پێشکەوتن ناترسن**

**داخرانی کۆمەڵایەتی، حزبایەتی بەرتەسک و پاوانکار، بڕوانەبوون بە بەرابەری و توانایی پێکهاتە دینی و نەتەوەییەکانی دیکەی کوردستان، تاقەتی میللەتەکەمانی پڕووکاندوە. لە پێناوی مانەوەمان و ڕێگرتن لە ئەنفال، دەبێ هەرچی پێشکەوتنە قبووڵی بکەین**

**پێویستە سوپایەکی نیشتمانی خاوەن باوەڕی پتەو و واقیعیمان هەبێت. ئەو سوپایە هاوچەرخ بێت و لە ڕووی تەکنۆلۆژیای چەک و مەشق نوێ بێت. لاگیری بۆ وڵاتەکەی بێت، نەک بۆ حزب. حزب ناتوانێ جێگەی وڵات بگرێتەوە**

**بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دیموکراسی، کرانەوەی کۆمەڵایەتی، پاک و جوانکردنی سیستەمی حاکمرانی، ئەو پێویستییە بەپەلانەن کە توانایی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ کار و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان زیاتر دەکات**

**هەر بیانوویەک بۆ مانەوەی کورد لەگەڵ عێراق، ئەوە هێشتنەوەی شمشێری ئەنفالە لەسەر ملی میللەتی کوردستان. کورد کاتێک لە ئەماندا دەبێت کە سەربەخۆیی هەبێت و سیستەمی ژیانی خۆی، بەپێی سروشتی کۆمەڵگەکەی، دابمەزرێنێت**

مانەوەی کورد لەگەڵ عێراق، ئەوە هێشتنەوەی شمشێری ئەنفالە لەسەری ملی میللەتی کوردستان. کورد کاتێک لە ئەماندا دەبێت کە سەربەخۆیی هەبێت و سیستەمی ژیانی خۆی، بەپێی سروشتی کۆمەڵگەکەی، دابمەزرێنێت.

زۆر لایەن و کەس، هەڕەشەی داعش بۆ سیاسەتی حکومەتی کوردستان دەگێڕنەوە، من پێموایە سیاسەتەکە لەگەڵ دوور ڕاگرتنی کوردستان لە جەنگ، دەگونجا. ڕاستییەکەی لەو هەڕەشە کولتووری- نەتەوەییە بەدەویەدایە کە باسم کرد.

حکومەتی کوردستان، دەبێ زیاتر لە پێشوو، تاو بە پرۆسەی سەربەخۆیی بدات و ئەم تەجربە تاڵەمان بکاتە بەڵگەیەکی واقیعی بۆ جیابوونەوەی خێرامان لە عێراق. پێویستە هەوڵبدەین، سەربەخۆیی وەک پرۆژەی ڕزگاری و مانەوەمان، پەسەند و تێگەیشتنی گشتی وەربگرێت و بکریتە خواستی هەنووکەیی هەموو کوردستان. با تێر موناقەشەی پرۆژەی سەربەخۆیی بکەین و بە دەنگی بەرز بیروڕا بگۆڕینەوە، تا هیچ گرێیەکی شەخسی و حزبی و ناوچەییمان نەمێنێت. پێویستە ڕوانگەی نوێ بۆ مانەوەمان، لە سیستەمی پەروەردەدا جێگیر بکرێ و نەوەکانی داهاتومانی پێ گۆش بکرێت، بۆ؟ چونکە هەڕەشە بەردەوامە.

هەموو ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، با دەرفەتیان پێ بدرێت ڕوانگەی خۆیان بڵێن تا لە ئەنجامدا، فکری هەمووان بخەینە سەر خەرمانی نیشتمانی و مانەوەمان بخەینە سەرووی ئایدیۆلۆژیا و حزبایەتی. حزبایەتی پێویستە بەڵام بە مەرجێک لە سەروەری نیشتمان نەخوات. بە پێچەوانەوە پێی پابەند بێت.

بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دیموکراسی، کرانەوەی کۆمەڵایەتی، پاک و جوانکردنی سیستەمی حاکمرانی، ئەو پێویستییە بەپەلانەن کە توانایی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ کار و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان، زیاتر دەکات. داخرانی کۆمەڵایەتی، حزبایەتی بەرتەسک و پاوانکار، بڕوانەبوون بە بەرابەری و توانایی پێکهاتە دینی و نەتەوەییەکانی دیکەی کوردستان، تاقەتی میللەتەکەمانی پڕووکاندوە. لە پێناوی مانەوەمان و ڕێگرتن لە ئەنفال، دەبێ هەرچی پێشکەوتنە قبووڵی بکەین. ئەوەش بکەینە هەڵمەتێکی بەردەوامی کۆمەڵایەتی تا هیچ کەس و تایەفە و حزبێکی کوردستانی نەتوانێت ڕێگەمان پێ ببڕێت. تەجربە نیشانیداین، بوونمان لەوەدایە، خۆمان لە ئەخلاق و ڕوانگەی سەلەفییەتی بەدەوی دوور بگرین. بۆ ئەوەش دەبێ میللەتێکی پێشکەوتوو بین. میللەتێک دەتوانێ بمێنێت کە توانای پێشکەوتن لە خۆیدا دروست بکات.

لە لێقەومانەکانماندا، هیچ وڵاتێکی ئیسلامی بەهانامانەوە نەهاتوون. ئەوە جیهانی پێشکەوتووی دەرەوەی جیهانی ئیسلامییە، هاوکاریمان دەکەن تا بمێنین. بۆ؟ چونکە کۆمەڵگەی کوردستان ئاوها دەبینن کە من باسم کرد. کوردستان وەک میللەتێک دەبینن کە ڕێزی یەکدی دەگرن و یەکدی قبووڵ دەکەن، لە دیموکراسی و پێشکەوتن ناترسن. پێویستە ئەو متمانە جیهانییە بپارێزین و پتەوتری بکەین. کوردستانێکی پێشکەوتووی چاکسازی کراو، دەتوانێ ئەو متمانەیە بپارێزێت.

ئەو ڕوانگەیەی من باسی دەکەم، لە عەرەبمان جیادەکاتەوە، بەڵام نابێ ڕێگە بدەین هیچ بیروڕا و ئایدیۆلۆژیایەک، دژی عەرەب و ئیسلام لە ناوماندا پەرەبستێنێت. خۆ جیاکردنەوە و خۆپاراستن بە نەژادپەرستی و کرهاندنی نەتەوەیەکی دیکە ناکرێت.

ڕوانگەی کولتووری، دینی، فرەیی کراوە، لەگەڵ سروشتی کوردستان دەگونجێت. سیستەمی حوکمڕانیمان چاکسازییەکی زۆری پێویستە. لەوکاتدایە دەتوانین سیستەمێکی دیفاعی متمانەپێکراو بنیاد بنێین. پێویستە سوپایەکی نیشتمانی خاوەن باوەڕی پتەو و واقیعیمان هەبێت. ئەو سوپایە هاوچەرخ بێت و لە ڕووی تەکنۆلۆجیای چەک و مەشق نوێ بێت. لاگیری بۆ وڵاتەکەی بێت نەک بۆ حزب. حزب ناتوانێ جێگای وڵات بگرێتەوە. سوپا ئەگەر نیشتمانی نەبوو، خۆی پێناگیرێت و شکست دێنێت، جیهانیش هاوکاری ناکات. بۆیە کوردستان دەبێ ئەو قۆناغەش تێپەڕێنێت و سوپایەکی نیشتمانی (پێشمەرگە) دامەزرێنێت.

لەلایەکی دیکە، پێویستە لە سیستەمی پەروەردە، لە دەزگاکانی هاوپەیوەند، هاووڵاتییان ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی ئەنفال بکرێن. تا میللەت لە پاڵ سوپادا بەرەنگاریی بکات و دامودەزگاکانی وڵات بپارێزێت و بیر لە کۆڕەو و بەجێهێشتنی زێدی خۆی نەکاتەوە. پێویستە ئەو باوەڕە لەلای هاووڵاتییان دروست بکرێ کە دەتوانێت مقاوەمەت بکات، گیان و سامانی هاووڵاتییانیشی بپارێزێت. لەوەشدا تەجرەبەی میللەتانی دیکە، بەتایبەتی تەجرەبەی خۆپاراستنی ئیسرائیل، دیراسە بکەین و لێیان فێر بین. پێویستە لە جیهانی ئازاد فێری ئازادی و خۆپاراستن بین. جا ئەوە لە هەر کوێیەک بێت.

# یەكرێزیی نێوخۆ، زامنی بەدیهێنانی ئامانجەكانمانە



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

كە لە ناوەڕاستی شەستەكاندا سوپای ئەمریكا لە ڤێتنام دەجەنگاو، پاشان شكستی هێناو ڤێتنامی بەجێهێشت، ژەنەڕاڵ (وێست مۆڕ لاند) رووبەڕووی سەرزەنشت و لۆمەكردنێكی زۆر بووەوە لەلایەن سەرۆكی ئەمریكاوە سەبارەت بەشكستەكەی، بەڵام ئەو بەم قسەیە بەرگریی لەخۆی كردو گوتی:(ڤێتنامییەكان هەر سوپا نەبوون، ئەوان گەل و سوپا بوون، هەموویان بێ جیاوازی یەكڕیز بوون، لەئاوا حاڵەتێكیشدا هیچ هیوایەك بۆ سەركەوتنی ئێمە نەمابوو).

ئێمەش وەك گەلی كوردستان، ئەزموونەكانی دوێنێ و راستییەكانی ئەمڕۆش هەر ئەوەمان پێدەڵێن كە سەركەوتنەكانمان لە یەكڕیزیماندا بوون و، شكستەكانیشمان لە پەرتەوازەییماندا بوون. بۆیە مێژوونووسانیش ئەم راستییە دەسەلمێنن و دەڵێن: هۆكارە نێوخۆیی و خودییەكانی شكستی هەر نەتەوەو گەلێك چەندە زۆر بن، بەڵام دواجار دەتوانرێت لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا دیار بكرێن:

یەكەم: ناتەبایی و خودپەرستی و ململانێ و پەرتەوازەبوونی بەرژەوەندییەكان.

دووەم: ناكامڵیی رۆشنبیریی نەتەوایەتی.

بۆیە ئێمەی كوردستانی كە یەك خاك و یەك زمان كۆمان دەكەنەوە، جێگەی خۆیەتی كە یەك بەرژەوەندیی نیشتمانی و یەك ئامانجی نەتەوەییش كۆمان بكەنەوە، لەبەرامبەر ئەم شەڕەی كە كاربەدەستانی عێراقی ئەمڕۆ رۆڵی گەورەیان هەبوو لە دروستكردن و گەورەكردنی كێشە سیاسی و سەربازییەكان بە ئاراستەی هەناردەكردنی كێشە نێوخۆییەكانی عێراق بۆ دەرەوەی خۆی، بەمەبەستی لەبیربردنەوەی مافەكانی هاووڵاتییان و پەردەپۆشكردنی پشتگوێخستنی خزمەتگوزارییەكان، هەروەك (تۆماس مارن) دەڵێت: (پەنابردنە بەر رێگەچارەی سەربازی تاكە رێگەیە بۆ ڕاكردن لەو كێشانەی كە لەئاشتیدا دێنە ئارا).

بۆیە ئەمڕۆ ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە كە لەم ململانێ سیاسی و سەربازییەی ئەمڕۆدا، نەفەسمان درێژ بێت و، بەرامبەریش تێبگەیەنین كە هیچ حكومەتێكی عێراقی نەیتوانیوە خێر لە شەڕ ببینێت و، ناشتوانێت چارەسەری هەمیشەیی بۆ كێشەكانی عێراق بدۆزێتەوە، هەتا ئەو كاتەی ئەو عەقڵییەت و بیركردنەوەیە نەگۆڕێت كە لەعێراقدا حوكمی پێدەكرێت.

ئەمڕۆ لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتیشدا، زیاتر و زیاتر بایەخی شوێن و پێگەی هەرێمی كوردستان بۆ ناوچەكەو جیهان دەركەوت كە هەرێمی كوردستان وەك بەشێكی خاوەن تایبەتمەندێتی لەم عێراقەدا، لەتوانایدایە یاریزانێكی سیاسیی كارا بێت و، دەستیشی هەبێت لە دروستكردنی بەشێكی ئەو ئایندەیەی كە نەخشەی بۆ دەكێشرێت لەناوچەكەدا، لەسەر بنەمای رێزگرتن لە سەروەری و پاراستنی تایبەتمەندییەكانی یەكدی، ئاشتەوایی و بنیاتنانی ئایندەیەكی گەش.

لێرەشدا بەپێویستیی دەزانم كە ئاماژە بۆ قسەیەكی تۆماس جێڤرسۆن (سێیەم سەرۆكی ئەمریكا) بكەم، كە لەنێوان سالانی (١٨٠١) هەتا(١٨٠٩) فەرمانڕوایەتی كردووە.

تۆماس جێڤرسۆن لەپێناوی پاراستنی سەربەخۆیی ئەمریكادا، هەمیشە داوای لە هاووڵاتییان دەكرد:

یەكەم: شەڕی ناوخۆ بەرپا نەكەن.

دووەم: یەكتر تۆمەتبار نەكەن.

سێیەم: گلەیی و رەخنەكانیان لەیەكدی بۆ رۆژی دوای ناخۆشییەكان هەڵگرن.

بۆیە قسەیەكی بەناوبانگی هەیە كە تیایدا دەڵێت:(ئەگەر ئاگر لە ماڵمان كەوتەوە، پێویستە هەموومان هەوڵی كوژاندنەوەی بدەین، نەك بەوەوە خەریك بین كە ئایا ئەو ئاگرە لەماڵەوە سەری هەڵدا، یان لەدەرەوە هات؟)

# کێڵگەیەکی نوێی سیاسی

(٣)



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

لە پێنج ساڵی ڕابردوودا، سێ ڕووداو بە سێ ئاستی جیاوازەوە، کارایی گەورەیان لەسەر مۆدێلی نوێی مامەڵەکردن، تورکی لەگەڵ ڕووبەری کوردیدا دانا. ڕووداوی یەکەم بریتییە لە دوورخستنەوەی ڕادیکالانەی عەسکەر و عەقڵی عەسکەری لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی تورکیا بە ڕووبەری کوردییەوە. ڕووداوی دووهەمیش بریتییە لە دامەزراندنی کەناڵی TRT6 لەلایەن جمهوریەتی تورکیاوە کە بە زمانی کوردی بەرنامەکانی پەخشدەکات. بێگومان ئێمە دەتوانین لە بایەخی ئەم کەناڵە کەم بکەینەوە و چەندین لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکەین، بەڵام من پێموایە، لە کۆتاییدا دامەزراندنی کەناڵێك کە بەکوردی قسەبکات، لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژیای سیاسی، ئاماژەیەکی گرنگە بەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە بەسەر ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت و یادەوەری کۆلێکتیڤی کۆمەڵگەییدا هاتووە. ڕووداوی سێیەمیش بریتییە لە کۆی ئەو ڕیفۆرمە سەرەتاییانەی کە حکومەتی تورکی ئەنجامیاندەدات و هەر یەکەیان لە ئاستێکدا بەرەو دانانان بە بوونی «کورد» لە تورکیادا دەیبەن. لەبیرمان نەچێت کە تا دوێنێیەکی نزیك، لە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتدا، کوردبوون یەکسان بوو بە تاوانێکی گەورە! بەڵام ئەو ڕووداوەی کە لە دەرەوە دێت و تەواوی ئەکتەرەکان (تورکیا، حکومەتی هەرێم، پارتی کرێکارانی کوردستان) ناچار دەکات بە جوڵانەوەی خێراتر، بە هاوپەیمانی بەهێزتر، بە دامەزراندنی پەیوەندی کۆنکرێتیتر، بە تۆڕی پەیوەندی فراوانتر، بریتییە لە قەیرانی «دەوڵەت» لە سوریادا و سەرهەڵدانی کوردستانێکی دیکەی سەربەخۆ لەم وڵاتەدا.

بەدرێژایی مێژوو، ڕووبەری کوردی هەمیشە لە جوڵاندا بووە و بەرهەمهێنەری کردەی چاوەڕواننەکراو بووە. ڕووبەری کوردی بەردەوام لەنێو گریمانە «موستەحیل»ەکاندا خوێنراوەتەوە و کراوە بە بابەتی لێکۆڵینەوە. بەڵام سەرەڕای ئەم سروشتە ئاڵۆزەش، ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا، هاتنە سەر شانۆی کوردستانی سوریا بوو وەك ئەکتەرێکی بەرهەمهێنەری کارای نێو کێڵگەی سیاسی ناوچەیی!

دەرکەوتنی ئەم ئەکتەرە، چەند «موفاجەئە» بوو بۆ وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان)، بۆ وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا، سەد ئەوەندە «موفاجەئە»ی توندتر بوو بۆ تورکیا لەلایەك و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەکی دیکەوە.

لەسەر ئاستی سیاسی، قووڵایی ئەم ئەکتەرە نوێیە، پارتی یەکێتی دیموکراتی، لەنێو پارتی کرێکارانی کوردستاندایە. چەند پێگەی ئەم ئەکتەرە لەنێو کێڵگەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێز بێت، هێندەش هەژموونی پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕکابەرە مێژووییەکەی پارتی داد و گەشەپێدان، تۆختر دەبێتەوە. چەند ئەم هەژموونەش تۆختر بێتەوە، هێندەش پرۆسێسی ئاشتی لە تورکیادا ئاڵۆز دەبێت و هەژموونی داد و گەشەپێدان بەسەر جەماوەری دەنگدەری کوردستانی تورکیاوە کاڵدەبێتەوە.

لە چاپێکی دیکەشدا، گەر تا دوێنێیەکی نزیك، حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاکە دەزگای کوردی «دەوڵەتی» بووبێت کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکە و جیهان مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت، لە گریمانەی دروستبوونی چوارچێوەیەکی «دەوڵەتی» دیکە لە کوردستانی سوریادا، هەژموونی حکومەتی هەرێم بەسەر ڕووبەری کوردیدا بێ مەترسی و بێ بەرامبەر نامێنێتەوە. هەرهیچ نەبێت، شتێك بەناوی «هاوکێشەی هێز» و پەیوەندییەکانی پێگەکان دروستدەبێت.

لە ناوەندێکی ئاوادا، مەترسییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی تورکیا بە یەکدەگەن و تێکەڵ بە یەك دەبن. بەڵام بێگومان ئەمە کۆی چیرۆکەکە نییە! ڕژانی هەشت هەزار پەنابەری سوریا بەسەر تورکیادا و دو سەد هەزار پەنابەری سووری دیکە بەسەر هەرێمی کوردستاندا، هەڕەشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دیکەی هاوبەشە لەیەک کاتدا بەسەر حکومەتی هەرێم و حکومەتی تورکیاوە: هەڕەشەیەکی هاتوو لە قەیرانی سوریاوە!

هەروەها خاڵێکی هاوبەشی دیکەی نێوان حکومەتی تورکیا و حکومەتی هەرێم بریتییە لە سەرهەڵدانی چەندین وردە گرووپی چەکدار کە بە ئاسانی دەتوانن سنوورەکان ببڕن و لەنێوان سوریا و تورکیا و کوردستاندا چالاکی ئەنجامبدەن. ڕاستە لە ئێستا و ئێرەدا مەیدانی جەنگی ئەم گرووپانە سوریا و ڕژێمەکەی بەشاری ئەسەدە، بەڵام حکومەتی تورکیا و حکومەتی هەرێم، ئەزموونی ئەفغانستانی هەشتاکانیان لەبەرچاوە کە چۆن پاش کۆتاییهاتنی «جیهاد»، موجاهیدە «گەڕاوەکان» چەندین وڵاتیان کرد بە گۆمی خوێن. ئەم دوو حکومەتە وشیارن بەوەی کە، گەر بێتو لە ئێستاوە ستراتیژیەتی پارێزگاری هاوبەش دانەنێن، لە سبەینێیەکی نزیکدا، دەکرێت ئەم وردە گرووپانە، سنوورەکانیان وەك لاپەڕە بدڕێنن و شار و شارۆچکەکانیان پڕبکەن لە ئۆتۆمۆبیلی بۆمبڕێژکراو.

لە هەلومەرجێکی سەخت و ئاڵۆزی ئاوادایە کە حکومەتی تورکیا و حکومەتی هەرێم، ناچارن بەوەی کە هاوپەیمانی نێوانیان قووڵتر بکەنەوە و پانتایی جووڵانەوەی هابەشیان فراوانتربکەن و ڕێککەوتننامەی ستراتیژی واژوو بکەن. بێهودە نییە کە تەنها چەند ڕۆژێك دوای ئەوەی کە پارتی یەکێتی دیموکرات (باڵی کوردستانی سوریای PKK)، کۆنترۆڵی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەردانی شاری کەرکووك دەکات و، بەبێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ حکومەتەکەی نوری مالیکی لە بەغداد بکات، دان بە سەروەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەر شاری کەرکووکدا دەنێت. بێگومان هەموو ئەوانەی کە لەسەر ئەم «ئیشکالیەتە» کاریان کردوە، تێدەگەن لەوەی کە، سەلماندنی سەروەریی حکومەتی هەرێم بەسەر کەرکووکدا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەلومەرجی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێوستی بە قوربانی گەورە و دەستپێشخەری گەورەیە.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

# تەتەڵەی خەلافەت لە ئیستانبولەوە بۆ موسڵ

(٣)

هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لەتورکیا لەساڵی ١٩٢٤، هەرایەکی زۆری لەناو موسڵمانانی هیندستان دروست کرد. موسڵمانانی هیندستان خۆیان بە بەشێکی جیهانی ئیسلام دەزانی و لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوون کە دەوڵەتی عوسمانی بتوانێ خۆی لەبەردەم بریتانیا و فەرەنسا و رووسیادا راگرێ. پاش تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگ و داگیرکردنی ئیستانبول لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە، موسڵمانەکانی هیندستان لەساڵی ١٩١٩دا بۆ پشتیوانیکردن لەخەلافەت بزووتنەوەی خەلیفەیان دامەزراند.

دامەزراندنی بزووتنەوەی «خەلیفە» لە هیندستان، ئاماژەیەکی روونە بۆ ترسی موسڵمانانی هیندستان لە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت. بۆیە کاتێك مستەفا کەمال لە ئەناتۆلیا بزووتنەوەی بەرگریی بە هاوکاریی کورد دەست پێکرد، موسڵمانانی هیندستان ئەم هەوڵەیان بە کارێکی مێژوویی دایە قەڵەم، بەتایبەتی کە گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی کەمالیست لەو قۆناغەدا رووی لەوە بوو کە ئامانجەکەی بووژاندنەوەی خەلافەت و رزگارکردنی خەلیفەی دەستبەسەرە. سەرکەوتنی مستەفا کەمال لە شەڕی سەقاریا و وەرگرتنەوەی ئزمیر لە یۆنانییەکان لەساڵی ١٩٢١، ناوبانگێکی زۆری بۆ دروست کرد. لەم سۆنگەیەوە موسڵمانەکانی هیندستان وەك پاڵەوان سەیری (مستەفا کەمال)یان کرد و، ئۆمێدی ئەوەیان خواست کە بتوانێ سەروەری بۆ ئیسلام بگێڕێتەوە. لەهیندستان شیعە و سوننەکان هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە تێکشکانی تورکیا مەترسییە بۆ سەر ئیسلام وەك هێزێکی جیهانی.

بەڵام لەساڵی ١٩٢٤دا موسڵمانانی هیندستان تووشی شۆك بوون، نەك هەر بە بیستنی هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، بەڵکو هەروەها بە بیستنی ئەوەی کە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لەسەر دەستی ئەو کەسە هاتۆتەدی کە لەمەوبەر بە پاڵەوانیان زانیوە. لەسەر ئەم بنەمایەو لە پێداچوونەوەیەکی دراماتیکیدا، کەمالیزم بەجۆرێکی تر هەڵسەنگێنرا، کە بزووتنەوەیەکە لەبری خزمەتکردنی ئیسلام، زیان بە ئیسلام دەگەیەنێ.


گەیل میناولت وای بۆ دەچێ کە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت بزووتنەوەی خەلیفەی داڕماند و وای لێ کرد، واز لە بیروباوەڕە پان ئیسلامیستییەکانی بێنێ و زۆرتر بەکارکردن بۆ دابینکردنی مافە سیاسییەکانی موسڵمانانی هیندستانەوە سەرقاڵ بێ[1].

لە بەرەنجامی کۆتاییدا هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت وای لە موسڵمانانی هیندستان کرد، میانڕەوتر و پرەگماتیتر و بەشێوەیەکی واقیعبینتر بیر بکەنەوە. هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت ساغی کردەوە کە دامەزراندنی یەك دەوڵەت بۆ موسڵمانانی جیهان شتێکە زۆرتر لە ئەفسانە دەچێ.

ئەمە بەم مانایە دێ کە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە تورکیا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ موسڵمانانی هیندستانی هانداوە واز لە تیۆریی «یەك دەوڵەت بۆ موسڵمانانی جیهان» بێنن. ئەم بۆشاییە ئایدیۆلۆژییە چانسێکی باشتری بۆ دەرکەوتنی تیۆریی دروستکردنی دەوڵەتی پاکستان وەك «نیشتمانێکی ئیسلامی» دابین کرد. لەم سۆنگەیەوە، چەند لەساڵی ١٩٤٧ نزیك ببینەوە، چانسی تیۆریی «نیشتمانی ئیسلامی» بەهێزتر دەبێ و چانسی تیۆریی «یەك دەوڵەت بۆ هەموو موسڵمانانی جیهان» زۆرتر پاشەکشە دەکا. تەنانەت ئەبو ئەعلای مەودودی، یەکێ لە گەورەترین تیۆریسینەکانی ئەو کاتە، کە داوای دەکرد دەوڵەتێکی ئیسلامی لە رۆژئاوای هیندستانەوە تا مەغریب پێکبهێنرێ، وازی لە داواکەی هێنا و پشتگیریی دامەزراندنی دەوڵەتی پاکستانی کرد.

بیرکردنەوەی موسڵمانانی هیندستان بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی هەموو موسڵمانانەوە بوو. لەکاتێکدا هەموو موسڵمانان سەرقاڵی دروستکردنی «دەوڵەتی نەتەوەیی» خۆیان بوون، تەنها موسڵمانەکانی هیندستان بیریان لە دەوڵەتی خەلافەت دەکردەوە، ئەمەش لەگەڵ لۆجیکی مەسەلەکاندا نەدەگونجا. لەبەرەنجامی کۆتاییدا، ئەوانیش، لەژێر فشاری هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و بێئومێد بوون لە زیندووکردنەوەی، بەرەو جیابوونەوە لەهیندستان و دامەزراندنی پاکستان وەك نیشتمانێکی ئیسلامی هەنگاویان نا.

[1] Minault، Gail، “the khalifat Movement، Oxford Universty Press، 1982، pp. 203- 204.




فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

سامی کۆهین

رۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکی بۆ گوڵان:

# ئەردۆگان دەیەوێت سەرۆکێکی بەهێز بێت بۆ ئەوەی تورکیای نوێ بەرەو ئایندەیەکی گەش ببات

له هه‌فته‌ی رابردوو ره‌جه‌ب ته‌یب ئه‌ردۆگان وه‌ك یه‌که‌مین سه‌رۆك كۆماری هه‌ڵبژێردراو له‌ مێژووی كۆماری توركیادا سوێندی یاسایی خواردو هه‌روه‌ها ده‌ستی له‌ سه‌رۆكایه‌تی پارتی دادو گه‌شه‌پێدان هه‌ڵگرت و ئه‌حمه‌د داودئۆغلۆ وه‌زیری پێشووی ده‌ره‌وه‌ی توركیا سه‌رۆكایه‌تی پارتی داد و گه‌شه‌پێدانی پێسپێردراو له‌ هه‌مانكاتیشدا هه‌ر له‌ كۆبوونه‌وه‌كه‌ی پارتی داد و گه‌شه‌پێدان كاندید كرا بۆ پۆستی سه‌رۆك وه‌زیران، ئه‌م رووداوه‌ی توركیا كه‌ هه‌نگاوی یه‌كه‌مه‌ بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی توركیا له‌ سیستمی په‌رله‌مانییه‌وه‌ بۆ سیستمی سه‌رۆكایه‌تی، یان نیمچه‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌ وه‌رچه‌رخانێكی گرنگ له‌ سیاسه‌تی توركیا داده‌نرێت، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی پێشتر ده‌سه‌ڵاتی سه‌رۆك كۆمار ده‌سه‌ڵاتێكی ره‌مزی و ته‌شریفاتی بووه‌، به‌ڵام له‌ ئێستادا و دوای ئه‌وه‌ی سه‌رۆك كۆمار له‌لایه‌ن گه‌له‌وه‌ راسته‌وخۆ هه‌ڵبژێردرا، سیستمه‌ سیاسییه‌كه‌ گۆڕانكاری به‌سه‌ردا دێت. بۆ قسه‌كردن له‌سه‌ر ره‌وشی سیاسیی تازه‌ی توركیا، ئه‌م وتووێژه‌مان له‌گه‌ڵ سامی كۆهین رۆژنامه‌نووس و ستوونووسی به‌ناوبانگی رۆژنامه‌ی میللیه‌تی توركی ئه‌نجامدا و به‌مجۆره‌ شرۆڤه‌ی ئه‌و بارودۆخه‌ی بۆ گوڵان كرد.




*** دوای ئەوەی ئەردۆغان وەك یەكەمین سەرۆكی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە لە بەردەم پەرلەماندا سوێندی خوارد و سیستمی سیاسی توركیا لە سەرۆكایەتیەوە گۆڕدرا بۆ پەرلەمانی، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەردۆغان لەو پۆستەدا گۆڕانكاری لە توركیادا دروست دەكات؟**

- بۆ ماوەیەكی زۆر بوو بەڕێز ئەردۆغان ئەمەی دەویست و پشتیوانی ئەم سیستمەی كرد و خوازیاری ئەم گۆڕانكارییە بوو. بە دڵنیاییەوە لەو كاتەوەی كۆماری توركیا نوێ دامەزراوە، پێڕەوی سیستمی پەرلەمانی كراوە، وەك پێشتریش بینیومانە لە چوارچێوەی سیستمی پەرلەمانیدا سەرۆك كۆمار دەسەڵاتێكی زۆر سنووورداری هەبووە و زیاتر وەك كەسایەتیەكی ڕەمزی بووەو بەپێی دەستووری توركیاش نەدەبوو سەر بە هیچ پارتێكی سیاسی بێت و لە سەرووی سیاسەتی ڕۆژانەوە بێت. دەسەڵاتی كردەییش لەدەستی حكومەت، یان لە دەستی دەسەڵاتی جێبەجێكردندا بوو، سەرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێكردن، سەرۆك وەزیران بوو، ئەمە سیستمەكە بوو، بە چەشنی زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپی ئەمە بۆ چەندین دەیە لە ئارادا بوو. بەڵام ماوەیەكی زۆرە بەڕێز ئەردۆغان دەیوست گۆڕانكاری لەو سیستمەدا بكات. ئەو دوو شتی ویست، یەكەمیان: ڕاستەوخۆ سەرۆك لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێت، لە بری ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە بێت. دووەمیان ئەوەبوو سەرۆك كۆمار دەسەڵاتی هەبێت و تەنها ڕەمزی نەبێت، بۆ نموونە، بە چەشنی فەڕەنسا و ئەمریكا و هەندێ وڵاتی ئەمریكای لاتین كە سەرۆك دەسەڵاتی زیاتری هەبێت و ماف و دەسەڵاتی جێبەجێكردنی هەبێت. مەسەلەی یەكەمیان هاتەدی، چونكە بۆ ئەوەی گۆڕانكاری پێویست لە یاساكاندا دروست بێت، پێویست بوو كە سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێت، ئەوە ئەنجام درا و بەڕێز ئەردۆغان هەڵبژاردنەكەی بردەوە و شكستی بە ركابەرەكانی هێنا كە دوو كاندید بوون. پرسی دووەم ئەوەیە كە ئەو بە ئاشكرا و لە ناو خەڵكدا وتوویەتی كە نایەوێت وەك سەرۆكەكانی پێش خۆی بێت و دەیەوێت چەند دەسەڵاتێكی دیاریكراو بەكار بهێنێت، بۆ ئەوەی توركیا بەرەو ئایندەی باشتر ئاراستە بكات. بە دڵنیاییەوە هێشتا حكومەت

دەمێنێت، بەڵام — هەروەك خۆی وتی- ئەو دەستەوەستان دانانیشێت لە كۆشكی سەرۆكایەتیدا و تەنها كەسایەتییەكی رەمزی بێت. ئەمەش مشت و مڕێكی زۆری لە توركیادا دروست كردووە، لەبارەی ئەوەی ئایا بەڕێز ئەرۆدغان دەسەڵاتی زیاتر بەكار دەهێنێت، دەسەڵاتێك كە دەستوور پێی نەداوە؟ چونكە دەستووری ئێستای توركیا لەسەر بنەمای ئەوەیە كە سیستەمە سیاسییەكە سیستمێكی پەرلەمانی بێت و، سەرۆك وەزیران بەرپرسی دەسەڵاتی جێبەجێكردن بێت و، حكومەت حوكمڕانی وڵاتەكە بكات. لێرەوە بۆ ئەوەی سەرۆك دەسەڵاتی تایبەتی هەبێت، دەبێت دەستوور هەموار بكرێتەوە و هەمواركردنەوەی دەستووریش زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەوێت و هێشتا ئاك پارتی ئەو زۆرینەیەی نییە، بۆیە لە ئێستاوە بەڕێز ئەردۆگان خۆی بە هەڵبژاردنەكانی داهاتوو ئامادە دەكات كە ساڵی داهاتوو لە حوزەیراندا ئەنجام دەدرێت، هەربۆیە ئەوەی ئێستا بەڕێز ئەردۆغان پلانی بۆ دادەنێت كە بریتییە لە بردنەوەی زۆرینەیەكی بەهێز لەو هەڵبژاردنانەدا، ئەو توانی لە هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیدا سەركەوتوو بێت و توانی زۆرینەیەكی تۆكمە لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەدەست بێنێت لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكاندا. كەواتە بردنەوەی هەڵبژاردن، بوێری و ئومێدی ئەوەی داوەتێ كە لە هەڵبژاردنەكانی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ زۆرینەی دوو لەسەر سێ بێنێت، بۆ ئەوەی ئاك پارتی بتوانێت گۆڕانكاری دەستووری پێویست ئەنجام بدات، كە وەك سەرۆك كۆمار دەسەڵاتی زیاتر بكات. بەدڵنیاییەوە ئەمە پلان و پڕۆژەی بەڕێز ئەردۆغانە و دەبێت چاوەڕێی بكەین و ببینین ئایا ئاك پارتی دەتوانێت ئەم زۆرینەیە بەدەست بهێنێت؟ پرسیارەكە ئەوەیە ئایا دەستوور دەگۆڕدرێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تایبەت بە سەرۆك بدات؟ ئایا لە توركیادا سیستمێكی سەرۆكایەتی دێتەئاراوە، یاخود لە سایەی ئەم دەستوورەی ئێستادا دەمێنێتەوە و سیستمێكی پەرلەمانی پیادە دەكات؟ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەردۆغان بەو كەسایەتی و كاریزمایەی هەیەتی هەموو ئەگەرێك بەكار دەهێنێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زیاتری هەبێت لە دەسەڵاتی هەر سەرۆكێك كە لە رابردوودا هەیانبوو. كەواتە ئەو وەك پیاوی بەهێزی توركیا دەمێنێتەوە. ئێمە بەم دواییە ئەمەمان لە وتارەكانیدا بینی، هەروەها توانی وەزیری پێشووی دەرەوە، ئەحمەد داود ئۆغلۆ بكاتە سەرۆكی حكومەت و سەرۆك وەزیران، كە بە تەواوەتی هاوڕای بیروبۆچوونەكانی ئەوە و لەڕاستیدا زۆر دڵسۆزە بۆی. ئەوەی لە هەفتە و مانگەكانی داهاتوودا دەیبینین ئەوەیە كە حكومەتەكە زۆر لە نزیكەوە كار لەگەڵ سەرۆكدا دەكات. بۆیە سەرۆكایەتییەكە زۆر جیاواز دەبێت لە سەرۆكایەتییەكەی پێشوو، لە سەرۆكایەتییەكەی عەبدوڵلا گول، كە ئەندامێكی چالاك و كەسایەتییەكی سەركردە بوو لە ئاك پارتیدا، بەڵام دوای ئەوەی وەك سەرۆك هەڵبژێردرا هەوڵیدا ئەوەندەی دەكرێت بێلایەن بێت، ئەگەرچی ئەمە حاڵەتەكە نابێت لەگەڵ ئەردۆغاندا، راستە ئەردۆغان دەستی لە پارتەكە كێشایەوە، چونكە دەبوو دەست لە كار بكێشێتەوە و دەبوو لەسەرووی سیاسەتی حزبایەتییەوە بێت، بەڵام ئێستا دەستی لە كار كێشاوەتەوە، كەچی لە كۆبوونەویەكی تایبەتدا لەگەڵ پارتەكەیدا بەشدایكرد بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لە هاوڵەكانی بكات و بە روونی ئەوەی راگەیاند كە دڵ و هۆشی لای پارتەكەیە و بەردەوام دەبێت لە پەیوەندیدا لەگەڵ حكومەتدا و پەیوەندیش لەگەڵ پارتەكەدا ناپچڕێنێت. كەواتە ئەمە سیستمێكی سیاسی تەواو جیاواز دەبێت. ئەمە شتێك نییە كە ئەردۆغان و سەركردەكانی دیكەی پارتەكەی نكۆڵی لێبكەن. بەڵكو بە ئاشكرا دەیڵێن كە شتێكی جیاواز دەبێت، ئەمە بۆتە دروشمی ئەردۆغان كە بەردەوام دەیڵێتەوە ئەویش بریتییە لە «توركیای نوێ». مەبەستێتی كە شتگەلێكی زۆر دەگۆڕێن، لە نێویاندا ئەم سیستمە سیاسسیە، كە رەنگە لە ئێستادا نیمچە سەرۆكایەتی بێت، واتە لە نێوان- سیستمی سەرۆكایەتی و پەرلەمانی-، تاوەكو ئەو كاتەی گۆڕانكاری دەستووری دەكرێت كە بوار بۆ سیستمێكی تەواو سەرۆكایەتی دروست دەكات.

*** د.داود ئۆغلۆ بە داهێنەری سیاسەتی سفر كێشە ناسراوە، ئایا چ گۆڕانكاری و چ هەنگاوێكی باش چاوەڕوان دەكرێت لە سەرۆك وەزیرانی نوێ، كە لە هەمان كاتدا بە سەرۆكی ئاك پارتیش هەڵبژێدرا، ئایا پێتوایە بتوانێت لەسەر ئاستی ناوخۆی توركیاش سیاسەتی سفر كێشە پیادە بكات؟**

- پڕۆفیسۆر داود ئۆغلۆ كە پێشتر كەسێكی ئەكادیمی بووە، دە ساڵ ئەزموونی لە سیاسەت و دیبلۆماسیدا هەیە و لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا وەزیری دەرەوە بووە، ئەندامی پەرلەمانیشە. ئەو توانای رۆشنبیری و تمووحی سیاسی تێكەڵ كردووە. لەو كۆبوونەوەی ئاك پارتی- كە پێشتر ئاماژەم پێكرد-، وەك سەرۆك وەزیرانی راسپێدراو دەركەوت و بە كۆدەنگی دەنگی لەسەر درا. ئێستا ئەو بەڕاستی و بە فەرمی كراوە بە سەرۆك وەزیران، ئەگەرچی لە ئێستادا سەرقاڵی دروستكردنی كابینە نوێی حكومەتە و پێویستە بە متمانەی پەرلەمانەوە لە كۆتایی ئەم هەفتەیەدا تەواو بێت. پڕۆفیسۆر داود ئۆغلۆ رۆشنبیرێكە و پڕۆژەی درێژخایەنی هەیە دەربارەی ئەوەی دەبێت توركیا لە هەمو بوارەكانی ژیاندا بیكات، لە بواری سیاسەتی ناوخۆدا، لە بواری دیموكراسی و ئازادی رادەبڕین و .. هتد، هەروەها لە بواری ئابووری و كەلتوور و كاروباری دەرەوە. لەو كۆبوونەوەی بە كۆی دەنگ، دەنگی لەسەر درا، وتارێكی درێژی پێشكەش كرد و پڕۆگرامێكی نۆ خاڵی خستەڕوو، كە جۆرێكە لە ئایدیا و لە نەخشەڕێگە بۆ توركیا، كە پتر هاوشێوەی ئەوەیە كە پێشتر بەڕێز ئەردۆغان وتی و پلانی بۆ دانابوو، كە توركیایەكی سەقامگیر و بەهێزی دەویست، بەڵام بەدڵنیاییەوە چاكسازی و گۆڕانگاری زۆریشی ئەنجامدا لە ئابووری و سیاسەتی ناوخۆی و بوارەكانی دیكەی چالاكیدا. مەسەلەكە ئەوەیە ئاك پارتی بەردەوام دەبێت، گومان لەوەدا نییە، چونكە ئاك

**ڕاگەیاندنی توركیا بەدواداچوون دەكەن بۆ ئەوەی لەو ناوچانەدا دەگوزەرێت كە لە ژێر داعشدان لە ئێستادا، پێمـوایە ئەوەش وەك بابەتی سەرەكی دەمێنێتەوە كە حكومەتی نوێی توركیا بە خۆیەوە سەرقاڵ دەكات**

**تێڕوانینی ئەورووپی بۆ توركیا وەك خۆی ماوەتەوە لەگەڵ گۆڕانی ئیدارەكەدا، چونكە هەمان سەركردایەتی لە توركیادا هەن كە بڕیار لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی و كاروباری دەرەوە توركیا دەدەن**

پارتـــی لە ٢٠٠١ـەوە حوکمڕانـــی تورکیا دەکات، واتە زیاتر لە دەیەیـــەك. کەواتە ئاك پارتی لە دەســـەڵاتدا بووە و ئەم بەرنامەیەش بـــەردەوام دەبێت. هەروەهـــا بەڕێز داود ئۆغلۆ باســـی لەوە کرد، تورکیا پێویســـتی بە «بەدەســـتهێناوەوە-restoration» هەیـــە، واتە ماوەیەك بۆ بەدەســـتهێنانەوە لە تورکیادا دەبێت، مەبەســـتی ئەوەیە هەندێ شـــت تا ئێستا ئەنجـــام نەدراون لـــە رووی چاکســـازی و گۆڕانکاری لە سیاســـەتی و ئابـــووری و سیاســـەتی دەرەوە و .. هتد، لە ماوەی رۆژان و مانگەکانی داهاتوود ئەمە دەبێتە ئامانجی ئـــەو و دەبێتە ئامانجـــی ســـەرەکیی حکومەتەکەی. واتە تورکیایەکی سەقامگیرتر و بەهێزتر، کە لە هەموو روویەکەوە بەهێزتر بێت، بەتایبەتـــی لە رووی ئابوورییەوە. ئەویش نەك سیاسەتی دەرەکی بەشـــێوەیەکی ریشەیی بگۆڕێت، چونکە لە وتارەیەکـــەدا ئاماژەی بە پەیوەنـــدی نزیك کرد لەگەڵ یەکێتی ئەورووپـــادا، لەگەڵ مەیلێکی رۆژئاوایی کە پتر لە کاروبـــارە ناوچەییەکاندا کارا بێت. ئەمە کـــەم تا زۆر ئەو بیرۆکەیەمان دەداتێ کە بەڕێـــز داود ئۆغلۆ بەردەوام دەبێت لەســـەر هەمان سیاســـەتی بەڕێز ئەردۆغان، هەردووکیان لە نزیکەوە کار لەگەڵ یەکدا دەکەن بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە ڕیانگەیاندووە.

*** هەرێمی کوردســـتان پەیوەندی باشی لەگەڵ تورکیادا هەبووەو هەروەها شـــەریکێکی ســـتراتیژی بووە بۆ تورکیا لە ناوچەکەدا و ئێســـتاش کە سیســـتمی سیاسی لە تورکیا نیمچە سەرۆکایەتییە و خودی ئەردۆغانیش خۆی سەرۆکی تورکیایە، ئایـــا تا چەند چاوەڕوان دەکرێـــت پەیوەندییەکان لەگەڵ کوردستاندا باشتر بن و لەو بواردا گۆڕانکاری زیاتر دروست بکات؟**

- بەڕێز ئەرۆدغان و بەڕێز داود ئۆغلۆ ئەم دوو کەسایەتیە زۆر باش ناســـراون بەوەی کاریان بـــۆ ئەوە کردووە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ کوردســـتاندا هەبێت، ئەوان ئەندازیاری ئەوە بـــوو، لە نزیکەوە لە نێوان ئەنقەرە و هەولێر هاوکاری هەبێت. کەواتە چاوەڕێی ناکرێت ئەم ئیدارە نوێیە لە ئەنقەرە بایەخێکی کەمتر بەم پرسە بدات، بەڵکو بەردەوامیدانێك دەبێت بە هەمان سیاســـەت بۆ ئەوەی پەرەی زیاتر بە پەیوەندییەکان بدرێت و بـــواری نوێ بکرێتەوە بۆ هاوکاری. بە دڵنیاییەوە یەکێك لە ئاماژەکانـــی ئەو هاوکارییە بەم دواییە لە بواری وزەدایە، لە بواری نەوتدایە کە لە کوردستان بەرهەم دەهێنرێت و هەناردە دەکرێت بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ بازاڕە دەرەکییەکان. کەواتە لە رووی ئابووری و سیاســـی و کەلتوورییەوە، هەماهەنگی زیاتر و پەیوەندی زیاتر لە نێوان هەردولادا دەبینین.

*** ئێستا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر ئاك پارتی دەسەڵاتی هەیە و دوای ئەوەی ئەردۆغان بووە سەرۆك، تا چ رادەیەك مەرجەکانی بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا جێبەجێ دەکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە گۆڕینی دەستوورەوە هەبێت؟**

- پێمـــوا نییە ئەو سیاســـەتە بگۆڕێت، ئاماژەیەکی باش بوو کە بەڕێز داود ئۆغلۆ لە یەکەم وتاریدا لە کۆبوونەوەکەدا باســـی یەکێتی ئەوروپا بکات، ئەویش لەو بەشە کورتەی کە پەیوەســـت بوو بە قسەکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوە. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە ئاراســـتەی تورکیا لە هزری بەڕێز داود ئۆغلۆ و هەروەها بەڕێز ئەردۆغـــان وەك خۆی دەمێنێتەوە. تورکیا دەیەوێت ببێتە بەشێك لە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام هەروەك دەزانین بۆ ماوەیەك ئەو گفتوگۆیانە زۆر بە سستی رۆیشتن و لەلایـــەن هەندێ ئەندامی یەکێتی ئەورووپاوە بەربەســـتی بۆ دروســـت کراوە. کەواتە ئەمە ئەرکێکی ئاســـان نەبووە بۆ حکومەتەکە. ئەمەش تا رادەیەك دەوەســـتێتە سەر یەکێتی ئەورووپـــا کە ئایا تا چەند بایەخ بـــە بەردەوامیدان دەدەن بەم رەوتـــە بۆ ئەوەی بە عەمەلی تورکیا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورپا. تێڕوانینی ئەورووپـــی بۆ تورکیا وەك خۆی ماوەتەوە لەگەڵ گۆڕانی ئیدارەکەدا. چونکە هەمان ســـەرکردایەتی لە تورکیـــادا هەن کە بڕیار لەبارەی سیاســـەتی دەرەوەی و کاروبـــاری دەرەوە تورکیا دەدەن. دەبێت چـــاوەڕێ بکەین و ببینیـــن. پێموایە بەردەوام دەبن بۆ هەوڵـــدان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی زیاتر بەرەو ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- وەك دوا ســـەرنج دەبێت ئاماژە بـــەوە بدەم کە لە تورکیا نیگەرانی هەیە لەبارەی چالاکییەکانی داعشـــەوە لە عێراق و ســـوریا، ئەمانـــە دوو وڵاتی دراوســـێن. بەداخەوە داعش داگیرکارییەکانـــی خۆی بەرفراوان دەکات لە خاکی هەردوو وڵاتـــدا. ئەمە مایەی نیگەرانییەکـــی گەورەیە لە تورکیا، چونکە ڕاستەوخۆ لەسەر ســـنوری تورکیا روودەدات. ئەمە خاڵێك، خاڵێکی دیکە ئەوەیە هێشتا داعش ٤١ کەسی تورك، لە نێویاندا کونســـوڵی تورکیا لە موسڵ، دەستبەسەرکردووە وەك بارمتە و هێشتا ئەم قەیرانی بارمتەیە چارەسەر نەکراوە و ئەوە نزیکەی ســـێ مانگە لە دەستی داعشدان و ئەمەش مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە بۆ تورکیا. لە ســـەر ئاستی ڕەســـمی حکومەتی تورکیا زۆر وریا بووە، و بەڕاستی لەم رووەوە دانی بەخۆیـــدا گرتووە، هەروەها هانی خەڵکی داوە، بەتایبەتـــی ڕاگەیاندن هەڵلایەکی لەبارەوە دروســـت نەکەن. بەڕێـــز داود ئۆغلۆ وتی: دەبێت ئـــارام بگرین و مرونەتمان هەبێـــت و زۆر وریا بین لەبـــارەی بارمتەکانەوەو ئامانجمان ئەوەیە بە ســـەلامەتی بگەڕێنەوە بـــۆ تورکیا. بە دڵنیاییەوە ئەوە سیاســـەتی حکومەتە و لە راســـتیدا حکومەتی تورکیا جۆرێك لە سانســـۆری لەسەر رۆژنامەکاندا داناوە بۆ ئەوەی بە ئاشـــکرا باس لە پرسی بارمتەکان لە لای داعش نەکەن. حکومەتـــی تورکیا هەموو کارێك دەکـــەن بۆ ڕزگارکردنی ژیانـــی ئەو ٤١ بارمتەیە، ئەمـــە زۆر گرنگە، بەڵام بەدەر لەوە راگەیاندنی تورکیـــا بەدواداچوون دەکەن بۆ ئەوەی لەو ناوچانەدا دەگوزەرێت کە لە ژێر داعشدان لە ئێستادا، پێموایە ئەوەش وەك بابەتی سەرەکی دەمێنێتەوە کە حکومەتی نوێی تورکیا بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات.

**بەڕێز ئەرۆدغان و بەڕێز داود ئۆغلۆ ئەم دوو کەسایەتیە زۆر باش ناسراون بەوەی کاریان بۆ ئەوە کردووە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ کوردستاندا هەبێت، ئەوان ئەندازیاری ئەوە بوو، لە نزیکەوە لە نێوان ئەنقەرە و هەولێر هاوکاری هەبێت**

**بۆ ئەوەی سەرۆک دەسەڵاتی تایبەتی هەبێت، دەبێت دەستوور هەموار بکرێتەوە و هەموارکردنەوەی دەستووریش زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەوێت و هێشتا ئاک پارتی ئەو زۆرینەیەی نییە**

# ژینۆسایدی ئێزدییەکان

## تاوانێکی دیکە دژ بە کوردبوون و مرۆڤایەتی



دوای تاوانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، هەوڵی کورد بۆ ئەوە بوو ئەو تاوانە لەسەر ئاستی جیهان بە ژینۆساید بناسرێت، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کورد رووبەڕووی کارەساتی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید نەبێتەوە، بەڵام هاتنی تیرۆریستانی داعش ئەو راستییەی پیشاندایەوە کە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کورد و درێژەپێدانی ژینۆساید لەسەر ناسنامەی کوردبوون پرۆسەیەکی بەردەوامە و هەرکاتێک دوژمنانی کورد بۆیان هەڵبکەوێت درێغی ناکەن .

پرسی ژینۆسایدکردنی ئێزدییەکان و بردنی ژن و کچانی ئێزدی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، پرسێکە زیاتر لە رەهەندێکی هەیە و ئەوەی بەرامبەر بە ئێزدییەکان کراوە زۆر دڕندانەترە لەوەی بەرامبەر پێکهاتەکانی دیکەی وەک عەرەبی شیعەو تەنانەت برا کریستیانەکانیش کراوە، کە ئەوانیش قوربانی دەستی تیرۆریستانی داعشن، بەڵام لە پرسی ئێزدییەکاندا کێشەیەکی دیکە هاتۆتەئاراوە، ئەویش جیا لەوەی ژمارەیەکی زۆر لەسەر ئەوەی ئایینی خۆیان نەگۆڕیوە کۆمەڵکوژ کراون، لەهەمانکاتدا کچان و ژنانی ئێزدی وەک دەسکەوتی شەڕ براون و وەک کۆیلە بارزگانییان پێوەکراوە. ئەم حاڵەتە ئەگەر بەرامبەر کوردی ئێزدی لەسەر ئەو بنەمایە کرابێت، کە ئەوان هەڵگری ئایینێکی جیاوازن، ئەوا بێگومان پێشتر لەسەر دەستی رژێمی پێشووی بەعس و لە چوارچێوەی پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفالدا بەرامبەر ژن و کچی دیکەی کوردانی دیکە کراوە کە ئەوان ئەو بیانووەشیان نەبووە کە ئایینیان جیاوازە، بەڵکو هەموویان موسڵمان بوون و پیڕەوی ئایینی ئیسلامیان کردووە. بۆیە بیانووەکان هەرچی بن، ئەوا پرسی کۆمەڵکوژی و پاشان هەوڵدان بۆ شکاندنی کەرامەتی نەتەوەییمان، پرسێکە تەنها خۆی لەوەدا چڕدەکاتەوە کە مەسەلەکە تەنها پەیوەندی بەوەوە هەیە ناسنامەی نەتەوەیی ئێزدییەکان کوردە و شانازی بە کوردبوونی خۆیانەوە دەکەن.

## ● یەکبوون بۆ پارێزگاری لە کوردبوون

کاتێک دەڵێین کارە تیرۆریستیەکانی داعش بەرامبەر کوردانی ئێزدی رەهەندێکی زیاتری لە کردەوەیەکی تیرۆریستی هەیە بەرامبەر بە رقلێبوونەوە لە کورد و کوردبوون، ئەوە کارە تیرۆریستییەکانی خودی تیرۆریستانی داعشن کە پێمان دەڵێت: تیرۆریستانی داعش بەرامبەر بە عەرەبی شیعە و کریستیانەکانیش رەفتاری دڕندانەی کۆمەڵکوژییان ئەنجامداوە و سڵیان لەوە نەکردۆتەوە ئەو کارانەیان چەند قێزەوەن و دژی مرۆڤایەتین، بەڵام چ لە موسڵ و چ لەناوچەکانی دیکەش ئەو رەفتارە نامرۆڤایەتی و دڕندانەیەمان نەبینیوە



**کاتێک توندوتیژی دەگاتە ئەو ئاستەی نەتەوەیەک بڕیاری کۆمەڵکوژی نەتەوەی بەرامبەری بدات، ئەوا مانای ئەوەیە کە پێکەوەژیان لەبری ئەوەی کێشەکە بەرەو چارەسەرکردن ببات، ئەوا ئەو پێکەوە ژیانە هێندەی دیکە بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات و زەمینە بۆ کارەساتی زیاتر دەخولقێنیت**

**لە پرسی ئێزدییەکاندا کێشەیەکی دیکە هاتۆتەئاراوە، ئەویش جیا لەوەی ژمارەیەکی زۆر لەسەر ئەوەی ئایینی خۆیان نەگۆڕیوە کۆمەڵکوژ کراون، لەهەمانکاتدا کچان و ژنانی ئێزدی وەک دەسکەوتی شەڕ براون و وەک کۆیلە بازرگانییان پێوەکراوە**

**هاتنی تیرۆریستانی داعش ئەو راستییەی پیشاندایەنەوە کە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کورد و درێژەپێدانی ژینۆساید لەسەر ناسنامەی کوردبوون پرۆسەیەکی بەردەوامە و هەرکاتێک دوژمنانی کورد بۆیان هەڵبکەوێت درێغی ناکەن**

کە دەرهەق بە ئێزدییەکان کراوە، ئەویش ئەوەیە راستە لە سبایکر تیرۆریستانی داعش زیاتر لە هەزار کەسیان پێکەوە کۆمەڵکوژ کردووە، راستە تیرۆریستانی داعش سەر وماڵی کریستیانەکانیان داگیرکردووە و ئاگاداریان کردوونەوە کە شارەکە بەجێبهێڵن، بەڵام نەمانبیستووە کە دەست بۆ شەرەف و کەرامەتی هیچ کام لەو خەڵکانە بەرن، بۆیە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو هۆکارانە چین کە رێگەیانداوە ئەو کارە دەرهەق بە کوردانی ئێزدی بکەن؟ وەڵامی ئەو پرسیارە خۆی لەو واقیعەدا بەرجەستە دەکاتەوە کە تیایدا زۆربەی زۆری ئەو گوندانەی کە ماوەیەکی دوور و درێژە لە لایەن کورد و هێزی پێشمەرگەوە دەپارێزرێن و لە چوارچێوەی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەوا لەماوەیەکی کورتدا هەموویان چوونە پاڵ رێکخراوی تیرۆریستی داعش و بوونە بەردەباز بۆ ئەوەی داعش بتوانێت پێشڕەوی بکات و چەندین ناوچەی کوردستان داگیر بکات، کە دیارە کارەساتی داگیرکردنی شنگال لەهەموویان بەسوێترە و زۆر زەحمەتە زامی شنگال و کارەساتی ئێزدییەکان ساڕێژ بێتەوە.

لەم روانگەیەوە ئەگەر لەلایەکەوە کارەساتی شنگال وەك تاوانێکی تیرۆریستی دژ بە مرۆڤایەتی سەیر بکرێت، ئەوا لەلایەکی دیکە هەست دەکەین پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەو رەفتارە وەحشیگەری و دژە مرۆڤایەتییە رەگێکی بیری شۆڤینیزیمی عەرەبی لە پشتەوەیە، ئەو بیرە شۆڤێنیەی کە پێشتر ئەنفالی بەرامبەر کورد پیادەکرد و بەسەدان هەزاریان زیندەبەچاڵکرد و بەدەیان کچ و ژنی کوردیشیان بێ سەروشوێن کردو هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەتوانراوە بە تەواوەتی سۆراخیان بزانرێت.

بۆیە ناکرێت کارەساتی کوردانی ئێزدی لە چوارچێوە نەتەوەییەکەی وەك تاوانێك دژ بە بوونی کورد دەربهێنرێت و تەنها وەك کارێکی تیرۆریستی دژ بە گرووپێك خەڵکی بێتاوان لێکبدرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو تاوانەی دژ بە ئێزدییەکان ئەنجامدراوە، رقێکی شاراوەی کۆنەقینێکی شۆڤێنی لە پشتەوەیە و پرسەکە پەیوەندی بە جیاوازی ئایینی، یان خەلافەتی ئیسلامیی تیرۆریستانی داعشەوە نییە، بەڵکو پرسەکە پرسێکی نەتەوەییە و هەر کاتێك ئەو ئەقڵییەتە شۆڤێنیە هەلی بۆ هەڵبکەویت، ئەوجا لە ژێر هەر پەردە و بیانوویەك بێت، هەمان کارەسات بە سەر تەواوی هەموو ئەو کەسانە دووبارە دەکاتەوە کە بەزمانی کوردی قسە دەکەن یان وەك نەتەوەیەك لەم جیهانەدا بەرگری کوردبوونی خۆیان دەکەن.

بۆیە ئەوەی لەم کارەساتەوە فێر دەبین، ئەوەیە کە وەرچەرخان لە ئەقڵییەتی شۆڤینی عەرەبی لە دوژمنایەتی و نیەتی سڕینەوەی بەرامبەر بۆ پێکەوەژیان و ئاشتی و برایەتی، پرسێکە ئەقڵی سیاسیی دووچاری سەرسوڕمان دەکات، هۆکاری سادەش بۆ ئەمە ئەوەیە ئەو عەرەبانەی لە دژی کوردانی ئێزدی بوونە پشت و پەنای داعش، ئەو عەرەبانەن کە ساڵانێکی دوور و درێژە لە سایەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هێزی پێشمەرگە سەر و ماڵ و کەرامەتیان پارێزراوەو، ئەمەش تەنها لەناوچەی شنگال نەبووە، بەڵکو لەهەموو ئەو ناوچانەی کە تا رادەیەك گوندە عەرەبەکان تێکەڵن لەگەڵ گوندە کوردەکاندا، لە جەولا تا شەنگال زۆربەی زۆریان هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر کورد گرتۆتەبەر و بەرەی داعشیان دژی کورد هەڵبژاردووە، ئەوەی پێیانکراوە درێغیان نەکردووە، بۆیە ئەم کارەساتە وەك پەندێك ئەوەمان فێر دەکات کە هەمیشە مەترسییەکی راستەوخۆ لەسەر ناسنامەی کوردبوونمان هەیە و دووبارەبوونەوەی ئەو مەترسییەش پەیوەندی بە کات و ساتەوە هەیە، کە هەڵگرانی ئەقڵییەتی شۆڤێنی هێزیان هەبێت، یان هەلێکیان بۆ بڕەخسێت بۆ ئەوەی کوردی تێدا ژینۆساید بکەن.

## تەنها رێگە بۆ دووبارەنەبوونەوەی ژینۆساید دامەزراندنی دەوڵەتی سەبەرخۆی نەتەوەییە

کاتێك توندوتیژی دەگاتە ئەو ئاستەی نەتەوەیەك بڕیاری کۆمەڵکوژی نەتەوەی بەرامبەری بدات، ئەوا مانای ئەوەیە کە پێکەوەژیان لەبری ئەوەی کێشەکە بەرەو چارەسەرکردن ببات، ئەوا ئەو پێکەوە ژیانە هێندەی دیکە بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات و زەمینە بۆ کارەساتی زیاتر دەخولقێنیت، سەبارەت بەم لایەنە ئەگەر سەیری هەموو ئەو کێشە و کارەساتە خوێناوییانە بکەین کە لەنێوان نەتەوەکانی ئەم سەرزەمینە هەبوون و روویانداوە، ئەوا پەنابردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە جگە لە دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەوانی دیکە هەموویان چارەسەری کاتی بوون، پاشان خوێناویتر کارەساتەکە دووبارە بۆتەوە.

لێرەوە دەکرێت ئاماژە بۆ هەموو ئەو ئەزموونانە بکەین کە بێجگە لە پەنابردن بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ، هەوڵدراوە لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی، یان فیدرالی چارەسەر بکرێت. دیارە مێژووی کێشە بەردەوامەکانی ئیسرائیل و فەلەستین و سرب و ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ و موسڵمان و هێندۆسەکانی کشمیر، هەموو ئەو راستییەمان پێدەڵێن کە چارەسەری ئەو کێشانە بەبێ لێکجیاکردنەوەی لایەنە پێکناکۆکەکان و داڕشتنی سنوور لە نێوانیدا ئەوە کێشەکە هەر بە خەفەکراوی دەمێنێتەوەو، هەمووکاتێك مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت خوێناویتر کێشەکە سەرهەڵبداتەوە، ئەمە چۆن بۆ واقیعی کورد لە کوردستاندا راستە، بەهەمان

شێوە بۆ نەتەوەکانی دیکەی جیهانیش راستە و شەڕەکانی ئەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و کارەساتی غەزە و هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، ئەو راستیەمان پێدەڵێن کە چۆن جولەکە و عەرەب ناتوانن لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا پێکەوە بژین، بەهەمان شێوە لەنێوان ئەو نەتەوانەش کە توندوتیژی نێوانیان دەگاتە ئەو ئاستەی لایەك سڵ لەهیچ نەکاتەوە و بێباکانە ژینۆساید بەرامبەر نەتەوەیەکی دیکە پیادەبکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دوو لایە ناتوانن پێکەوە بژین و چەند هەوڵبدرێت کە بە شێوازی جۆراوجۆر کێشەکەیان بۆ ماوەیەك سڕبکرێت، ئەوا لە داهاتوودا خوێناویتر دووبارە دەبێتەوە.

ئەم پرسە ئەگەر بۆ سەدەی بیستەم و هەتا رووخانی دیواری بەرلین پرسێك بووبێت، ئاستەنگی گەورەی نێودەوڵەتی لەبەردەمدا بووبێت، بەوەی نەتوانرێت پەنا بۆ چارەسەری ریشەیی ببرێت و لایەنە پێکناکۆکەکان لە یەکتری جیابکرێنەوە، ئەوا بۆ جیهانی سەدەی بیست و یەکەم کە جیهان خۆی پابەندکردووە بەوەی رێگە نەدات کۆمەڵکوژی و ژینۆساید دووبارە بێتەوە، ئەوا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێز لە ئیرادەی ئەو نەتەوەیە بگرێت کە خۆی رێگەیەك هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید نەبێتەوە.

**● ناساندنی تاوانەکانی دژی کورد وەك ژینۆساید**

هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناساندنی ئەنفال و کیمیاباران بە ژینۆساید لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان، ئاکامێکی گرنگی هەبووە و ژمارەیەکی بەرچاو لە پەرلەمانەکانی ئەوروپا ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیان بە ژینۆساید ناساندووە، هەروەها ئەم پرسە لەلایەن پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاشەوە پشتگیری لێکراوە بۆ ئەوەی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا وەك ژینۆساید بیناسێنێت، بەڵام هێشتا هەوڵەکان هەر بەردەوامن کە ژینۆسایدی ئێزدییەکانیشی وەك بەشێکی نەتەوەی کورد هاتەسەر، ژینۆسایدی ئێزدییەکانیش زۆر لەو کارەساتە گەورەترە کە لەسەدەی رابردوو بەسەر ئەرمەنییەکان هات. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کار لەسەر ئەو مەبەست و نیەتە بکرێت کە ئەمجارە و جارانی پێشتریش ئەنجامدراون بۆ ئەوەی بوونی نەتەوەیەك بسڕنەوە. ئەگەر هەر بۆ نموونە باسی کارەساتی ئەم جارەی شنگال بکەین و لەو سەدان هەزار ئاوارەیە بڕوانین کە بەناچاری روویان لە چیای شەنگال کرد، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت تیرۆریستانی داعش بەوەندە وازیان لە کوردانی ئێزیدی نەهێناوە کە ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت و روویان لە چیاکە کرد، بەڵکو ئەگەر بۆیان بلوایە و بەرگریی هێزی پێشمەرگە نەبوایە دەچوونە سەر چیاکەو هەموویان لەسەر چیای شنگال کۆمەڵکوژ دەکرد، وەك چۆن لە چەند گوندێکی ئێزدی کۆمەڵکوژیان کردن، یان ئەوانەی لە شەنگال کەوتنە بەردەستیان کۆمەڵکوژیان کردن، هەربۆیە پرسەکە لێرەدا هێندەی پەیوەندی بە نیەت و بیرکردنەوەی ئەو لایەنە هەیە، کە ئەو کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدەی ئەنجامداوە، هێندە پەیوەندی بە ژمارەی قوربانییەکانەوە نییە، بۆیە ئەگەر لە کارەساتی ئێزدییەکاندا چەند هەزار کەسێك کۆمەڵکوژ کرابن و چەند سەد کچ و ژن برابن و وەك کۆیلە مامەڵەیان پێوەکرابێت، ئەوا ئەگەر هەموو کوردیش بکەوتایەتە بەردەستی ئەو گرووپ و تاقمە



دڕندەیە چارەنووسیان هەمان چارەنووسی ئەو کەسانە دەبوو کە بەردەستیان کەوتوون.

بۆیە ئەوەی لەم پرسەدا گرنگە و جێگەی هەڵوەستەیە ژمارەی قوربانییەکان نین، بەڵکو نیەت و بیرکردنەوەی ئەو گرووپ و تاقمەیە بەرامبەر بوونی نەتەوەیەك و پرسەکەش لەوە گەورەترە کە پەیوەندی بە جیاوازیی ئاینی ئێزدییەکانەوە هەبێت، بەڵکو خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەوان کورد بوون و شانازییان بەکوردبوونی خۆیانەوە کردووە.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا گرنگە جیهان بەگشتی ئەم پرسە وەك هەڕەشەیەك لەسەر بوون و ناسنامەی نەتەوەیەك سەیر بکات و بیناسێنێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش هەوڵبدات کە شێواز و میکانیزمێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کارەساتی لەو جۆرە دژ بە کورد دووبارە نەبێتەوە.



## ماسیۆ کراین

### پسپۆڕ لە پرسی ژینۆساید بۆ گوڵان:

# کارەساتی ئێزدییەکان لە چیای شنگال چەخماخەیەک بوو ئیدارەی ئەمریکی بەئاگا هێنایەوە

**پرۆفیسۆر ماسیۆ کراین ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی وۆستەر پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر توندوتیژی سیاسی و پرۆسیسی تەنگژەکان و هەروەها پسپۆڕە لەسەر پرسی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید، بۆ بەدواداچوونی ئەو کارەساتەی بەسەر کوردی ئێزیدی لە چیای شنگال هات و ئەو رەفتارە دڕندانەی دژ بە ئێزدییەکان کرا، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ماسیۆ کراین ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دوای کارەساتی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی ناوچەی بەڵکان، ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڵێنیان بە مرۆڤایەتی دا، کە جارێکی دیکە رێگە نادەن کۆمەڵکوژی و ژینۆساید رووبداتەوە، بەڵام وەك ئێستا دەبینین لە کوردستان ژینۆساید دژی ئێزیدییەکان دووبارە بۆتەوە، ئایا بۆ نەتوانرا رێگری لە دووبارەبوونەوەی ژینۆساید بکرێت؟**

- لەوە دەست پێدەکەم کە هاوڕام لەگەڵ شیکردنەوەکەی ئێوەدا بەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی پابەندکردووە بە نۆرمی «بەرپرسیارێتی پاراستن» کە دەوڵەت بەرپرسیار دەکات لە پاراستنی خەڵکەکە لە چوارچێوەی سنوورەکەیدا، بەتایبەتی خەڵکی مەدەنی لە ژینۆساید و فۆرمەکانی دیکەی کۆمەڵکوژی ئیتر لەسەر بنەمای پێکهاتە بێت، یان بنەمایەکی سیاسی. پشتیوانی بۆ بنەمای «بەرپرسیارێتی پاراستن» لە نێو نەتەوە یەکگرتووەکاندا پشتیوانییەکی بەربڵاوە، ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی جیهان پشتوانییان لەو بنەمایە کردووە، ئەوەش تا رادەیەك پەرەسەندنێکی نوێیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ و ئەوە دەردەخات کە بەلای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە و لە سەدەی بیست و یەکدا ئەوە قابیلی قبوڵ نییە. ئەوەی پەیوەست بێت بەوەی دەکرێت چی بکرێت؟ ئەوا باوەڕم وایە هەندێ کاردانەوەی ئەمریکا بەتایبەتی لە هەفتەی رابردوودا و هەفتەی پێشتر کە ئەمریکا نیگەران بوو لەوەی کۆمەڵکوژییەکی ساتەوەخت رووی کردۆتە ئێزیدییەکان لە چیای شنگال، ئەوە بووە چەخماخەیەك- بەلای کەمەوە لەنێو سیاسەت داڕێژەرانی ئەمریکا- بۆ دروستبوونی هەستی ئەوەی کە دەبێت شتێك بکرێت. من دەزانم سەرۆکی ئەمریکا وتی: هەندێ لەو کارانە بۆ پاراستنی هاووڵاتییانی ئەمریکایە لەوێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوە کارێکی مرۆییش بوو بۆ گەیاندنی کۆمەکی زیاتر. بەلای کەمەوە لە بەشێکیدا ئەوە جێبەجێکردنی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن بوو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. پرسیارەکەی ئێوەش پەیوەستە بەوەی ئایا ئەوە بەسە؟ من نازانم ئەوە بەسە، یان نا، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەڕەشەی کوشتنی زیاتر هەیە و هەروەك ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، کوشتنێکی سیستماتیکییە، کە گرووپێك خەڵکانێکیان لەسەر بنەمای ئایین، یان ناسنامە کردۆتە ئامانج و ئەوەش هەمیشە مایەی نیگەرانییە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بۆ من کە بایەخ بە پرسی ژینۆساید و کۆمەڵکوژی سیاسی دەدەم. ئێمە لەوەدا باشین کە چی بکەین کاتێك ئەو کوشتارە بەردەوام دەبێت، بەڵام هێندە باش نین بە رێگەگرتن لە روودانی، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە هەندێ لەو کوشتارە روویان داوە و بە شێوەیەکی سەرەکیش لەلایەن لایەنێکی غەیرەدەوڵەتییەوە ئەنجام دراون، ئەمەش فاکتەرێکی ئاڵۆزکاری دیکەیە، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باشتر دەتوانێت مامەڵە بکات، کاتێك دەوڵەتێك دەست بە کوشتاری خەڵکەکەی خۆی دەکات و تەنها ئێستا خەریکی ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ لایەنە غەیرە دەوڵەتییەکاندا بکات، کاتێك ئەم کارە ئەنجام دەدەن، ڕەنگە ئەوە بەشێك بێت لە هۆکاری ئەوەی بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو شێوەیە بەداواداچوونیان نەکرد، وەك ئەوەی رایانگەیاندووە.

*** بەڵام ئەم رووداوانە دەریانخســـت ئەوە ئاکامی سیاسەتی ئەو دەوڵەتە فاشـــیلانەیە کە وەك عێراق و سوریا زەمینەیەکی گونجاویان بۆ تیرۆریســـتان دروســـت کردووە کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش خەلافەتی ئیســـلامی خۆیان رابگەیەنن، ئایا ئاشـــتی و پێکەوەژیان لـــە دەوڵەتە شکســـتخواردەکاندا دێتەئاراوە؟**

- من هاوڕام لە گەڵتاندا، بەڵام من نازانم چۆن ئەو کارە بکرێت، ئەگەرچی ئەوە زۆر زۆر گرنگە. ئێمە دەزانین- هەروەك ئاماژەتان پێکردووە لـــە روانگەی توێژینەوە و ئەزموونەکانی ئێوەوە- یەکێك لەو شـــتانەی کە راســـتەوخۆ سەردەکێشن بۆ تاوانکاری، بریتیە لە ناســـەقامگیریەکی سیاسی بەربڵاو و شـــەڕی ناوخۆ و نائارامییەکی بەرفراوان، کە ئەمەش دەرگا دەکاتەوە بۆ کوشتن، ئیدی لەلایەن حکومەتەوە بێت، یان لایەنە غەیرە دەوڵەتییەکان کە دەیانەوێت خۆیان بچەسپێنن و مامەڵە لەگەڵ ئەو پرســـانەدا بکەن کە بایەخیان پێدەدەن. لەبەر ئەوە هێنانەئارای جۆرێك لە ئاشـــتی و کۆتاییهێنان بە ناکۆکی، راســـتەوخۆ نابێتەهۆی چارەســـەرکردنی کێشەی کوشتنی بەکۆمەڵ، بەڵام دەبێتەهۆی ئەوەی کەمتر مایەی کێشە بێت، چونکـــە لە غیابی شـــەڕ و ناکۆکیـــدا زۆر زەحمەتە ئەگەر مەحاڵ نەبێت ئەنجامدانی ئەو تاوانانە ببینین کە بینیمان.

*** ئەگەر ئاگادار بن لەم کارەســـاتەدا زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کوردی ئێزیـــدی رووبەڕووی کۆمەڵکـــوژی بوونەوە، تەنها لەبەر ئەوەی ئیســـلام نین و داعشـــیەکان کـــچ و ئافرەتانی ئێزیدی بە کۆیلە دەگرن و دەیانفرۆشن، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا پێویســـتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ هەڵوێستێکی لە ئاست ئەم کارەساتە مرۆییەدا هەبێت؟**

- پێموایە سەرەتا و پێش هەر شتێك پێویستە ئەو تاوانە زەق بکرێت و راســـتەوخۆ ئیدانە بکرێت. چونکە هەر جۆرە تاوانێك ئیدی کوشتن بێت، یان رفاندن، یان بەزۆر گۆڕینی بیروباوەڕ، دەبێت لە هەموو لایەکەوە ئیدانە بکرێت، لە لایەن رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و دەوڵەتان و رێکخـــراوە نێودەوڵەتییەکان. ئەمە یەکەم هەنگاوی گرنگە کە تیشـــك بخرێتە ســـەر ئەو پرســـانە و دۆخەکە لە خەڵکەکە بگەیەنرێت، بەڵام ئەوە تەنها هەنگاوی ســـەرەتایە، ئەوەی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی تێیدا باش نییە، ئەوەیـــە بزانێت هەنگاوی داهاتـــوو چی دەکات، ئایا- هـــەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد- کار بۆ چارەســـەرێکی ئاشـــتییانە بکات، ئیدی لە رێی هێزی ئاشـــتیپارێزەوە بێت، یان میانگیرییەوە، یاخود لە رێی کردەوەی ســـەربازیەوە بێت، پێناچێـــت کۆدەنگییەك لە کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتیدا هەبێت لەبارەی ئەوەی چۆن کاردانەوەیان هەبێت، بەڵام هەستێك هەیە کە ئەوانە تاوانن و دەبێت کارێك بکرێت.

*** ئایا پێویستە چیتر بکرێت؟**

- هەندێ جار باشـــترین چارەسەر لە کاتی بوونی تاوانێکی بەردەوامدا بریتییە لە هاوکاریکردنی خەڵك بۆ ئەوەی لە دۆخە هەڵبێـــن و کار بۆ ئەوە بکرێت ئەو هەرێمەی، یان ئەو وڵاتەی پشـــتیوانی، یان پێشـــوازی لەو ئاوارانە دەکەن بە شێوەیەکی مرۆیی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و لە توانای لۆجیســـتی ئەو هەرێمەشدا بێت. زۆرجار کارەساتی مرۆیی روودەدات و تەنانەت دوای ئـــەوەی ئاوارەکانیش هەڵدێن، لەبـــەر ئەوەی ژێرخان و سەرچاوە نییە بۆ ئەوەی خواردنیان بۆ دابین بکەن، بۆ ئەوەی وەك پێویست پشتیوانی بکرێن، یان رەوشی تەندروستییان باش بکرێت، پێموایە ئـــەوە ئەرکی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی یان رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بۆ ئەوەی ژێرخانێك دروست بکەن و لەگەڵ لایەنە مەحەلییەکان کاربکەن بۆ گەیاندنی هاوکاری مرۆیی و بۆ دڵنیابوون لەوەی ئاوارەکان سەلامەتن و بۆ ئەوەی بارگرانییەکە نەکەوێتەسەر بەرپرسە مەحەلییەکان کە رەنگە بۆ ئیدارەدانی دۆخەکە سەرچاوەی پێویستیان نەبێت.

*** ئایا ئەگـــەر کورد دەوڵەتی خۆیـــی هەبوایە، دۆخەکە جیاوازتر نەدەبوو وەك لەوەی لەگەڵ عێراقدا بێت و رووبەڕووی جینۆساید ببێتەوە؟**

- بەشێوەیەکی گشتی ئەوە هەنگاوێکی باشە کە کورد نەبۆتە بەشێك لەو دەوڵەتە فاشـــیلەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، ئەمە رەنگە یەکێك بێت لە رێگەکان کە بەهۆیەوە کوردستان بتوانێت خۆی بپارێزێت. کێشـــەکە ئەوەیە دەوڵەتـــە نوێیەکان بەزوویی خۆیان لە دۆخی دەوڵەتی شکستخواردوودا دەبیننەوە، کە زۆر زەحمەت دەبێت ئەو ســـەروەرییە بپارێزن و ئەوەش سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی و شـــەڕێك کە جیابوونەوەی لێبکەوێتەوە، سودانی باشـــوور چەند ساڵێك پێش ئێستا لە دۆخێکی هاوشێوەدا بوو، یەکێك لە هۆکارەکانی جیابوونەوەی ئەوە بوو کە دوور بکەوێتەوە لە دۆخێك کە جینۆساید تێیدا بەربڵاو بوو، بەڵام ئێستا خۆی لە دۆخـــی دەوڵەتێکی شکســـتخواردوودا بینیوەتەوە. کەواتە هۆکاری باش هەیە بۆ ئەوەی مشـــت و مڕی ئەوە بکەیت کە کوردەکان پێویســـتیان بە پارێزگاری هەیە و بەدڵنیاییەوە ئەوان لە مەترسیدان و زۆر بەداخەوە ئاماژەی ئەوەش هەن کە تاوانیان لە دژ ئەنجام بدرێـــت، هەرچۆنێك بێت، من دڵنیا نیم لەوەی کێشەکە چارەســـەر بکرێت، ئەگەرچی رەنگە بەلای کەمەوە جۆرێك لە ئاسایش دروست بکات.

*** بەهۆی بڵابونەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە ســـەدەی بیست و یەکدا، ئەوا هەڵاتنی یەزدیەکانی بۆ چیاکی شەنگال لە چەند ڕۆژی ڕابردودا و ئەمەش تەواوی جیهانی نیگەران کرد و ئێســـتا چاودێری دەکەن، ئایا تا چەند پێویستە جیهان دان بەم کارەســـاتەدا بنێت وەك جینۆساید وەك ئەوەی نەتەوە یەکگرتوەگان پێناسەی دەکات؟**

- پێناســـەی نەتەوە یەکگرتوەکان پتر پەیوەستە بە نیازی لـــە ناوبردنی ســـەرجەم یان بەشـــێکی گروپێکـــی دیاری کراو. ئـــەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە ئەگـــەر نیازی دەوڵەتی ئیسلامی، داعش، ئەوەبێت کە ژیانی سەرجەم یان بەشێکی گروپێك لە ناو ببات یان تێکبشکێنێت ئیتر ئێزیدی بێت یان هاوڵاتیانی دیکەی کوردستان بێت بە ئامانجی لە ناوبردنیان یان هاوشـــێوەکردنیان، ئەوا پێم وایە پێویستە بەلای کەمەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو پرســـیارە بکات کە ئێوە دەیکەن کە ئایا ئەمە ژینۆسایدە. من ئەوە بۆ پارێزەرە نێودەوڵەتیەکان و کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی جێدەهێڵم. بەلای کەمەوە دەتوانم بڵێم کە تاوان ئەنجام دراوە.

**پێش هەر شتێک پێویستە ئەو تاوانە زەق بکرێت و راستەوخۆ ئیدانە بکرێت. چونکە هەر جۆرە تاوانێک ئیدی کوشتن بێت، یان رفاندن، یان بەزۆر گۆڕینی بیروباوەڕ، دەبێت لە هەموو لایەکەوە ئیدانە بکرێت**

**بەشێوەیەکی گشتی ئەوە هەنگاوێکی باشە کە کورد نەبۆتە بەشێک لەو دەوڵەتە فاشیلەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، ئەمە رەنگە یەکێک بێت لە رێگەکان کە بەهۆیەوە کوردستان بتوانێت خۆی بپارێزێت**

# پاراستن و پارێزگاریی نەتەوە و نیشتمان ئەرکێکی ئایینییە



مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
تایبەت بۆ گوڵانی نوسیوە

بەدرێژایـــی مێژووی ئیســـلام و ژیان و سەرگوزشـــتەی پێغەمبەران (ســـەلامی خوایان لەسەر بێت) پارێزگاریکردن لە نیشتمان وەك ئەرکێکی پیرۆز سەیر کراوە و لەو ناوەشدا هەڵوێســـتی گەورە تۆمار کراون و، وەك بەشێکی دانەبڕاو لە هەســـت و سۆزە ئیمانییەکە حیسابی بۆ کراوە، تەنانەت موســـڵمانانی پێشـــوو لەو پێناوە قبوڵی ئازارو مەینەتی و مردن و تەنانەت شەهیدبوونیشـــیان کـــردووە، لەبەر ئەوەی بۆیان دەرکەوتووە، کە سەلامەتی و ئەمنییەت و سەربەرزی (نیشـــتمان) شـــکۆو ســـەربەرزی دینـــداری و ئیمان و موســـڵمانێتیە، چونکە دین و نیشتمان وەك رۆح و جەستە وان، بەو پێیەش دین بێ بوونی نیشـــتمان وەك رۆحی بێ جەستەیە، نیشـــتمانی بێ ئایینیش وەك جەستەی بێگیان وایە.

خۆشەویســـتی گەل و بوونی هەستی نەتەوەیی و گیانی نەتەوەپـــەروەری لەئایینی پیرۆزی ئیســـلامدا شـــتێکی فەرمان پێکراو و شـــەرعییە و، مـــرۆڤ هان دەدا بۆ ئەو تێکۆشـــانە و لەپێناو ئەو ئامانجە، هەروەها خۆشەویستیی نیشـــتمان بەشـــێکی هەرە دیاری نێو ســـوننەت و ژیانی پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر بێت) بووە، هانی مرۆڤیش ئەدات نیشتمان و وڵات و خاکی خۆی خۆش بوێ، کەواتە پارێزگاریکرن و پاراســـتنی ئەمن و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەرکێکی ئایینییە.

یەکێ لە بنەما گرنگ و گشـــتگیرەکانی ئیسلام بریتییە لە هەبوونی هەســـت و هەڵوێستی پارێزگاری و پاراستنی تایبەتمەندیەکانی ژیان و مـــرۆڤ، لەبەر ئەوە لێهاتوویی و جورئـــەت و تەنانەت ســـەرنانەوەش لەپێناو کیان و ژیان و ســـەلامەتی ماڵ و حاڵ بەرز نرخاندووە، بۆیە پێغەمبەر (درودی خوای لەســـەر بێت) زۆر جوان ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە مەســـەلەی پارێزگاری کـــردن لە نەتەوە و ئایین و ژیان و ســـامان و خانـــەوادە، ئەرکێکی ئیمانییە و تیا چوونیش لەو پێناوە پلەی شـــەهادەت و ســـەربەرزی دەبەخشـــێتە مرۆڤ و پاداشـــتی بەخێریشـــی دەدرێتەوە، هەروەکـــو دەفەرموێ: **(من قُتلَ دُونَ مَالہ فَھُوَ شَـــھِیدٌ وَمَنْ قُتلَ دُونَ دِینہ فَھُوَ شَـــھِیدٌ وَمَنْ قُتلَ دُونَ دَمِہ فَھُوَ شَـــھِیدٌ وَمَنْ قُتلَ دُونَ أَھْلِہ فَھُوَ شَـــھِیدٌ)**[1] ، واتە: هەر کەس لە پێناو ماڵ و سامان و دین و خوێن و خاو و خێزانی بکوژرێ ئەوە شەهیدە.

یاخود دەفەرموێ: **(خَیْرُکُمْ الْمُدَافِعُ عن عَشِـــیرَتِہ ما لم یَأْثَمْ)**[2]، واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە بەرگری و پارێزگاری لە نەتەوەکەی بکات مادام لەسەر گوناە نییە.

لە فەرموودەیەکی تر هاتووە: **(عن أنس بن مالك قال جاء رجل إلى النبي (ص) فقال یا رســـول اللّٰہ أمِن العَصبِیۃِ أَن یُعینَ الرَّجلُ قَومَہ عَلی الحقِّ؟ قال: لا)**[3] ، واتە: ئەنەسی کوڕی مالك بۆمان دەگێڕێتەوە، پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەســـەر بێت) و پرسیاری لێ کرد، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر یەکێك لەسەر هەق هاوکاری گەل و نەتەوەکەی بکات، دەمارگیرییە؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر، واتە هاوکاری کردنی نەتەوەی خۆت لەچوارچێوەی شەرعدا شتێکی رەواو لەجێیە و تاوان نییە، چونکە باشترین کەس کەســـێکە پارێزگاری لە نەتەوەی خۆی بکات، بەو

مەرجەی تاوانباری تیا نەبێت و بە ئەندازەی پێویست و ڕەوایەتی بێت.

هەستی پارێزگاری و داکۆکی کردن لە مافی نەتەوەیی لە دیدی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هەستێکی زیندووە بووە، بە ئەندازەی ئەوەی حەزی کردووە مرۆڤ لەژێر ئالای نەتەوەکەی بجەنگێت، هەروەکو لەو فەرموودەیە هاتووە: (عن عَمَّارٍ أَنَّ النبي صلى اللّٰه عليه وسلم كان يَسْتَحِبُّ لِلرَّجُلِ أَنْ يُقَاتِلَ تَحْتَ رَايَةِ قَوْمِهِ)[4]، واتە: لە عەممارەوە گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) حەزو ئارەزووی لەوە بووە هەر کەسە لە ژێر ئالای هۆزو نەتەوەکەی خۆیدا بجەنگێت.

ئەمە وێڕای ئەوەی ئاماژەیە بە بوونی هەستی نەتەوەیی خۆڕسك، لەهەمان کات هێمایە بەوەی مرۆڤ بەو هۆیەوە ئامادە نییە ئالای نەتەوەکەی بنەوێت و شکست بخوات، چونکە وەستان و جەنگانی هەر کەسێك لە ژێر ئالای نەتەوەکەی، نەك هەر کارێکی چاکە، بەڵکو لەلایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر بێت) کارێکی باش و فەرمان پێکراویشە.

بەپێی دەرهاوێشتە بنچینەییەکانی ئەو فەرموودانەی سەرەوە، وەك چۆن پاراستن و پارێزگاری لە سامان و شەرەف و دین و ژینی مرۆڤ ئەرکێکی پێویستە، ئەوە بەهەمان شێوە کاتێ کۆمەڵگە و کیان و نیشتمانیش دەکەوێتە مەترسیەوە پارێزگاری کردنی پێویستە و ئۆباڵی پاراستنی دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکانەوە، چونکە ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی تێك چوو، ئەوە سەرجەم بەرژەوەندیە تایبەتی و گشتیەکانیش دەکەونە بەر هەڕەشە و مەترسیەوە، هەر کات دەستێکی دەرەکی هێرشی هێنایە سەر نیشتمان و ئەمنی قەومی خستە ئالۆزیەوە، واجبە مرۆڤ دیفاع بکات و دەبێ ئەو دیفاع کردنەش وەك بەشێك لە دینداری سەیر بکات.

بە پێچەوانەوە ئەگەر مرۆڤ بەو ئەرکە هەڵنەستێ و هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر خاك و خەڵکی تێدا زیندوو نەبێ، ئەوە لە لایەنی دینداریەوە گوناهبار دەبێ و بە ئەندازەی کەمتەرخەمی لەهەمبەر ئەو پرسە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، لە رووی دونیایی و هەڵوێستی نیشتمانیشەوە رووبەڕووی جۆرێك لە شەرمەزاری و ریسوایی دەبێتەوە.

لەو بوارەوە شێخ محمدی خاڵ زۆر جوان ئەو پرسەی تاوتوێ کردووە و هەست و نەستی نەتەوەیی و نیشتمانییانەی خۆی دەربڕیوە، لەگەڵ ئەوەش تامەزرۆیە خەڵك لەسەر ئەو بنەمایە خۆی رابێنێ و هەستی پارێزگاری نیشتمان لەخۆیدا بەرجەستە بکا و دەڵێ[5]: «هەر کەسێك کوڕی باوکی خۆی بێ، بەدڵ و بە گیان نیشتمانی خۆی خۆش ئەوێ، وە هەمیشە هەوڵ ئەدا بۆ زیندووبوونەوەو سەرکەوتن و بەرز بوونەوە، وە نایەڵێ دوژمن دەستی بۆ درێژ کا و زیانی پێ بگەیەنێ، کەوابوو پێویستە بۆ هێشتنەوەی ژیان و گیان و بۆ پاسی نام و نیشان، خۆشەویستی نیشتمان وە بەسەر و ماڵ درێغ و کۆتاهی نەکردن لە رێی نیشتمانا، چونکە هەر وابووە هەر گەلێ لە رێی نیشتمانیا درێغ و کۆتایی کرد بێ، ریسوا و رەزیل و زەبوون و دیل بووە».

لەوەش زیاتر شێخی خاڵ چەند وێنایەك دەخاتە بەر هزری مرۆڤ، سەبارەت بە پێویستی هەستی نیشتمان پەروەری و پارێزگاری کردنی، ئەو دەڵێ: «مەل بە مەلیی خۆیەوە بە دەنووك جەنگ ئەکا لەسەر هێلانەکەی، وە تا بتوانێ نایەڵێ کەس دەستی بۆ درێژ کات و زیانی پێ بگەیەنێ، هەنگ بە چزووەکەی پاسی نیشتمانی خۆی ئەکات، وە هەر کەسێك دەست ببات بۆ کەلووی شانێکی پێوەی ئەدات، لەگەڵ ئەمیشە کە بەو پێوەدانە هەنگەکە خۆی ئەمرێ، کەوابوو هەنگەکان بۆ پاسی نیشتمانی خۆیانن. لان کە بێشە و نیشتمانی شێرە ئەگەر کەسێك نزیکی بکەوێتەوە شێرەکە ئەیشکێنێتەوە، هەر بەم رەنگە هەموو گیانلەبەرێك وایە! کەوا بوو ئادەمی ئەبێ زۆرتر خۆشەویستی بۆ نیشتمان ببێ، چونکە لە هەموو گیانلەبەرێك ژیرترو بەبیرترو زاناتر و داناترە».

مەسەلەی خۆپارێزی و پارێزگاری لەخۆکردنی نێو گیانەوەران، بۆتە جێی باس و لێ وردبوونەوەی زۆرێك لە زانایان، چونکە ئەوە بە فاکتەرێکی پاڵپشت و گرنگ دادەنێن بۆ دروست بوونی هەستی پارێزگاری نیشتمان لەهزو بیری مرۆڤەوە.

هەستی پارێزگاری لەخۆ لەنێو گیانەوەرانیش زۆر بە زەقی دیارەو رەنگدانەوەی بەسەر رێژەیەکی بەرچاو لە گیانداران هەیە، کە لە کاتی بەگژیەکداچوون و هێرشی بەرامبەر! یان گیانەوەرێکی دڕندە و نامۆ، زۆر بە روونی دەردەکەوێت، ئەمەش کارزانی و حیکمەتی خوای پەروەردگاری تێدایە، ئەگەر ئەم گیانی رەگەزویستی خۆڕسکە نەبوایە، بێچوەکان لەلایەن هاوڕەگەزەکانیان و لەلایەن داکەکانیان ناپارێزران و، لە ماوەیێکی زۆر کەم زۆرێکی زۆر لە زۆرینەی رەگەزەکانی گیانلەبەرانیش لە نێو دەچوون![6]

کەواتە بە کورتیەکەی لە ئیسلامدا پارێزگاری کردن ئەرکێکی هەمیشەیی و دانەبڕاوە لەسەر شانی تاکە، و کارێکی فەرمان پێکراوە و، پێویستە مرۆڤی موسڵمان درێغی نەکا و لەو پێناوە جوهد و رەنجی زۆر بکێشێت، چونکە سەربەرزی نیشتمان و پارێزراوی نەتەوە و نەکەوتنە مەترسی دۆخی ئەمنی هەر وڵاتێك، گەورەترین نیعمەتی خوایە و بگرە شکۆمەندترین شەڕەفیشە بۆ مرۆڤ و جوانترین تاجیشە کە مرۆڤ شانازی پێوە بکات.

**سەربەرزی نیشتمان و پارێزراوی نەتەوە و نەکەوتنە مەترسی دۆخی ئەمنی هەر وڵاتێک، گەورەترین نیعمەتی خوایە و بگرە شکۆمەندترین شەڕەفیشە بۆ مرۆڤ و جوانترین تاجیشە کە مرۆڤ شانازی پێوە بکات**

---

١. سنن الترمذي: ب/٤ ل/٣٠
٢. سنن أبی داود: ب/٤ ل/٣٣١
٣. سنن البيهقي الكبرى: ب/١٠ ل/٢٣٤
٤. المستدرك على الصحيحين: ب/٢ ل/١١٦
٥. ناڵەی دەروون: ل/٥٣
٦. نوێسازی: ژ/٦ ل/ ٢٣

# بەرجەستەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی!



د. ڕەشاد میران

هوشیاریی نەتەوەیی، بە لەبەرچاوگرتنی چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی - کەلتووری و سیاسی، لە ژیانی ڕۆژانەداو هەموو کاتێك ئاشکرا و بەڕوونی دەرناکەوێ، چونکە ئەندامانی نەتەوە ئاساییانە ژیانی ڕۆژانەیان بەسەر دەبەن — کورد وەکو کورد دەژی، هەرگیز ناتوانێ عەرەبانە بژی؛ ئەگەرچی هەلومەرجە مێژوویی و سیاسییەکان چەندین توخم و ڕەگەزەکانی عەرەبیزمیان خزاندۆتە نێو ژیانی ئاسایی کوردانەوە لە کوردستانی باشوور کە زۆریان بە زەقی بەرجەستە و دیارن. هەمان شتیش سەبارەت بە ئێرانیزمی فارسی لە ڕۆژهەڵات و تورکیزمیش لە باکوور، بەڵام زۆرێکیش لەم توخم و ڕەگەزانە کوردێندراون « — وەکو چۆن هەموو نەتەوەیەکی زیندوو ئەمە دەکات.

هوشیاریی نەتەوەیی دیاردەیەکی ئێتنیکی (نەتەوەیی) و کەلتوورییە؛ ئەوە هوشیاریی نەتەوەییە کە توخم و ڕەگەز و نیشانە و ماك و سنوورە ئێتنیکییەکان دیار دەکات و دەیانپارێزی، هەموو ئەمانەش دەبن بە بەشێك لە کەلتوور، کەواتە، ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونیان دەبێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا - سەرلەبەری ژیانی ڕۆژانەی ئێمە توندتوند پەیوەستە بە زمان، خاك، ئایین، داب و نەریتە نەتەوەییەکانمانەوە، بۆیەش ئێمە، کەواتە، کوردانە دەژین — بەڵام بەچ ئاستێك؟

ئەو ئاستەی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەی کە ئێمە پێیەوە دەژین، ڕەنگە کەس لاریی نەبێت بڵێین: ئاستێکی سادەیە، هەرگیز بەرز و پێشکەوتوو نییە. ئەم ئاستە سادەیەی ژیانی ئێمەش، بێگومان، نیشانەیەکی مانادارە بۆ ئاستی هوشیاریی نەتەوەییمان کە ئەمیش بەهەمان جۆر بەرز و پێشکەوتوو نییە؛ ئەو ئاستە سادەیەش لە گەلێ بواردا دەردەکەوێ: زمان، پەروەردە و پێگەیاندن، کەسایەتی، هەڵسوکەوت و هەڵوێست (لە کارکردن و مامەڵەدا لەگەڵ یەکتر) بەرگریکردن و ڕەوانەکردن...

بەڵێ، ئێمە لەم بوارانەو گەلێکی تریشدا بە سادەیی و ئاستی هەرەنزم خۆدەنوێنین. ئەمەش ئەگەرچی پاساوی مێژوویی و کەلتووریی خۆیی هەیە، بەڵام شۆڕش و بزووتنەوە و ڕابوون و ڕاپەڕینەکانی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردووەوە تاکو ئێستا دەبوایە ئەم پاساوە نەهێڵن - شۆڕش و بزووتنەوەو ڕاپەڕین دیاردەی ئەرێنین، بەمەبەستی گۆڕینی ڕەوشی کۆمەڵگە و نەتەوە سەرهەڵدەدەن. گۆڕین نە تەنیا لەلایەنی ماددی و ستاتووی سیاسییەوە، بەڵکو پێش ئەوە گۆڕینی لایەنی گیانی و مەعنەویی خەڵك، ئەگینا ئەمانە هەمان هەڵوێست و هەڵسوکەوتی جارانیان دەبێ، با لەڕووی ماددییەوە حاڵیان باشتر بووبێ و خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیش بن. لایەنی ماددی و دەسکەوتی سیاسی ناچەسپێن و ناپارێزرێن، ئەگەر پێشکەوتنێکی ڕۆحی و مەعنەوییانەی خەڵکەکەیان لەگەڵدا نەبێ.

هوشیاریی نەتەوەیی بەشێکە، توخمێکی گرنگە لە هوشیاریی کۆمەڵایەتی و هەمیشە هەیە، بەتایبەتیش لە هەلومەرجی کێشەی نەتەوەیی و شۆڕش و جەنگدا تەواو زاڵ دەبێ بەسەر توخم و ڕەگەزەکانی تری هوشیاریی کۆمەڵایەتیدا. کەواتە، هوشیاریی نەتەوەیی تەنیا لەکاتی شۆڕش و جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەدا دەرناکەوێ؛ هەموو گیانلەبەرێك داکۆکی

و بەرگریی لەخۆیی دەکات. بەرگریکردن هەرگیز پێوەر نییە بۆ هوشیاریی نەتەوەیی؛ خۆ ئەگەر هوشیاریی نەتەوەیی بەهێز و بەرقەرار بێت، ڕەنگدانەوەی واقیعییانەی هەبێت لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووریداو لەئاستی تاکەکان و کەسایەتییەکانیان، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە، ئەو نەتەوەیە، بێگومان، بە ڕادەیەکی زۆر پارێزراو دەبێت لە هەموو هەژموون و هەرەشەیەکی سیاسی و نەتەوەیی دەرەکی. بەڵام کە دەڵێین هوشیاریی نەتەوەیی، هوشیاری (الوعی) ئاماژەیەکە بۆ مەعریفە؛ چونکە هیچ هوشیارییەك نییە بەبێ مەعریفە. چ جۆرە مەعریفەیەك، چ ئاستێکی مەعریفی، کامەیە ئەو مەعریفە زاڵ و باوەی کە ئەم هوشیارییەی ڕەخساندووە - گەلەکی، ئایینی، زانستی یان فەلسەفی ؟

کەسێك لاری لەوە نییە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مەعریفەی ئایینی زاڵ و بەرقەرارە، بۆیەش زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆمەڵگە و نەتەوەکەمان هەڵگری مەعریفەی ئایینین، کەچی نەك هەر هەڵگر، بگرە بە ئیمانی تەواو و توندڕۆییشەوە؛ ئەمەش واتە هوشیاریی ئایینی لەپێش هەر هەموو جۆرەکانی تری هوشیارییەوەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. لێرەدا، کەواتە، واقیعێکی نامۆ بە سەدەی ٢١، نامۆ بە چەرخی مەعریفەی زانستی و فەلسەفی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئاشکرا دەبێ. بۆیەش دەبینین کە مەسەلە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە چارەنووسازەکانمان پەیوەستن بەوەی تا چەند هوشیارییە ئایینییەکەمان ڕێگەیان پێدەدات (هەر بۆ نموونە فرەژنی بە پێی شەرعی ئیسلامی) و گەلێکی تریش.. لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە کە خەڵکی ئیماندار و هێزە ئیسلامییەکان بە دوودڵی و درەنگ لە داعش هاتنەگۆ.

ئەگەر بێنینەوە یاد خۆمان، پێش داعش بۆچوونی داعشانە لەنێو خۆماندا هەبوون، ئێستاکەش هەن، زۆرجاری واش بووە کە لە بڵندگۆکانەوە بانگەشەیان بۆ کراوە و هەندێ جار کرداریشیان لەگەڵدا بووە.

هوشیاریی ئایینی واتە پێشخستنی لایەنی ئایینی بەسەر نەتەوەییەوە، ئەوەش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەڕوونی دیارە، بەڕادەیەك خەڵك و لایەنی سیاسیی وا هەن کە دەستەواژەی (دینمان ئایینمان هەر کوردستان) بە کوفر و زەندەقە لەقەڵەم دەدەن! لە کاتێکدا دەبوایە هوشیاریی نەتەوەیی خەڵکی کورد (دوای ئەو هەموو شۆڕش و ڕاپوونانە) لەو ئاستەدا بوایە کە هەمووان بەیەك دەنگ بڵێن: (کوردستان نەبێ دین و ئایینمان نابێ).. ئەوەش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە - کوردستان نەبێ، کورد نابێ، کۆمەڵگە، کەلتوور و ئایینیش بوونیان نابێ؛ بۆیەش خاك (خاکی نەتەوەیی، نیشتمان) یەکێکە لە گرنگترین مەرج و مۆرکە ئێتنیکییەکانی میللەتانی جیهان.

ئەو دووەش (ئایینی و نەتەوەیی) ئەگەرچی هەردووکیان توخمی هوشیاریی کۆمەڵایەتین و دوو کۆڵەگەی بنیادیی کۆمەڵگەن، بەڵام جیاوازیشیان هەیە و زۆرجاریش جۆرێك لە ململانێیان لەنێواندا دەبێ. وەکو چۆن ئەمە لە حاڵەتی کورددا هەیە؛ مەسەلەکەش لە پێشخستنی ئەم یان ئەو دایە، لەمەشدا جۆری مەعریفەی باو لە کۆمەڵگەدا بڕیار دەدات، کە وەکو گوتمان لە کوردستاندا مەعریفەی ئایینی زاڵ و بەرقەرارە.

ئیمڕۆ مەعریفەی زانستی پێوەر و پێویستییەکی گیانییە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی میللەتان و هەر ئەو مەعریفەیەشە هوشیاریی نەتەوەیی بەهێز و پێشدەخا؛ کەچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بە چەندین شێوە، دەستکاریی ئەو مەعریفەیە و دەزگاکانی دەکرێن لەپێناو سوودی کەسی و تەسك: کۆمەڵایەتی (پەیوەندییەکانی خێزانی و خزمایەتی و برادەرایەتی و خێڵەتی و ناوچەگەرێتی)، کەلتووری (ئایینی و داب و نەریت)، سیاسی (دەستوەردانی حیزبی)، ئابووری (خوێندنگەو زانکۆی بەپارە، هەروەها خراپیی باری ئابووریی مامۆستا و دەزگاکانی خوێندن)- هەموو ئەمە ڕەوشێکی داهێناوە تیایدا مەعریفەی زانستی بەجارێك شێوێندراوەو بایەخی خۆیی لەدەستداوە؛ ئەمەش واتە خەڵکانێکی خاوەن بڕوانامەی بێ مەعریفەی زانستی، ئەم ڕەوشەش نە هوشاریی نەتەوەیی بەهێز دەکات و نە ئینتیماش بۆ نیشتمان و بۆ نەتەوە دروست دەکات. ڕۆشنبیر و بڕوانامەدارە ئەکادیمییەکان هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خوتبەی هەینی دادەنیشن و گوێدەگرن لە کار و هەڵوێستەکانی سەحابە و خەلیفەکانی پەیامبەر — بێ ئەوەی هەست بە جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆر مەعریفەیە (زانستی و ئایینی) بکەن؛ ئەمانە ئەگەر نەشیڵێن، لە قووڵایی ناخیانەوە خۆزگە و حەسرەت بۆ ئەو زەمانە دەخۆن.

ئاستی مەعریفیی ئێمە ئەوەندە سادەیە کە هەمیشە هوشیاریی نەتەوەیی لەگەڵ شۆڤینیزم و ڕەگەزپەرستیدا تێکەڵ دەکەین؛ بەهێزکردنی ئەمەی یەکەم واتە ڕێزگرتن لە لایەنی نەتەوەیی و پێشخستنی توخم و مەرج و مۆرکە نەتەوەییەکان، واتە کەلتوور و ناسنامە - هەموو نەتەوەکانی دنیاش ئەمە دەکەن. بەهێزکردنی هوشیاریی نەتەوەیی خەڵك بە مەعریفەی زانستی دەبێ، ئەو مەعریفەیەش ڕێگر دەبێ لە شۆڤینیزم و ڕەگەزپەرستی- مەعریفەی زانستی دژبە هەموو فیکر و ئاراستە و دیاردەیەکی خراپ و نەرێنییە.

لەم ڕووەوە، ئەرێ حزب و لایەنە سیاسی و نەتەوەییەکان ئاگادارن کە ئێتنۆگرافیا» زانستێکە دەربارەی نەتەوە و نەتەوەناسی، هوشیاریی نەتەوەیی و مەرج و مۆرکە ئێتنیکییەکان ؟ ئەو زانستەی کە بە پێویست نەزانرا لە زانکۆ بخوێندرێ!!!

هوشیاریی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەیەکی خاوەن کێشە و گرفتی نەتەوەیی لەمێژینە، وەکو کورد، دەبێ زاڵبێ بەسەر لایەنەکانی تری هوشیاریی کۆمەڵایەتیدا، دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا تەواو بەرجەستە بێت؛ دیار و ئاشکرا بێت بەسەر کەلتوور و هەڵوێست و هەڵسوکەوت، گوتار و خوتبە و قسەکردن، شار و دیمەنی شار، گۆرانی و سەما و هەڵپەڕکێ — میللەتانی جیهان سەرسامن بە هەڵپەڕکێی کوردی، کەچی لە زەماوەند و ئاهەنگەکاندا ئێمە (الچوبیە) عەرەبی دەکەین؛ شەقڵاوە لە سایەی لقێکی حزبی و ئیدارەکەیدا بووە بە شارێکی عەرەبی (شەقلوجە) — ئەمە دیموکراتی نییە، ئەمە واتە نەبوونی ئاڕاستەکردن، فێرنەکردنی خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە کەلتووری نەتەوەییە؛ چۆن ئەمە دەکرێ ؟ ئەوەی بەرپرسە لەمە با بپرسێ، فێربێ، یاخود دەستبەرداری کارەکەی بێت.

**ئەرێ حزب و لایەنە سیاسی و نەتەوەییەکان ئاگادارن کە «ئێتنۆگرافیا» زانستێکە دەربارەی نەتەوە و نەتەوەناسی، هوشیاریی نەتەوەیی و مەرج و مۆرکە ئێتنیکییەکان؟ ئەو زانستەی کە بە پێویست نەزانرا لە زانکۆ بخوێندرێ!!!**

**شەقڵاوە بووە بە شارێکی عەرەبی (شەقلوجە) — ئەمە دیموکراتی نییە، ئەمە واتە نەبوونی ئاڕاستەکردن، فێرنەکردنی خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە کەلتووری نەتەوەییە؛ چۆن ئەمە دەکرێ؟ ئەوەی بەرپرسە لەمە با بپرسێ، فێربێ، یاخود دەستبەرداری کارەکەی بێت**

**خەڵک و لایەنی سیاسیی وا هەن کە دەستەواژەی(دینمان ئایینمان هەر کوردستان) بە کوفر و زەندەقە لەقەڵەم دەدەن- لە کاتێکدا دەبوایە هوشیاریی نەتەوەیی خەڵکی کورد(دوای ئەو هەموو شۆڕش و ڕاپوونانە) لەو ئاستەدا بوایە کە هەمووان بەیەک دەنگ بڵێن:(کوردستان نەبێ دین و ئایینمان نابێ)**

# گەنج وەکو خۆی

## (خۆبەخشی و بەرگریکردن) خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژی



یوسف عوسمان حەمەد*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

شەڕو بەرگریکردن بەرلەوەی چەمك و دەستەواژە بێت، بەها و پێوەرێکی ئینتمابوونە، بەتایبەتی لە سنووری گەنجبوونی تاك چ وەکو خۆبەخش، یان بەشداری راستەوخۆی ڕێکخراوبوون لە ڕێگەی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆچوونی دەروونزانی باس لە هێزێکی شاراوەی گەنج دەکات کە وەکو هێزی بە کۆمەڵایەتی بوون و ناساندنی توانایەکانی خۆی بۆ بە نیشتمان بوون دەردەکەوێت.

توێژەری کۆمەڵایەتی (ئیڤان پترۆك لاسیف) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێوەری ئینتمابوون) لە لاپەرە ٢٧٦ دەڵێت: (٪٧٥ی بەرگریکار و شەڕڤانان لە توێژی گەنجن، بە هۆی خرۆشی هێزی دەروونی و خۆسەلماندنی کۆمەڵایەتی کاری خۆبەخشی بۆ نیشتمان دەکەن، ئەگەرچی خرۆشی و دڵسۆزی ئەوان زاڵە بەسەر شارەزایی توانای مەیدانی).

چەمکی گەنج بەهایەکی مرۆڤایەتی دەخاتە نێوەندی کۆمەڵگەوە، بۆیە هیچ شتێك نییە وەکو خودی خۆی پێناسەی گەنج و پرۆژەکانی بکات و خۆی بناسێت، لە رووی سایکۆلۆژییەوە بەهای گەنج زیاتر لە خودناسییەوە دەست پێدەکات، چۆن لە نێوەندی گەشەی خۆی مەلە دەکات و هەستەکانی پۆلێن دەکات و سروشتی جوگرافیای خۆی پێناسە دەکات، هەست دەکات مرۆڤێکە کۆمەڵێك خەسڵەتی رەگەزی هەیە، کە هەریەکەو کارێکی تایبەتی هەیە بۆ پێگەیاندنی کەسایەتیی ئەو، لێرەدا گەنج تەمەن و قۆناغ نییە، وەکو ئەوەی خۆناسینە بە پانتایی ڕەهەندەکانی گەنجایەتی و مەعریفی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بوون، کە وزەیەکی فرە ئەکتیف دەبێتە هۆی گۆڕینی سەرچاوەکانی کەلتوورێك کە ڕێگرە لەوەی بەدوای هێز و وزەی سروشتی ئەندامەکانی خۆی دەگەڕێت، کەلتوورێك زنجیرەیەك ئاریشە و گرفت و نەخۆشیی دەروونی دەخاتە نێو بەرنامەی کاری ڕۆژانەی گەنج هەر لە شەرمکردن و پەرتەوازەیی فکر و هزری و توانەوە لە نێوان داب و نەریتی خانەوادەیەکی چەقبەستوو تادەگاتە هەژموونی دەسەڵات و فەرهەنگی کۆمەڵگە، ئەمانە گەورەترین کۆسپ و تەگەرەن، نەك لەبەردەم پێشکەوتنی گەنج وەکو کاری خۆبەخشی و کاری مەدەنی، بەڵکو لەبەردەم ناسینی گەنج وەکو خۆی کە هەست بکات رەگەزی مێینە خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە بەرامبەر خەسڵەتی ئەوی دیکە لە رەگەزی نێر، کە دەبێت ئەوە بزانین لە رووی دەروونییەوە هەمان سروشتی مرۆییبوون کۆیان دەکاتەوە لە بەردەم ئینتمابوون بۆ کارە خۆبەخشییەکان.

گەنج کەژێکی زیندووە، واتە تەواوبوونی نییە. بەپێی تەمەن و قۆناغی ژیان هەموو شتەکانی نوێ و مۆدێرن لە بیرکردنەوە و کەرەستەی ژینگە و هەوڵدان بۆ گۆڕانی بەردەوام لە خۆیدا کە گەنجە، لە سیاسەتدا هەموو پرۆسەیەکی دیموکراسی گەنجانە کە نوێبوونەوەیە، لە کۆمەڵگەدا هەموو پرۆسەیەکی بە مەدەنی کردنی گەنجە لە پەروەردەدا بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی تاك و ئاسوودەبوونی بە توانا مەعریفییەکانی خۆی

که خەسڵەتی گەنجانەیە، واتە چەکی گەنج بەشێکی گرینگە لە تەواوی کۆمەڵگەو چاکسازی و ڕۆڵبینینی ئینتمای نیشتمانی کە شایەنی گۆڕانکاری بێت، نەك بە شێوەیەکی ئاسان کە کەسانی دیکە باسی لاوازی توانای گەنج دەکەن، بەڵکو کارێکی قورسە و دەست دەخاتە نێو فەلسەفەی کۆمەڵگە، ئەوەی دەستنیشانی ئەو فەلسەفەیە دەکات خودی فکرەیەکی بە گەنجبوونی گۆڕانکارییەکانی نێو نیشتمانە لە کاری خۆبەخشیدا، ئەگەرنا تەنیا ڕەنگەکان دەگۆڕێت و ناوەڕۆك وەکو خۆیەتی، بەڵام کاتێ دەسەڵات و کۆمەڵگە ڕەوشتی پەروەردە لە ناوەڕۆکەوە دەگۆڕن، فەلسەفەیەکی گەنجە ئەو کارە دەکات، واتە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بەهای گەنج کۆمەڵێك ئایندەی گۆڕانکاری دەگرێتە خۆی، بۆیە ناسینی گەنج وەکو خۆی، ناسینی فاکتەرەکانی ژینگەیە وەکو خۆی بەبێ بەکارهێنانی دەمامك و وشەی بریقەدار بەرامبەر توانایەکانی گەنج، کە ڕاستگۆیی گۆڕانکارییەکان دەسەلمێنێت.

گەنج جگە لە ناسینی سروشتی بەدەنی و عەقڵی خۆی، ناسینی کایەی کاریگەر و ورووژێنەری لە ژینگەدا بۆ ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و کەسایەتی و مرۆڤایەتی هەیە. بەڵام دەسەڵاتی کەلتوور بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە ئەو گۆڕانکارییەو پێکهاتەیە ناشیرین بکات، بەوەی گوایە ئەوان دەیانەوێت دەسەڵاتی دوێنێ لە ناو ببەن و لە ڕەگەوە وشکیان بکەن! ئەمەش تێگەیشتنی ئەوانە، نەك بۆچوون و کاری گەنج.

هیچ کاتێك گەنج کار لەسەر ئەوە ناکات خۆی جوان بکات بە ناشیرینکردنی دەسەڵاتی دوێنێ لە کاتی بەرگریکردندا، بیر لەوەش ناکاتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت چۆن شتە جوانەکان لە دوێنێ و ئەمڕۆ بدۆزێتەوە و جوانتر و ئەکتیڤتریان بکات لە بوارەکانی ژیاندا، بەڵام ئەوەی دوێنێ بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە، گوێ لە بۆچوونەکانی گەنج بگرێت و لێکحاڵیبوون دروست بکەن، ئەمەش سەرەتای تەنگژەی دەروونی لە ناخی هەردوولا دروست دەکات کە ئامادە نەبن لەسەر سفرەی نیشتمان دابنیشن. ئەم کارە بەردەوام بوو تا چووە ناخی هەموو شتەکان و لێکی جیاکردنەوە لە سەر بناغەی ئایین و نەتەوە و کەلتوور، سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیری و خۆشەویستی و پەروەردە و فێربوون، تەنانەت ڕێکخراوە مەدەنییەکانیش، هەموویان بوون بە دوو سەنگەر و دیدو بۆچوون و ماڵپەڕ کە دەرئەنجامێکی مەترسی لێکەوتەوە، ئەویش شەڕی سایکۆلۆژی بوو لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی دوێنێ و ئەمڕۆ. شەڕ لەسەر سبەی و ئایندەیە. چونکە ئایندەی کۆمەڵگە لەسەر خێزان وەستاوەو ئایندەی خێزانیش لەسەر خودی هێز و توانای گەنج وەستاوە. بۆیە گەنج خەسڵەتێکی جیاوازی هەیە لە ئەوانی دیکە لە ڕووی دەروونییەوە، لە ڕوویەکی تر لە کایەی بیرکردنەوە و شارەزایی کە توانایەکی ناوەوەی هەیە، ئەو وزەیە ئەگەر هاتوو بە تەواوی بەکارهێنرا لە دروستکردنی وڵاتێکی پێشکەوتوو بەهێزترە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاوازتر ئەو جیهانێك تێکدەشکێنێت. بەڵام ئەوەی دیکە (گەنج) جیهانێك دەگۆڕێت و جیهانێکی دیکە دروست دەکات. کە جێگەی هەمووان ببێتەوە.

لە ڕووی شرۆڤەی دەروونییەوە دەرکەوتووە گەنج بەردەوام حەزی بە ڕاستگۆیی و واقعبینی هەیە لە ژیاندا، بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات لە دەست ئەو کۆسپ و تەگەرانە ڕزگاری بێت، ڕەنگە ئەو کۆسپ و ئەگەرانە دابونەریت، یان هێزسالاری کەلتوور بێت، بەتایبەتی لەسەر ڕەگەزی مێ ئەو هەوڵانە دەدات وەکو سەلماندنی خودی خۆی لە بەرامبەر ئەو گرفت و کۆسپانەی ژیان، هەموو فاکتەرێك لە بەردەم گۆڕانکارییەکان دەچێتە قاڵبی کۆسپ و ئەگەرەوە، چونکە بوونی ئەو تەگەرەیە لە بەردەم گەنج و دەبێتە هۆی تێرنەبوونی پێداویستییەکانی فسیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەلایەنی خۆیدا تووشی دڵەڕاوکی بەردەوام دەبێت، کە لەوانەیە هێزی دژە نیشتمان دروست بکات.

کەسێك دڵەڕاوکێی بەردەوامی هەبوو دەچێتە کایەی ونبوونی کەسایەتی و نامۆیی خود و ئەو کارەی دەیکات پێچەوانەی ویست و داخوازیەکانیەتی، چونکە ئەو تەنیا لە قۆناغی تێرکردنی پێداویستییەکانی فسیۆلۆژ و ڕۆژانەی خۆیەتی و ناتوانێت هەست بە دڵنەوایی و سۆز و خۆشەویستی بکات. بێبەش بوون لەو سۆز و مهرەبانییە ترسێکی بەردەوامی بۆ دروست دەکات، واتە لەگەڵی گەورە دەبێت، ئەمەش شێواندنی سروشتی گەنجایەتییەو وەکو خۆی بە چەند ئاکامێك ئەو قۆناغە کۆتایی دێت، خۆکوشتنێکی بەردەوام، یاخود هیستریای ڕەفتار و یان گەڕان بە دوای پەناگەی وەهمەکان و دژ وەستانی هەموو گۆڕانکارییەك دەبێت، ئەو کاتە دەبێتە بەشێك لە ڕمان و ڕووخانی هزرەکان و خودی ڕاستەقینە، ڕەنگە بەشێك بێت لە زەبر و زەنگ و مافیاو کاری دیکە کە پێچەوانەی مەعریفەی ئەو سەردەمەی خۆیەتی کە تێیدا گەورە بووە. بۆیە ناتوانێت هیچ ڕاڤەیەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی تەنیا بۆ یەك ڕەفتاری خۆی بکات، واتە ونکردنی کەسایەتی خۆی نەبێت.

**گەنج جگە لە ناسینی سروشتی بەدەنی و عەقڵی خۆی، ناسینی کایەی کاریگەر و ورووژێنەری لە ژینگەدا بۆ ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و کەسایەتی و مرۆڤایەتی هەیە. بەڵام دەسەڵاتی کەلتوور بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە ئەو گۆڕانکارییەو پێکهاتەیە ناشیرین بکات**

**کەلتوورێک زنجیرەیەک ئاریشە و گرفت و نەخۆشیی دەروونی دەخاتە نێو بەرنامەی کاری ڕۆژانەی گەنج هەر لە شەرمکردن و پەرتەوازەیی فکر و هزری و توانەوە لە نێوان داب و نەریتی خانەوادەیەکی چەقبەستوو تادەگاتە هەژموونی دەسەڵات و فەرهەنگی کۆمەڵگە**

*پسپۆری دەروونزانی



گەنج ئەو توێژە گرنگەی ناو کۆمەڵگەیە و داینەمۆی هەموو شـــۆڕش و خەباتەکانی گەلی کوردســـتان بووە و وەکو سەری رم لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان و بەدەستهێنانی ئازادی ئامادەی گیانفیدایی و قوربانیدان بووە. ئەمڕۆش لە رووی سەربازی و خۆبەخشییەوە گەنجان رۆڵێکی بەرچاویان لەشەڕی بەرگری لە کوردستاندا هەیە، بەمەش جارێکی دی سەلماندیان کە ئەو توێژ و کاراکتەرە بەهێز و بەتوانایە دەتوانێت لەسەرجەم کایەکاندا رۆڵی هەبێت.

گەڕانەوەی رۆڵی گەنج لەبوارە هەســـتیارەکانی سیاسی و ســـەربازیدا پێویستی بەدووبارە رێکخستنەوەو ئاراستەکردن هەیە، بەتایبەتی دوای ئەو یەکڕیزی و یەکدەنگیەی گەنج کە بەرامبەر هێرشـــی دڕندانەی داعش دەرهەق بە گەلی کوردســـتان دروســـتبووە. لەم روانگەیەوە پێویستە ئەو پرســـیارە بکەین کە: ئایا رێکخراو و ناوەندە پێوەندیدارەکان تا چ ئاســـتێك ئامادەییان هەبووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گەنجان بۆ ئەوەی ئەو ئامادەییەی تێدابێت بۆ خۆبەخشین و چوون بۆ سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ و بەهاناچوونی لێقەوماوان و ئاوارەکان، بۆ لەباوەشکردنی ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەش گرنگە پرۆسەیەکی گشتگیر هەبێت. گوڵان ئەم پرسەی رووبەڕووی ریکخراوەکانی لاوان و گەنجان کردەوە و ئەوانیش بەمجۆرە رای خۆیان خستەڕوو.

# گەنجان داینەمۆی کۆمەڵگە و خوڵقێنەری داهێنەرەکانن



## سەلماندیان کە بەرگریکار و خەباتکاریشن بۆ پاراستنی کوردستان و فریاکەوتنی لێقەوماوان

**● لاوان و هەڵوێستی جوامێرانەیان لەبەرەکانی شەڕدا**

ئومێد خۆشناو سکرتێری یەکێتی لاوانی کوردستان، سەبارەت بە هەڵوێستی جوامێرانەی لاوانی کوردستان رایوایە زۆربەی لاوان بە رۆڵی راستەقینەی خۆیان هەڵسان و هەڵوێستی جوامێرانەیان بەرامبەر رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش هەبووە، گوتیشی: گەنجانی کوردستان ئومێدیان زۆرە لە ژێر چەتری ئەو ئازادی و دیموکراتییەی لەم هەرێمە هەیە ئومێد و خواستەکانیان بهێننەدی.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مێژوویی و نەتەوەیی لەلای توێژی گەنج لەم قۆناغەدا لە چ ئاستێکدایە، وتی: پەلامارەکانی چەکدارانەی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و کۆمەڵکوژکردنی پێکهاتەیەکی گرنگی کوردستانییەکان هێرشێکی درندانەیە دژ بە ئەزموونی کوردستان و مرۆڤایەتی و دیموکراسیەت، کاتێکیش پێشمەرگە رووبەڕووی ئەو شەڕەی دەوڵەتی تیرۆرستی پڕ لەچەکی پێشکەوتوو بووەوە، لاوان وەکو توێژێکی گرنگی ناو کۆمەڵگە بەشداری کارایان لە داستانی بەرگریکردن و پاراستنی خاکی کوردستان هەبووە، بە شێوەیەك ئەو قسەو بۆچوونە بێ بنەما زانستییانەی کە ئەوکات دەکرا و باسی لە لاوازی ئینتمای گەنجان دەکرد، هەمووی رەتکردەوە. ئەوەتا گەنجێك بە کۆمپیوتەر و لە رێگەی فەیسبوك و تویتەرەوە کارە درندەییەکانی داعش و تیرۆرستان مەحکوم دەکات و کۆمەڵکوژی ئێزیدی و کریستیانەکان بەدنیا دەناسێنێت، گەنجێکی تر وەکو خۆبەخش بەرەو




ئومێد خۆشناو:

**نەوەی دوای ڕاپەڕین لە ڕێگەی کاری خۆبەخشی و گیانفیدایی ڕۆڵی گەورەو بەرچاویان لەیارمەتی هێزی پێشمەرگەو کۆکردنەوەی بیتاک و کۆمەک بۆ ئاوارەکان هەیە**




ئەحمەد ئەسکەندەر:

**گەنج یەکریزیی لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەیە بەڵام ململانێی سیاسی و حزبی تواناکانی پەرت کردووە**



کارزان عەزیز گەردی:

**گەنجان بەرۆڵی نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆیان هەڵسان و ئەمڕۆ لە پێشەوەی سەنگەرەکانی شەڕ بەرگری لە کوردستان دەکەن**



کۆچەر بەختیار:

**کاتی ئەوەهاتووە وەزارەت و دەزگا پێوەندیدارەکان تواناو بەهرەکانی گەنج لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا ڕێک بخەن و پاڵپشتییان بکەن**



کامەران سەلیم:

**هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی توێژەی گەنج و لاوان دیوارێکی پۆڵاینە لەبەردەم هێرشی ڕەشەکوژی داعشەکاندا**

سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە چووەو لە ڕووی فریاکەوتنی ئاوارەو لێقەوماوەکانیشەوە ڕۆڵی گەنج دیار و لەبەرچاوە. هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێموایە دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر خەڵکی سیڤیلی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی گەنجان دەبێت دیراسەو توێژینەوەی نوێ بۆ ئینتمای گەنج بکرێت و لەلایەن ناوەندەکانیشەوە ئاوڕێکی جددی لەخواست و ویستەکانی گەنج بدرێتەوە.

● **ڕێکخستن و پەرەپێدانی توانای لاوان**

لایەنێکی دیکەی گرنگ چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ توانا و لێهاتوویی لاوان و چۆنیەتی پەرەپێدانی ئەم توانایانە بۆ خزمەتی کوردستان، سەبارەت بەسوود وەرگرتن لەتواناو هێزی گەنجان، ئەحمەد ئەسکەندەر سکرتێری گشتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان وتی: ڕێکخستن و پەرەپێدانی تواناکانی گەنج پێویستی بەوە هەیە زیاتر بخرێنە مەیدانی کارکردن، لەم پێناوەشدا بواریان بۆ بڕەخسێت، تاوەکو لەچوارچێوەی ئەرك و مافدا گەنج بکرێتە ئەو کاراکتەرەی کە کۆمەڵگەی کوردستان پێویستێتی، چونکە ئەگەر خوانەخواستە لەم کۆمەڵگەیەدا بڕبڕە پشتی کارەکان گەنج نەبێت و تواناکانی لە شتێکی دامەزراوەیی و ڕێکوپێکدا خەرج نەکرێت، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو دابڕان و داخراوەیی و پاشەکشەکردن دەچێت. من هەرگیز لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبووم کە پارتە سیاسییەکان هۆکارێك بن بۆ پەرتەوازەبوونی گەنج، بەپێچەوانەوە هەروەکو چۆن لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دەیبینین حزب بووەتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەی پێ بەرز بکرێتەوە، هەربۆیە کاتی ئەوە هاتووە حزبایەتی نەبێتە هۆکارێك بۆ لاوازیی ئینتمای گەنجان، بەتایبەتی لەکاتی ئێستادا کە هێرشی داعش بۆ سەرکوردستان لە دژی هەموو تاکێکی کوردستانییە و خاڵە هاوبەشەکانی گەنجیش زۆر لە جیاوازییەکان زیاترە. ئەمڕۆ ئەو بارودۆخەی هاتۆتە پێشەوەو هەڕەشە بووە لەسەر کوردستان و بەرژەوەندی گشتی وایکردووە سەرەڕای جیاوازییە حزبییەکان یەکڕیزی لەناو کۆمەڵگە دروست بێت و هاوبەشیەکی زۆر لەلای گەنجان لە سەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی لێکەوتۆتەوە، کە هۆکارێکە بۆ بەهێزبوون و ڕێکخستنی تواناکانیان و گەنجێکی زۆر لە شار و شارۆچکەو گوندەکان ڕوویان لە بەرەکانی جەنگ کردووە، بگرە ژمارەیەکی زۆریان قوتابین کە ئەمەش وایکرد تاقیکردنەوەکانی دەوری دووەم دوابخرێت.

## ● چەندین گەنجی خۆبەخش روویان لەبەرەکانی شەڕکردووە

هەر سەبارەت بەم پرسە کارزان عەزیز گەردی ئەندامی ژووری هەڵبژاردن و چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی و گەنجان لە بزووتنەوەی گۆڕان وتی: هەستی نیشتمانپەروەری و ئینتما بۆ خاك و نەتەوە لەلای گەنجانی کوردستان بەرزەو قوربانی و شەهیدەکانی رابردووش شاهیدی ئەم حاڵەتەن، بەڵام لە دوای راپەڕینی بەهاری ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، گەنجانی ئێمە بە پرۆسەیەکی قورسی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی و نادادپەوەریی و ململانێی حزبایەتی تێپەڕیون. لەگەڵ بوونی ئەم حاڵەتە و دڵگرانی و نارەزایەتییەی گەنجیشدا، بەڵام گەنجان بە رۆڵی نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆیان هەڵسان و ئەمرۆ لە پێشەوەی سەنگەرەکانی شەڕ بەرگری لە هاووڵاتیان دەکەن و چەندین گەنجی خۆبەخش روویان لەبەرەکانی شەڕکردووە و لەم پێناوەشدا شەهید و قوربانییان هەیە.

## ● کەمپێك نییە سەدان گەنج کاری تێیدا نەکەن

کامەران سەلیم رەشید لە رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان سەبارەت بە بەشداریکردنی گەنج لە بەرگریکردن لەخاکی کوردستان و ئامادەیی گەنج بۆ گیانفیدایی و قوربانیدان، وتی: گەنجەکانی کوردستان جیا لە هەموو گەنجەکانی وڵاتانی جیهان زیاتر قوربانی و گیانفیداییان تێدابووە و لە قۆناغە مێژووییەکانی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان دەیان پاڵەوانێتی و نەبەردییان تۆمار کردووە، ئەمرۆش لەگەڵ ئەو هێرشە درندەیی و کۆمەڵکوژییەی دەرهەق بەگەلی کوردستان کرا، بەجیاوازی ئایدیۆلۆژیا و بۆچوون و ئەندامێتی پارتە سیاسییەکانەوە گەنج راپەڕین و روویان لە بەرەکانی جەنگ کرد، لە رووی یارمەتیدان و فریاکەوتنی ئاوارەکانیشەوە ئەمرۆ کەمپێك نییە تێیدا سەدان گەنج کار نەکەن کە زۆربەیان خۆبەخشانە روویان لە شوێنەکانی کۆکردنەوەی کۆمەك و هاوکاری کردووە، خۆبەخشەکانی پێشمەرگەو کەمپەکانی ئاوارە شاهیدی ئەو راستییەن کە گەنجی کورد خاوەنی چ ئینتما و هەڵوێستێکی نیشتمانییە کە دەبێت سوودی لێوەربگیرێت و پاڵپشتییان بکرێت و چی دیکە حەز و ئاوات و داواکارییەکانیان پشتگوێ نەخرێت. هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەنج لەناو فەیسبووك و تویتەر و کەناڵەکانی دیکەی راگەیاندنەوە هەڵوێستێکە لەناخی دڵیەوە هەڵقوڵاوەو دیوارێکی پۆڵایینە لە بەردەم هێرشی رەشەکوژی داعشەکان، زۆربەی ئەوانەی لە خۆپیشاندانەکانی وڵاتانی ئەوروپاو جیهان بەشداربوون، گەنجەکانی کوردستان بوون لە هەندەران، تەنانەت ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەکانمان کە لەپێناو خاك و نەتەوەکەیاندا شەهید بوون، لەتوێژی گەنج و لاوانن، بێگومان لە بەرامبەریشدا گەنجانێك هەبوون کە ئەو رۆڵەیان نەگێڕاوە، یان بەپێچەوانەوە هەڵوێستەکانیان سلبی بووە، یا لەهەندێك وڵات کوردستانییەکان بەو شێوە کاریگەر و فراوانە بەشداری ئەو خۆپیشاندانەیان نەکرد کە بۆ ریسواکردنی رەشەکوژی کوردە ئێزیدیەکان رێکخرا، بەڵام ئەمەش بۆ لایەنە پێوەندیدارەکانی هەندەران و نوێنەرایەتی کورد لەو وڵاتانە دەگێڕمەوە، هەرچۆنێك بێت پێویستە رێکخراوەکانی پێوەندیدار بە توێژی گەنجان و لاوان کۆ ببنەوە و چالاکی و هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێت.

## ● داعشەکان دەیانەوێت گەنج ئومێدی بە دوارۆژی نەمێنێ

کۆچەر بەختیار سکرتێری گشتی قوتابیانی کوردستان راوبۆچوونێکی جیاوازی هەبوو، ئەو دەڵێت: دەکرا رۆڵی گەنج لەم بارودۆخەدا زۆر زیاتر بووایە، بەڵام کاڵبوونەوەی یەکرێزی گەنج و لاوازی حزبە سیاسییەکان لە وەبەرهێنانی توانای گەنج و تا رادەیەك گرنگینەدانی حکومەت بە خواست و ویستەکانی گەنجان زیانی بە یەکهەڵوێستی و بەهێزکردنی کاروچالاکییەکانی توێژەی گەنجان و لاوان گەیاندووە، گەرچی ئەمە رێگر نەبوو لەبەردەم هەڵوێستی جوامێرانەی گەنج و لاو چ لە بەرەکانی جەنگدا، چ لە یارمەتیدانی لێقەوماوەکان و کارکردن لە کایە جیاجیاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بە یەکرێزی و یەکهەڵوێستی تەنیا بیر لە بەرگریکردن لە کوردستان و بەدیهێنانی دەوڵەتی کوردی دەکەنەوە، راگەیاندنیش دەبێت بە ئەرکی نیشتمانی خۆی هەڵسێت و چیتر ئەوەندە جیاوازییەکان و رووداوەکانی رابردوو یان ئەو کەموکوڕی و کەمتەرخەمییانەی بەرامبەر ویست و خواستەکانی گەنج کراوە، نەورووژێنن، خۆشبەختانە گەنج و لاوی کوردستان دەرکەوت کە بەرژەوەندی باڵاو خاك و نەتەوەکەی لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە داناوە و بەهەموو توانایەوە لە دژی ئەنفالێکی تر وەستاون. ئەمرۆ گەنج ئەو راستییە دەزانێت، کە گەر خاکی نەبێت، ئازادی و دیموکراسی و بەدیهێنانی خواست و ویستەکانی هیچ واتایەك ناگەیەنێت، واتا داعشەکان دەیانەوێت خەونی گەنج بکوژن و ئومێدی بە دوارۆژ نەهێڵن، هەر بۆیە بەیەك دەنگ و یەك هەڵوێست لە زۆربەی بەرەکانی جەنگەوە گەنجانی خۆبەخش و پێشمەرگەکان کە زۆربەیان لەتوێژی لاوانن، رووبەڕووی تیرۆرستان بوونەوە.